# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 497 چوارشەممە 24/ 6/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.497 Wed 24/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەرێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :

٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠

٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەرێز


## ژمارەیەک پەرلەمانتار: داوادەکەین هاوڕێیانمان بایکۆتی پەرلەمان بکەن

# لیستی گۆڕان: ئیعتراف بە هیچ بڕیارو یاسایەک ناکەین کە لە دوای (٢٠٠٩/٦/٤)ەوە لەلایەن پارلەمانەوە دەرچووبێت یان دەربچێت

رۆژنامە

هەردوو لیستی گۆڕان‌و ژمارەیەک پەرلەمانتار لە دوو بڵاوکراوەی جیادا نارازیی بوونی خۆیان بۆ تێپەڕاندنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستانەوە دەربڕی‌و رایانگەیاند «ئیعتراف بەهیچ بڕیارو یاسایەک ناکەن کە لەدوای (٢٠٠٩/٦/٤)ەوە لە پەرلەمان دەرچووبێت یان دەربچێت، چونکە ئەو پەرلەمانە وادەی یاسایی خۆی لەو بەروارە بەدواوە، لەدەستداوە».

لیستی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بەڕوونی بۆ رای گشتی کوردستانی رادەگەیەنین کە ئیعتراف بە هیچ بڕیارو یاسایەک ناکەین کە لە دوای (٢٠٠٩/٦/٤)ەوە لەلایەن پارلەمانەوە دەرچووبێت یان دەربچێت، چونکە شەرعیەتی خولی دووەمی پارلەمان لەدوای(٢٠٠٩/٦/٤)ەوە بەتاڵبووەتەوە. ئەڵبەتە هەر بڕیارێکیش لەسەر بەتاڵ بنیات نرابێت بڕیارێکی بەتاڵەو مولزیم نییە.

لیستی گۆڕان رایدەگەیەنێت «کە تەنها پابەندە بەو یاسایانەی پارلەمانەوە کە لە پێش (٢٠٠٩/٦/٤)ەوە دەرچوون، جگە لەو بڕیارەی پارلەمان کە بۆ درێژکردنەوەی وادەی خۆی دەریکردووە، چونکە تەنها گەل ئەو مافەی هەیە تەمەنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن درێژبکاتەوە نەک ئەنجومەنەکان خۆیان لای خۆیانەوە.

هەروەها ئەوەشی راگەیاندووە کە: سەپاندنی ئیرادەی دەسەڵاتداران بەسەر هاوڵاتیاندا زەوتکردنی ئیرادەی گەلە، ئەو گەلەی کە خاوەنی مافی متمانە بەخشینە بە دەسەڵاتداران‌و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی دەوریی، نەک بۆ ماوەیەکی کراوەو تا هەتایی.

هاوکات ژمارەیەک پەرلەمانتار لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیانیان لە پەرلەمان بڵاوییانکردەوە: ئەو هەوڵەی ئێستا لە گەڕدایە بۆ تێپەڕاندنی دەستوری هەرێمی کوردستان زۆر بێباکانە لەم پرسە ترسناکە دەڕوانێت‌و لەوەش ترسناکتر دەیەوێت ئێمەی ئەندامانی پارلەمان بخاتە ژێر باری ئەو بەرپرسیارێتیە قورسە، دەیەوێت ناچارمان بکات بە بەڵا، لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا، زۆر بە پەلەپروزکێ بیخوێنینەوەو بڕیاری لەسەر بدەین. بۆیە ئێمە بڕوامان وایە ئەو هەوڵە خوانەکردە گەر سەربگرێت وەک خاڵێکی رەش لە مێژووی ئەم خولەی ئێستای پارلەماندا تۆمار دەکرێت.

لە نامەکەدا هاتووە» ئێمە لە کاتێکدا ناچینە ژێر باری ئەو بەرپرسیارێتییە ترسناکەو بایکۆتی خۆمان لەو بارەیەوە رادەگەیەنێن، بڕیار دەدەین بەشداریی دانیشتنەکانی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٤ی پارلەمان نەکەین.

لە نامەکەدا بە پەرلەمانتارانی دیکەش دەڵێن «هەڵوێستێکی هاوشێوە بنوێنن ویژدانی خۆتان سوک بکەن‌و کارێک نەکەن کە تا ماون ناختان ئازار بداتو بەرپرسیارتان بکات بەرامبەر بە مێژوو و نەوەکانی داهاتوی گەلەکەمان. وەک خۆشتان ئاگادارن هەڵمەتێکی نارەزایی گەورە لەلایەن رۆژنامەکان‌و رۆشنبیران‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئارادایە بۆ رەتکردنەوەی ئەو هەوڵە. دڵنیابن ئێمە زۆر دڵسۆزانە ئەم داوایە پێشکەش بە ئێوەی رێزدار دەکەین‌و چاوەڕێین ئێوەی هاوڕێش لەئاست ناسکی‌و هەستیاریی قۆناغەکەدا بن».

ئەمەش ناوی ئەو پەرلەمانتارانەیە کە بایکۆتی پەرلەمانیان کردووە «عوسمان بانی مارانی، محەمەد رەفعەت عەبدولڕەحمان، کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا، گێلاس محێدین، ئەرسەلان غەفور، سارا فەقێ خدر، دکتۆر رەمەزان».

ل٤

## بێ بەشداریی نیوەی خەڵکی کوردستان دەستوور تێدەپەڕێنرێت

ل٢

## دەستوور کاری رۆژنامەگەری سنورداردەکاتەوە

## پارتی‌و یەکێتی وتەبێژی لیستەکەشیان دابەشکرد

شارا عەبدولڕەحمان

لیستی کوردستانی دوو وتەبێژی یەکێتی‌و پارتی بۆ لیستەکەی دیاریکرد، کە بریتین لە هەریەک لە سۆزان شەهاب (یەکێتی)و فازڵ عومەر (پارتی)، بەهۆیەشەوە لەناو یەک لیستی «یەکگرتووی» یەکێتی‌و پارتیدا دوو وتەبێژ هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە سەرجەم لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن تەنیا یەک وتەبێژیان بۆ لیستەکانیان دیاریکردووە.

سۆزان شەهاب یەکێک لە وتەبێژەکانی لیستی کوردستانی لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆ پاراستنی جێندەر لە لیستەکەدا وتەبێژی ژنیش‌و پیاویش دانراوە، ناکرێت وتەبێژێکی پیاو هەبێت، بەڵام وتەبێژی ژن نەبێت، دوای ئەوە دانانی ٢ وتەبێژ بۆ لیستێک شتێکی زۆر ئاساییەو «لە دنیاشدا حاڵەتی لەوجۆرە هەبووە».

## شەهرستانی پەرلەمانتارانی کوردی بێدەنگ کرد

ل٢


**مژدە .. مژدە ... هەلێکی گرنگ لەکۆمپانیای بەرێزەوە**

پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق

کۆمپانیای بەرێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا. بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی. پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنێ.

پرۆژەی دڵی شار 350 یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەرێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.

خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە. جگە لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاوچەرخ و خوێندنگە 25٪ ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

لە 2009/7/1 ناونوسین دەست پێدەکات دەتوانی ڕاستەوخۆ سەردانی کۆمپانیا بکەیت لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتون مۆڵ.

# بۆ رۆژنامە ئەهلییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆنەبوونەوە؟

دلێر عەبدولخالق

سەرنووسەری رۆژنامەو هەفتەنامەکانی ئاوێنە، هاوڵاتی، رۆژنامەو گۆڤاری لڤین بایکۆتی کۆبوونەوەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمیان کرد، کە دوێنێ لەگەڵ سەرنووسەرو بەڕێوەبەرەکانی دەزگاکانی راگەیاندندا رێکخرا. بەشدارینەکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەش «هەڵوێستە» لە بەرامبەر پەلەپڕوزێو پەلە پەلکردن لە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم.

رۆژی (٦/٢٢) لە دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (ماوەبەسەرچوو)، بە بێ ئامادەبوونی (٤٥) پەرلەمانتار بڕیاردرا لە رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستاندا کە دەکەوێتە (٢٥)ی تەمموز دەنگدانی نهێنی سەرتاسەریو راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم ئەنجامبدرێت، ئەم بڕیارەی پەرلەمان دوای نادیدە گرتنی ئەو شەپۆلە نارەزاییە دێت، کە لە زۆربەی ناوەندە رۆشنبیرییو ئەکادیمیو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان کراوە، لە بەرامبەر «پەلەکردن لە پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم». هاوکاتیش بەپێی بۆچوونی زۆربەی شارەزاو پسپۆڕانی یاسای دەستووریش بە زۆربەی پێودانگەکان کاتی یاسایی پەرلەمان تەواو بووەو شەرعیەتی بڕیارەکانی لە ژێر پرسیاردایە.

لەو چوارچێوەیەدا سەرنووسەری چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی ئەهلیو سەربەخۆ وەک هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر سەرۆکی هەرێمو دوو حیزبی دەسەڵاتدار، بایکۆتی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێمیان کرد، کە دوێنی بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەکانی کوردستان سازکرابوو.

هەر دوێنێش هەفتەنامەکانی ئاوێنەو هاوڵاتیو گۆڤاری لڤین لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بەوە کرد «لەگەڵ ئەوەی لە کێبڕکێی حیزبو گروپە جیاوازەکان بێلایەنن، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەبەرامبەر پرسێکی چارەنووسسازی وەک دەستووردا، بێلایەن نینو نابنو هەموومان بەیەکەوە دەڵێین: دەستوورێکمان ناوێت کە پەرلەمانی بەسەرچوو، بە سووربوونی سەرۆکی هەرێمو پارتیو یەکێتیو بە چاوپۆشیکردنی چوار حیزبەکە بەو شێوە پڕ لە گومانە بڕیاری لەسەر بدرێت».

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە بە رۆژنامەی راگەیاند: هۆکاری نەچوونمان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێستا هەوڵێکی بەهێز لە ئارادایە بۆ پەلەکردن لە پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم بەبێ ئەوەی رێگە بدەن ئەو دەستوورە بە سروشتی خۆی لەدایک بێت. وتیشی: «پارتیو یەکێتیو بارزانی سەرۆکی هەرێم پێ لەسەر ئەوە دادەگرن ئەو دەستوورە لەم کاتەدا پەسەند بکرێتو راپرسی بۆ بکرێت لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، بێئەوەی حساب بۆ ئەو هەموو نارەزاییەی رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن».

شوان ئاماژەی بەوەشکرد، زۆرجار چاوپۆشیان لە هەندێک کاری پەرلەمان کردووە، کە «هیچ لە خزمەت بەرژەوەندی خەڵک نەبووە، بەڵام مەسەلەی دەستوور بنەڕەتیو سەرەکییەکە ناکرێت بێئەوەی لە خزمەتی خەڵکدا بێت پەسەند بکرێتو ئێمەش پێی رازیبین».

سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتیش کە ئامادە نەبووە بەشداری لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێمدا بکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «تێپەڕاندنی دەستوور لە قازانجو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندی کەسێکو پارتێکی دیاریکراوە»، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەستوور بۆ هەموو خەڵکەو پەیوەندی بە ژیانی هەموومانەوە هەیە.

کەمال رەئوف پێیوایە: ئەو گوشارەی هەیە بەرامبەر لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی نەبنە لەمپەر لەبەردەم تێپەڕاندنی دەستوور «کارێکی نایاسایییە بۆ پەسەندکردنی دەستوورێکی نادیموکراتی کە لە قازانجی خەڵکی کوردستاندانییە» وتی: تێپەڕاندنی دەستوور لە کاتێکدایە کە «پەرلەمان شەرعیەتی لەژێر پرسیاردایە، هەروەک ئەو پەسەندکردنە لەبری ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵک بێت، لە بەرژەوەندی کەسێکو حیزبێکی دیاریکراوە، ئەمەش هەوڵێکە لەگەڵ سیستمی دیموکراسی نایەتەوە».

بەشێکی دیکە لەو رۆژنامەنووسانەی بەشداری کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێمیان نەکردووە، پێیانوایە، دانیشتن لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی هەرێم «هیچ سوودێکی نییە»، جگە لە چەند قسەیەکی گشتی، هەروەک پێشیانوایە ئەوەی ئێستا بەرامبەر دەستووری هەرێم دەکرێت، جگە لە کودەتایەک بەرامبەر دیموکراسی هیچی دیکە نییە.

عەدنان عوسمان، سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژنامە دەڵێت: «پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو، کە هەر لەسەرەتاوە بەمردوویی لە دایکبووە، لە ساتە ناقانوونیەکانی خۆیداو لەژێر فشاری سەرکردایەتی دوو حیزبی دەسەڵاتدار بڕیاری راپرسی لەسەر دەستوور دەرکردووە، ئەمەش کارێکی نایاسایییە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان». وتیشی: «بەشدارینەکردنم لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم، وەک نارەزاییەک بووە بەرامبەر هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێم لە مەڕ مەسەلەی دەستوور، چونکە «بڕوام وایە هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی ئەم هەرێمە دژ بەم کارە نایاسایییە دەوەستنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا جگە لە کودەتایەک بەرامبەر بەهاکانی دیموکراسی هیچی دیکە نییە».

بە بڕوای کەمال رەئوف سەرنووسەری هاوڵاتی ئەم پەلەکردنە لە پەسەندکردنی دەستوورو بڕیاری خستنەراپرسیەوەلەگەڵهەڵبژاردنەکانی کوردستان، «سەرەتایەکە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێکی رەها لە کوردستانو بە یاساییکردنی گەندەڵیو دیکتاتۆرییەت، کە هەرگیز ئەمە لە سەکۆی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا روو نادات».


مەسعود بارزانی

## سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی:

# داراییمان لاوازەو ناتوانین وەک پێویست بەشداری لە بانگەشەدا بکەین

دلێر عەبدولخالق


د.عەبدولمسەوەر بارزانی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی، رەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرێت کە هاوکاری مادی ئەو لیستانەی نەکردووە کە سەرچاوەی داراییان لاوازەو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو لیستانە نەتوانن لە رووی بانگەشەی راگەیاندنەوە کێبڕکێ لەگەڵ لیستەکانی دیکە بکەن.

لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان، کە بە ژمارە (٥٦) بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەکاتو (١٤) پاڵێوراویان هەیە، بەهۆی لاوازیی سەرچاوەی داراییەوە ناتوانن وەک لیستەکانی دیکە بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بکەن، کە لە (٦/٢٢) بۆ (٧/٢٣) دەخایەنێت.

سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی مادی، لیستەکەیان ناتوانێت لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا بکاتو وتی: «ئەوەی ئێمە لە بەرنامەماندایە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن چەند کارێکی سنووردارە، لەوانە دابەشکردنی (٣٠٠٠) کۆپی لە بەرنامەی لیستەکەیان بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو دروستکردنی ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنیش بۆ بانگەشەی لیستەکەو بڕیاریشە لە رێی رادیۆی نەواوە بۆ ماوەیەک ریکلام بۆ لیستەکە بکرێت».

سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا، حکومەت بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن هەر لیستێک بەپێی قەبارەی خۆیان پشتیوانی مادیان دەکات بۆ بەشداریکردن لەو پرۆسەیەدا، بەڵام لە کوردستان حکومەت بیری لەو جۆرە کارە نەکردووەتەوەو «حیزبە گەورەکان کە پارەیەکی زۆریان لە بەردەستدایە پێیانخۆشە لیستەکانی دیکە هیچیان نەبێت».

وتیشی: «لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بودجەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەمووی بۆ حیزبە گەورەکانە، تەنانەت حیزب هەیە بە ئەندازەی دەوڵەتێک بودجەی لە بەردەستەو بۆ خۆی قۆرغیکردووە، ئەمەش وادەکات هیچ چانسێک بۆ کێبڕکێی لیستەکانی دیکە بەرامبەر ئەو حیزبە گەورانە نەبێت».


عەبدولمسەوەر بارزانی

# رێکخراوەکانی گەرمیان لەپەرلەمان ناڕازین

بەهادین یوسف

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەرمیان لە یاداشتێکدا نارەزایی خۆیان بەرامبەر پشتگوێخستنی داخوازییەکانیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەبڕنو وتەبێژی رێکخراوەکانیش ئاماژە بەوە دەکات، لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی داواکانیان «سڵناکەینەوە لە گرتنەبەری هەر رێگەیەکی فشاری شارستانیانە».

لە یاداشانامەیەکدا کە (٤١) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی سنووری گەرمیان بەرامبەر پشتگوێخستنی داواکانیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڵاویانکردووەتەوەو وێنەیەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە، نیگەرانن لەوەی سەرەرای هەموو هەوڵەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەرلەمانتارانی گەرمیانو ئیدارەو حیزبە سیاسییەکانو چینو توێژە جیاجیاکانی خەڵکی ناوچەکە، بۆ رەچاوکردنی تایبەتمەندی گەرمیان لە بڕیارێکی پەرلەمان یان بەندێکی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانداو پێشکەشکردنی پرۆژە بڕیارێک بە ئیمزای زیاد لەپێویستی پەرلەمانتارانەوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، خستنەرووی دەیان جاری کێشەکە لە چەندین کۆبوونەوەدا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانو لیژنەی یاساییدا، هاوکات ئەنجامدانی چەند کەمپەینو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەو پێشکەشکردنی دەیان یاداشتو بەڕێوەبردنی جۆرەها فشاری مەدەنی بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام «بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان لە دوایدا ئەم داخوازیەی گەرمیانییەکانی تائێستا فەرامۆشکردووەو ئاوڕی پێویستی لە مەینەتیو کاولکاری گەرمیانییەکان نەداوەتەوە».

لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن، گەرمیان کە بە بڕیارێکی حکومەتی هەرێم دەبێت مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ بکرێت، «بەداخەوە ئەم بڕیارەش دوای ساڵێک لە دەرچوونی وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە»، ئەم دەڤەرەش کە رووبەرەکەی هێندەی زۆر وڵاتی کەنداوەو ژمارەی دانیشتووانەکەشی نزیکەی (٤٥٠٠٠٠) کەسەو لە (٣) قەزاو (١٨) ناحیەو زیاتر لە (١٠٠٠) گوند پێکدێت، کە تەنیا ژمارەی دانیشتووانی قەزای کەلاری مەڵبەندی ئەم ئیدارەیە (٢٢٦٠٠٠) کەسە».

بێستوون ژاڵەیی، وتەبێژی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سنووری گەرمیان، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد، جگە لەو یاداشتو هەوڵانە دوو کەمپەینی دیکە هەیە بۆ کردنەوەی زانکۆیەک لە گەرمیانو بە دووسایدکردنی رێگای کەلار-سلێمانی، کە لە کۆبوونەوەی مام جەلال لەگەڵ مەڵبەندەکانی کەلارو خانەقین بەڵێنی دابوو، وتیشی: «لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانو حیزبە سیاسییەکانو ئیدارەی گەرمیان هەماهەنگیمان هەیە، پێشتریش پەرلەمانتارانی گەرمیان پرۆژە بڕیارێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کە ئیدارەی گەرمیان وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە رووی دەسەڵاتو بودجەوە تا ئەوکاتەی مادەی ١٤٠ جێبەجێدەکرێت، «بە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەشمان وتووە، ئەو بەڵێنانە گەمەیەکی مەترسیدارە ئەگەر وەک بەڵێنی هەڵبژاردن بە خەڵک درابێتو جێبەجێنەکرێن».

ئاماژەی بەوەشکرد، تائێستا ئەوەی بە ئێمە وتراوە ئەوەیە، کە پەرلەمان لەم ماوەیەی کە ماوە، بڕیارێک دەردەکات کە ئیدارەی گەرمیان وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرنا «سڵناکەینەوە لە گرتنەبەری هەر رێگەیەکی فشاری شارستانیانە».

لە کۆتایی یاداشتەکەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ژمارەیان (٤١) رێکخراوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن بە سەرووەری دەرچوواندنی بڕیارێک بە رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی گەرمیانو بودجەو دەسەڵات پێدانی، کۆتایی بە تەمەنی خۆی بێنێت، بە پێچەوانەوە «مێژوو رەحم بە کەس ناکاتو ئەنجامەکانی هەر کاردانەوەیەکی توندی گەرمیانیەکانیش لە بەرامبەر ئەم حیساب بۆنەکردنەدا کەس ناتوانێت لە ئەستۆی بگرێت».

# یەکگرتوو و کۆمەڵ پەشیمان بوونەوە

فەلاح نەجم
ئیبراهیم علی

یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاریاندابوو دەنگ بە پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان نەدەن و لەگەڵ ئەوە نەبوون لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەنگ لەسەر پەسەندکردنی دەستووری هەرێم بدرێت، بەڵام سازشیان کردو بڕیاریاندا کە دەنگ بدەن بۆ پەسەندکردنی دەستوورەکە.

هەرچەندە زیاتر لە ٤٠ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیەی ٦/٢٢ نەبوون، کە تێیدا پەرلەمان بڕیاریدا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ڕاپرسی لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بکرێت، بەشێکی ئەو ئەندام پەرلەمانانە ئامادەنەبوون سەر بە کۆمەڵ و یەکگرتوو بوون بە پاساوی جێبەجێکردنی داواکانیان ئەو دوو حیزبە پەشیمان بوونەتەوە لەوەی کە دژی پەسەندکردنی دەستووری هەرێم بن.

هادی عەلی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لە چاوپێکەوتنێکی پێشتریدا لەگەڵ ڕۆژنامە ڕایگەیاند «ئەگەر لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا داواکارییەکانیشمان جێبەجێبکرێت، ئەوا لەگەڵ ئەوە نین ئەو دەستووره بەوشێوەیە تێپەڕبێت، چونکە هەرشتێک بەو خێراییە بکرێت کۆمەڵێک کەموکوڕیی تێدەکەوێت».

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی بۆچوونی بەرامبەر دەستووری هەرێم گۆڕاوەو ئێستا لەگەڵ ئەوەن لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەنگ بۆ پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بدرێت.

خەلیل ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «چەندینجار یاداشتنامەمان نووسیوەو ئەو داواکارییانەی کە ئێستا خراوەتە نێو دەستوور دەمێکە ئەو داوایانەمان هەیەو ڕاشکاوانە وتوومانە ئەگەر ئەو داوایانەمان قەبوڵ نەکرێت، ئەوا دژی دەستوور دەوەستینەوە، بەڵام ئەگەر داواکانمان جێبەجێ بکرێت ئەوا پشتگیری لە دەستوور دەکەین».

بە بڕوای خەلیل ئیبراهیم، دەستوور شتی باشی تێدایەو دەڵێت «لە وڵاتێکی وەکو ئێمە کە فرە نەتەوەیە، ئەم دەستوورە شتێکی باشە ڕەنگە هەمووی بە دڵی هەموو خەڵک نەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شتی باشی تێدایە».

خەلیل وتیشی: «ئێمە وەک ئیسلامییەکان تێبینیمان هەبوو لەسەر مادەی دوو، کە پێویستە سنووری جوگرافی هەرێم دیاری بکرێت و سنوورە سیاسییەکەش بهێڵدرێتەوە تا کاتی جێبەجێبوونی مادەی ١٤٠، هەروەها ئێمە تێبینیمان هەبوو لەسەر مادەی شەش، کە تایبەتە بە پێگەی ئیسلام و دەمانەوێت بەهەر نرخێک بێت نابێت کەمتربێت لەو مادەیەی کە لە مادەی دووی دەستووری عێراق هاتووەو ناکرێت هیچ یاسایەک بە پێچەوانەی شەریعەت دەربکرێت و شەریعەت دەبێتە سەرچاوەی یاساکانی هەرێم.

گۆڕانکاری ئەو دوو پارتە پاش ئەوە هات نوێنەرانی چوار حیزبە کوردستانییەکە سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیانکرد لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، لەو هەڵوێستەیان پاشگەزبوونەوە کە ڕایانگەیاندبوو لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری هەرێمدا نین.

محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو تێبینیانەی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان هەمانبوو لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا جێبەجێکراوە، کەوایە لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامی دەنگ بە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم دەدەن».

هەروەها محەمەد حەکیم وتیشی «پارتی و یەکێتی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانن، سەرۆکی هەرێم بەئاشکرا پێیوتین دەبێت لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەنگیش بۆ پەسەندکردنی دەستووری هەرێم بدرێت، ئێمە لەگەڵی بین یان نەبین پارتی و یەکێتی هەر لەو ڕۆژەدا دەنگی بۆ دەدەن».



## هادی عەلی:

ئەگەر لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا داواکارییەکانیشمان جێبەجێبکرێت ئەوا لەگەڵ ئەوە نین ئەو دەستورە بەوشێوەیە تێپەڕبێت، چونکە هەرشتێک بەو خێراییە بکرێت کۆمەڵێک کەموکوڕیی تێدەکەوێت



## محەمەد حەکیم:

سەرۆکی هەرێم بەئاشکرا پێیوتین دەبێت لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەنگیش بۆ پەسەندکردنی دەستوری هەرێم بدرێت، ئێمە لەگەڵی بین یان نەبین پارتی و یەکێتی هەر لەو ڕۆژەدا دەنگی بۆ دەدەن

### لەوەڵامی پەرلەمانتارێکی کورددا

# شەهرستانی: بۆ گرێبەستەکانی هەرێم ناهێنرێتە بەردەم پەرلەمانەکەتان؟



هەستیار قادر

لە وەڵامی پەرلەمانتارێکی کورددا سەبارەت بە ئاشکراکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق بۆ پەرلەمان وەزیری نەوت وتی: «بۆ ئەو هەنگاوە لەلای خۆتان جێبەجێ ناکەن و پەرلەمانی کوردستان لە گرێبەستە نەوتییەکانتان ئاگادار بکەنەوە».

لە دانیشتنی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە تایبەتکرابوو بە میوانداری حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت، پەرلەمانتار د.عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پرسیاری ئەوەی لە وەزیری نەوت کرد کە بۆ گرێبەستە نەوتییەکانی وەزارەتەکەی ناهێنێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران؟ شەهرستانیش لە وەڵامدا پێیوت «ئەی بۆ لە هەرێمی کوردستان ئەو کارە ناکەن و گرێبەستە نەوتییەکان ناهێنرێتە بەدەرم پەرلەمانی کوردستان کە تەنیا چەند کەسێک لە حکومەتدا دەیزانن؟».

د.بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو زانیاریانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «وەڵامەکەی شەهرستانی تاهێندێک وەڵامێکی سیاسی بووەو بەسیاسەتکردنی نەوتیش کارێکی باش نییە».

# کاری ڕۆژنامەگەریی سنووردار کرایەوە

فەلاح نەجم

لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا کاری ڕۆژنامەگەریی سنووردار کراوەتەوە، چەندین کۆت و پێوەند دانراوە کە نابێت هیچ ڕۆژنامەنووسێک لێیان لابدات، بەبڕوای پسپۆڕێکی یاسای ڕاگەیاندنیش: «ئەو بڕگەیە بڕیارێکی سیاسییەو دەبێت هەموار بکرێتەوە».

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کورددستان ٢٢ی ئەم مانگە لە سایتەکانەوە بڵاو کرایەوەو بەهۆی پەلەکردن تێیدا کۆمەڵێک کەموکوڕیی پێوە دیارە، هەرچەندە لە کاتی پەسەندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨-دا ڕۆژنامەنووسانی تووڕەکرد، بەگشتی ناڕەزاییان دەربڕی، چونکە کاری ڕۆژنامەگەریی تەواو سنووردار کردبوو، بەڵام جارێکی دیکە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا ئەو کۆت و پێوەندانە دانراونەتەوە کە لە بڕگەی (١٠)ی مادەی (١٩)دا هاتووە (هەموو کەس مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیەو پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین و فرە لایەنیان مسۆگەر بکرێت، بەڵام ئەم مافە توانج و تەشەرەو دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکەو سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینییەکان و هاندان بۆ توندوتیژیی و برەو پێدانی ڕق و کینە لە نێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە».

بەبڕوای د.سامان فەوزی پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی ئەو بڕگەیەی دەستووری هەرێم باسی کاری ڕۆژنامەگەریی دەکات «کەموکوڕیی زۆری هەیەو کاڵ و کرچەو نیشانەی ئەوەیە، کە ئەو تێبینیانەی لەسەر یاسا کۆنەکە بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور نێردراوە بەڵام سودیان لێوەرنەگرتووەو کاریان بە ئەو ئاراستە کردووە کە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسان نییە».

لەو بڕگە دەستوورییەدا کە چەند زاراوەیەک هاتووە وەک (توانج، تەشەر، دەستدرێژیی، سوکایەتی بە ئایینەکان، هاندان بۆ توندوتیژیی..) ئەمانە سنوورێکی تەواوە کە دانراون بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی و دەسەڵات دەتوانێت ئەو کۆت و بەندانە لەبەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت لە دادگاکاندا.

ئەو پسۆڕەی یاسای ڕاگەیاندن ئەوەشی وت: «ناوهێنانی ئەو کۆت و بەندانە لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کەموکوڕییەکی گەورەیە، چونکە لە دەستووردا تەنیا قانوونە گشتییەکان دیاریدەکرێت و دەبوو لە بری ئەو کۆت و پێوەندە وەک وڵاتە دیموکراسییەکان باس لەگرنگی ڕاگەیاندنەکان بکرایە وەک دەسەڵاتی چوارەم».

هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستاندا ماوەتەوە، بەڵام بە بڕیارێکی سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەماندا زیندووکرایەوە، کە ئەمەش چەندین چین و توێژی کوردستانی تووڕە کرد.

توانا عوسمان، ڕۆژنامەنووس وتی: «بەداخەوە ئەو چاوەڕوانییەی لە دەستووری هەرێممان دەکرد بەپێچەوانەوەبوو، چونکە ئەو یاسایە نەفەسێکی زۆر کۆنەخوازانەیەو بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی، کردنەوەی دەرگای چەندین تەفسیری بەرژەوەندیخوازانەیە بۆ ئەو بابەت و نووسینانەی لە میدیا کوردییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، کە دەسەڵات بە پێی بەرژەوەندی خۆی تەفسیری کاری ڕۆژنامەگەریی دەکات لە کاتی بوونی هەر ڕووداوێکدا».

هاوکات تۆفیق کەریم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆمەڵ پێیوایە: «ئەو کەموکوڕیانەی لەو بڕگەیەدا هاتووە ئەو بۆشایی و ناکۆکیانەی لەنێوان دەسەڵات و ڕۆژنامەنووساندا هەیە، زیاتر دەکات، چونکە دەیانەوێت ئەو ڕۆڵەی ڕۆژنامەنووسان دەیبینن کەمی بکەنەوە».

www.netewe.com



# شۆڕش ئەمین: یاسا سەروەر نەبێت، کۆمپانیای ڕاوێژکاریی چارەسەری گەندەڵی پێناکرێت

**شۆڕ ئەمین باس لەوەدەکات کە دەسەڵاتداران ئەو پارەو پولەی لە ڕێگای گەندەڵییەوە دەستیان دەکەوێت، لەترسی دەستبەسەرداگرتنی، ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکەن، بەم هۆیەشەوە جوڵەی ئابووریی ناو وڵاتو بەرهەمهێنانی نیشتمانی لاواز دەبێتو هەژاریشی لێدەکەوێتەوە.**

**ئەم هەڵسوڕاوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لە چەمکی گەندەڵیو ئەو هێزانە دەکات کە پشتیوانیی لە گەندەڵی دەکەنو سەروەریی یاساو لێپرسینەوەش بە چارەسەری سەرەکی بنبڕکردنی گەندەڵی دەزانێت.**

**سازدانی: ئەلەند مەحوی**

**ڕۆژنامە: کەی سیستمێکی حکومڕانی نازناوی (سیستمی گەندەڵی) بەسەردا ساغدەبێتەوە؟**

* بێگومان ئەو سیستمە حکومڕانیانە گەندەڵیان بەسەردا ساغدەبێتەوە کە نادیموکراسین، نەبوونی بنەماکانی دیموکراسی، وەک کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەدەست یەک کەس یان کۆمەڵێک یان دەزگایەک یان حیزبێک، ئەوجۆرە حکومەتانەش بریتین لە مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، بەبێ ئەوان هیچ کارێکی حکومەت جێبەجێناکرێت، یاخود هیچ کارێکی حکومەت لە ڕێگای ئەوانەوە نەبێت ناڕوات بەڕێوە، ئەمەش ڕێگای زیاترو فراوانتر لەبەردەم ئەنجامدانی گەندەڵیدا دەکاتەوە، بەبێ بوونی چاودێرو لێپرسینەوەو سزادان، لەمجۆرە سیستمانەشدا حکومەت گرنگی دەدات بە دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسو هێزە چەکدارەکانی دیکە، هەرکاتێکیش دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەم حکومەتە بەرزبێتەوە، حکومەت ئەو هێزانە نمایشدەکات بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئەمەش وادەکات حکومەت نەگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، لەبەرئەوە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی سوودێکی تایبەت، کە کەسێک لێپرسراوێتی لەسەرشانە، یان خاوەن دەسەڵاتێک یان بڕیارێکی بەدەستە یان زانیارییەکی پێیە، بەکاریدەهێنێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی یا بۆ کەسانێک کە پەیوەندی خزمایەتی یان نزیکی یان حیزبی پێکەوەیان گرێدەداتەوە، بەپێچەوانەی یاساوە. ئەم حکومەتانەش بەرامبەر هاوڵاتییانی خۆیان حکومەتێکی بەهێزن، بەڵام سیستمی حکومڕانی بێهێزەو دەزگاکانی دیکەی حکومەت بەردەوام لە خزمەتی ئەو دەزگایانەدان کە ڕاستەوخۆ حکومەت دەپارێزێت، لەم کاتانەشدا کەرتی بەرهەمهێنانو خزمەتگوزاریی ئیفلیج دەبنو زۆر لاواز دەردەکەون.

**ڕۆژنامە: چۆن دەتوانین دەسەڵاتی گەندەڵو دەسەڵاتی سەلیم لەیەکتر جیابکەینەوە؟**

*لەسایەی دەسەڵاتی گەندەڵدا دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ نییە، ئەوانەی گەندەڵی دەکەن ڕێگاو شوێنە یاساییەکان تێدەپەڕێننو پەیوەست نابن پێوەی، دادگاو پۆلیس دەسەڵاتیان ناشکێت بەسەر بەرپرسانو لێپرسراواندا، واتە لەدەرەوەی یاسا هەموو کارێک ئەنجامدەدەن، بەردەوام داهاتی خاوەن دەسەڵاتو بەرپرسەکان زیاد دەکات، بەرامبەر ئەمەش بارودۆخی چینە هەژارەکان خراپتردەبێتو بێبەشدەبن لە خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش گرفتی زیاتر بۆ ئەو داهاتە کەمەی چینە هەژارەکان دروستدەکات، کە بەشێکی زۆری دەڕوات بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی دەبێت حکومەت پێشکەشی بکات، ئەو لە پارەی گیرفانی خۆی جێبەجێی دەکات. دەسەڵاتداران ئەو پارەو پولەی لە ڕێگای گەندەڵییەوە دەستیان دەکەوێت، لەترسی دەستبەسەرداگرتنی، ڕەوانەی دەرەوەی دەکەن، جوڵەی ئابووری ناو وڵاتو بەرهەمهێنانی نیشتمانی لاوازدەبێت بەهۆی بەهەدەرچوونی پارە لە ڕێگای گەندەڵییەوە، بێکارییو برسێتی لێدەکەوێتەوە، هێزە مرۆییەکان بەرەو دەرەوە کۆچ دەکەن، چونکە جێگای شیاوی خۆیان دەستناکەوێت. لەژێر سایەی گەندەڵیدا گرێبەستە گشتییەکان دەست کۆمپانیاکانی حیزب یاخود دەسەڵاتداران دەکەوێت، یاخود بەهۆی بەرتیلو هاوبەشیپێکردنی دەسەڵاتداران، کۆمپانیایەک یا کەسێک دەتوانێت کاری دەستبکەوێت، بەمەش ڕێژەی تێچوونی پرۆژەکان زیاد دەکاتو ئاستی کوالێتی پرۆژەو بەرهەمەکان دێتە خوارەوە، بەرژەوەندیی تایبەتی جێگا بە بەرژەوەندیی گشتی چۆڵدەکاتو ناوەندەکانی گەندەڵیش بەردەوام لە دژایەتی یەکتردان بۆئەوەی زیاتریان دەستبکەوێت، لاوازبوونی دەسەڵاتی یاساو دامودەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەت، هاوڵاتییان باوەڕو متمانەیان بە دامودەزگاکانی دەوڵەت نامێنێت، گیانی نیشتمانپەروەریی لاوازدەبێت.

دەسەڵاتی سەلیم ئەو دەسەڵاتەیە کە هەرسێ دەسەڵاتەکە لەیەک جیابکرێنەوە، یاسا سەروەربێتو کەس لەسەرووی یاساوە نەبێتو یاساو سیستم جێبەجێبکرێت، هاوڵاتییان یەکسانبنو بەشداری بکەن لە بڕیارداندا، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بکرێت، شەفافیەت لە هەموو بوارەکاندا ببێتە کارێکی ئاسایی، هەمووان بگەن بە زانیاریی ڕاستو دروست بەڕێگای ئاسانو نزیک.

> **دەسەڵاتی سەلیم ئەو دەسەڵاتەیە کە هەرسێ دەسەڵاتەکە لەیەک جیابکرێنەوە، یاسا سەروەربێتو کەس لەسەرووی یاساوە نەبێتو یاساو سیستم جێبەجێبکرێت، هاوڵاتییان یەکسانبنو بەشداری بکەن لە بڕیارداندا، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بکرێت، شەفافیەت لە هەموو بوارەکاندا ببێتە کارێکی ئاسایی**

**ڕۆژنامە: کێن ئەوانەی ڕەوایەتی بە گەندەڵی دەدەنو قبوڵی دەکەنو لێی سوودمەند دەبن؟**

* گەندەڵی بریتییە لە بەدەستهێنانی قازانجێکی تاکەکەسیو بەدەستهێنانی دەستکەوت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، تاکەکەسێک بێت یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو یا گروپێک بێت، بێگومان ئەوانە زیاتر لە گەندەڵییەوە دەئاڵێن کە بەرپرسیارێتیان لەئەستۆیەو پارەو پولی گشتیان لەبەردەستدایە. ئەوانەی گەندەڵی قبوڵدەکەن ئەو کەسانەن کە لاوازن بەرامبەر بەرتیل وەرگرتنو ئەو شتانەی پێشکەشیان دەکرێت، زۆربەی ئەوانەی ئائێستا بەشانو باڵی دەستکەوتو کارەکانیاندا هەڵدەدەن، یاخود بەهانە دەهێننەوە بۆئەوەی کە هێشتا قۆناغەکەمان نەبڕیوەو زۆرمان ماوە، خەڵکی داوای زۆرمان لێدەکات، بەڵام توانای حکومەت هەر ئەوەندەیە، گرفت لەوەدایە ڕەخنە لە حکومەت دەگریت، حیزب جواب دەداتەوە، ئەمە لەوەوەدێت کە حیزبو حکومەت زەواجێکی کاسۆلیکیانەیان کردووەو لێکجیاکردنەوەیان بووەتە کارێکی زۆر گرانو قورس، ئەم ئاوێتەبوونەی نێوان حیزبو حکومەت ڕێگای زیاتری خۆشکردووە بۆ گەندەڵیو کەمکردنەوەو بنبڕکردنی کردووەتە کارێکی گرانو مەحاڵ، لەوحەکە خۆڵەمێشی بووەو جیاکردنەوەی خراپو باشو خراپو خراپترو باشو باشتر کارێکی مەحاڵە، خەڵکی گەندەڵ لە هەموو کەس زیاتر دژ بە گەندەڵی قسەدەکات، ئەمەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی حکومڕانیو سەروەرنەبوونی یاساو باڵادەستی دەسەڵاتو بێدەسەڵاتی هاوڵاتییان، کە ئەمانە هەمووی پێچەوانەی سیستمێکی دیموکراسین.

**ڕۆژنامە: چۆن دەتوانرێت گەندەڵی چارەسەربکرێت؟**

* پێش هەموو شتێک دەبێت یاسا سەروەربێتو دادگا سەربەخۆبێت، بۆئەوەی بتوانن بە بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەن، ئەگەر ئەم دەزگایانە سەربەخۆبن، ئەوا لە گەورەترین باڵادەستەوە تا خەڵکانێکی ئاسایی لەبەردەم دادگادا بە یەکسانی لە کێشەکانیان دەکۆڵنەوە، بەڵام کاتێک یاسا بەبەرپرسانی نەوێراو نەیتوانی لێیانبپرسێتەوە، ئەوە دادگا سەربەخۆ نییەو گەندەڵیش وەکو شێرپەنجە جەستەی حکومەتو حیزبو کۆمەڵگا دەتەنێتەوە، چونکە لێپرسینەوە بوونی نییە.

هەروەها جیاکردنەوەی حیزبو حکومەتو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سەربەخۆکردنیان، بۆئەوەی بڕیارەکان لە مەکتەبی سیاسییەکانەوە دەرنەچێت، تەنیا وەک پێشنیاز بڕواتە پەرلەمانو بودجەی کوردستان بدرێتە پەرلەمانو حکومەت، نەک حیزب، لەگەڵ بنبڕکردنی واستەو واستەکاریو مەحسوبیەتو حیزبیبوونو شتی دیکە، پێویستە خەڵکی بەشداربن لە بڕیارداندا، واتە بەتواناکردنی هاوڵاتییان لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا.

زۆر پێویستە گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتدا بکرێت، بە پشتبەستن بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، مافیش بۆ هەموو تاکو هێزە سیاسییەکان دەستەبەر بکرێت بۆئەوەی کێبڕکێی یەکتر بکەن لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات، ئەمەش بە پشتبەستن بە مەبدەئی (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە)، لێرەوە حکومەت هەڵدەستێت بە پیادەکردنی دەسەڵات بە ئامانجی جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی گشتیی بۆ هاوڵاتییان، نەک بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی گروپێک یا حیزبێکی دیاریکراو.

دەبێت شەفافیەت هەموو جەستەی حکومەتو حیزبو هەموو هاوڵاتییان بگرێتەوە، حکومەت پابەندبێت بە دەستوورو ملکەچبێت بۆ یاساو بەیەک چاو خزمەتی هاوڵاتییان بکرێت، هەموو هاوڵاتییان بەبێ جیاوازیی دەستیان بە زانیارییەکان بگات، بۆئەوەی ئەو کونو کەلەبەرانەی گەندەڵی تێدا ئەنجامدەدرێت، ئاشکرابکرێت.

بیرمان نەچێت ئازادیی ڕادەربڕینو بەهێزیی دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵی گەورەو کاریگەری هەیە لە نەهێشتنو ناشرینکردنی گەندەڵیدا، لەم ڕووەشەوە پێویستە لەسەر بنەمای سیستمی دیموکراسی هەموو جیاوازییەکان قبوڵ بکرێت، بڕوامان بە ڕای جیاوازی بەرامبەر هەبێتو حکومەت وازبهێنێت لە مەکرمەدان بەوکەسانەی پێیدا هەڵدەدەنو سزادانی ئەو کەسانەشی ڕەخنەی لێدەگرن.

**ڕۆژنامە: گەندەڵی بە هێنانی کۆمپانیای بیانی بۆ ڕاوێژکاریی، چارەسەر دەکرێت؟**

* ئەگەر حکومەت پشت نەبەستێت بە کاری دامەزراوەیی لە ڕێگای پشتبەستن بە مەبدەئی حوکمی یاساو سەروەریی یاسا، هەزاران کۆمپانیای ڕاوێژکاری بیانی بێتە هەرێمی کوردستان، ناتوانن چارەسەری گەندەڵی بکەن.

**ڕۆژنامە: گەلی زیندوو چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی گەندەڵدا دەکات؟**

* لەناو گەلی زیندوودا گەندەڵی سەرهەڵنادات، ئەگەر شتێکی لەوجۆرەش دەربکەوێت، زوو پێی دەزانرێتو لە ڕێگای یاساوە زوو کۆتایی پێدەهێنرێت، چونکە گەلی زیندوو ڕازی نابێت بە دیموکراسیەتێکی شکڵی، لە دیموکراسیەتی ڕاستەقینەشدا دەبێت شەفافیەت هەبێتو دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵی خۆی ببینێتو زانیارییەکان لەبەردەم هەمووواندا ئاوەڵابێت، لەم کاتەشدا گەندەڵی بە شاراوەیی ناتوانێت بمێنێتەوەو ئاشکرادەبێت.

**ڕۆژنامە: کێن ئەو هێزانەی دەبنە پارێزەری گەلو ناهێڵن گەندەڵکاران سامانی وڵات تاڵان بکەن، ئەرکەکانی ئەم هێزانە چین؟**

* ئەو هێزانە ئەوانەن کە بەڕاستی داوای چەسپاندنی مەبدەئەکانی سیستمی دیموکراسی دەکەن، پابەندن بە یاساو دەستوورەوەو بەردەوام هەوڵی سەروەرێتی یاسا دەدەن، پەیوەندییەکانی دەزگاکانی حکومەت لەگەڵ هاوڵاتییاندا ڕێکدەخەن، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، بۆئەوەی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا چێژ لە مافو ئەرکەکانیان بەیەکسانی ببینن، ئەمەش یەکسانە بە هەلی بەشداریکردن لە کرداری دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەبەردەم هاوڵاتییاندا، بەبێ جیاوازیی بنەماکانی ڕەسەنێتی یان زمان یان ڕەگەز یان ئایین یان ئاینزا، یا پێگەی کۆمەڵایەتی یا ئابووری یا حیزبایەتیو خزمایەتی، ئەمە ئەو هێزەیە کە دەیەوێت گەلەکەی زیندووبێت، ئەو هێزەیە کە دەیەوێت کەلەپچە بکاتە دەستی حکومڕانانو کەلەپچەکانی دەستی هاوڵاتییان بکاتەوە، تا هاوڵاتییان ئازادبنو ڕێگای بەشداریبوونی چالاکانەیان هەبێتو لە مەیداندابن، ئاوا حکومەت هەنگاو بۆ دیموکراسیەت دەنێتو بەرەو لەناوبردنی گەندەڵی دەچێت.

## «پەسەندکردنی دەستوور لەئێستادا مانای دەستشتنە لە ناوچە دابڕاوەکان»

# دەستوور بێ دانیشتووانی نیوەی خاکی هەرێم تێدەپەڕێنرێت



«دانیشوانی ناوچەدابڕاوەکان باوەڕ بە دەستوورێک ناهێنن کە نایانگرێتەوەو رەنگدانەوەی خواستەکانیان نییە»

**هەستیار قادر**

نوێنەرانی ناوچە دابڕاوەکان، رەخنە لە پەلەکردن بۆ پەسەندکردنی دەستووری هەرێم دەگرن، بە بێ بەهەندوەرگرتنی رای دانیشتووانی ئەو ناوچانە. پسپۆڕێکی مێژووی کێشەی کوردیش سەرسامیی خۆی لە پەلەکردن لە دەستوور دەردەبڕێتو دەڵێت «دانیشووانی ناوچە دابڕاوەکان باوەڕ بە دەستوورێک ناهێنن کە نایانگرێتەوەو رەنگدانەوەی خواستەکانیان نییە».

لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی ساڵانی بەر لە رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق، نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان پاساوی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بوو بۆ نەبوونی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، لەئێستادا ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە بەبێ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە کە دەکاتە زیاتر ٤٥٪ ی رووبەری سنووری خاکی هەرێمی کوردستان، راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێتو دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە بینینی رۆڵو رەنگدانەوەی واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو کلتووریان لەدەستووردا بێبەشبکرێن، هەرچەندە لەمادەی دووەمی پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ناوچە دابڕاوەکانی نێو سنووری مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق وەک بەشێک لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدراوە، بەڵام بەپاساوی بوونی کێشەیەکی دەستووری هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە لە بەشداریکردن لە راپرسی لەسەر دەستوور بێبەشدەکرێن.

رووبەری کوردستانی عێراق نزیکەی (٨٥,٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ئەو رووبەرەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت بەنزیکەی (٤٠,٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە مەزندە دەکرێتو ئەمەش بەو مانایەی نزیکەی نیوەی خاکی کوردستانی عێراق هێشتا لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایەو بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستوور بە ناوچە کێشە لەسەرەکان پێناسەکراون.

لەوبارەیەوە کەرخی نەجمەدین ئەندامی لیژنەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان بە کوردو تورکمانو کلدۆئاشوورییەوە بەشداری راپرسی لە سەردەستوور ناکەنو ئەو راپرسییە تەنیا لە سێ پارێزگاکەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدرێتو وتیشی «بەشدارینەکردنی دانیشتووانی ناوچە دابڕاوەکان لە راپرسیدا پەیوەندی بە کێشەیەکی دەستوورییەوە هەیە، کە ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠) ی دەستووری هەمشەیی عێراقدانو تائێستا یەکلاییەنەکراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان».

بێبەشبوونی هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان لە راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، نارەزایی لای نوێنەری ئەو ناوچانە دروستکردووە.

ئەحمەد شەبەک نوێنەری کوردەکانی موسڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە، دەبوایە پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان دوا بخرایە بۆ قۆناغی دوای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو وتیشی «بوونی دەستووری هەرێم لەئێستادا گرنگە، چونکە بێ دەستووریی، هەرێم پەیوەست دەکات بە دەستووری عێراقی فیدراڵەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەستوورە بەو پەلەپەلە دەربکرێت، بێئەوەی رای هاوڵاتییانی ناوچە دابروەکانی لەسەر بێت، چونکە پێویستە خەڵک بزانێت ئەو دەستوورە چی دەوێتو کام سیستمی سیاسی تیایدا پەیڕەودەکرێتو دەستووری هەرێم بە دەنگدانی هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان، تەکمیلە دەبێت».

راپرسی لەسەر دەستوور بە بێ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان خوێندنەوەی دیکەی بۆ دەکرێت، لەوانە تەسلیمبوونی سەرکردایەتی سیاسی ئێستای کورد بە مەحاڵی توانای کارکردنی بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

شەلال عەبدول ئەندامی کوردی ئەنجومەنی قەزای دوز، پێیوایە، هەرێمی کوردستان لە زۆرڕووە ناوچە دابڕاوەکانی پشتگوێخستووە، نەک تەنیا لە مەسەلەی دەستووردا و وتیشی «راپرسی لەسەر دەستوور بە بێ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان مانای دەستشتنی سەرکرایەتی سیاسی کوردە لەگەڕاندەوەی ئەو ناوچانەو پێویستیشە هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان کە چەندین ساڵ خەباتیانکردووە، بەشداری لەدەستووردا بکەنو ناکرێت لەئێستادا بە بێ پرسی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی وەک دەستوور بدرێت»

شەلال عەبدول سەرسامیی خۆی لەوە دەربڕی کە نوێنەری سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەن، چۆن ئاگایان لەوە نەبووە کە هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان لە دەنگدان لەسەر دەستوور بێبەشکراون؟

بەرای پسپۆڕێکی مێژووی کێشەی کوردیش تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان بە بێ ناوچە دابڕاوەکان، بێباوەڕیی لەنێو هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەدا بەرامبەر بەو دەستوورە دروستدەکات.

د.عومەر محەمەد پسپۆڕ لەبواری مێژووی کێشەی کورد، ئاماژەی بەوەدا کە لەئێستادا سنووری هەرێمی کوردستان بە بێ ناوچە کێشەدارەکانەو تەنیا سنووری بەر لە ٢٠٠٣/٤/٩ دەگرێتەوە، دەستووریش بۆ پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراوەو وتیشی «ئەو راپرسییە ناوچەکانی دەرەوەی بازنەی ئێستای سنووری جوگرافیی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوەو هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەش بڕوایان بە دەستوورێک نابێت کە نایانگرێتەوەو رەنگدانەوەی خواستەکانیان نابێت، یەکێک لەو رەخنە گەورانەش کە ئێستا لەدەستوور دەگیرێت بەئاراستەی زوو تێپەڕاندنی، ئەوەیە کە پەلەپەل بەدەستوورەوە بەدیدەکرێت»

ئەو پسپۆڕەی مێژووی کێشەی کورد، جەختی لەسەرئەوەشکردەوە، کە پێویستبوو پێشتر خەڵک لە ناوەڕۆکی ئەو دەستوورە ئاگاداربکرایەوە، وتیشی «قبوڵکردن یان نەکردنی دەستوور لەلایەن هاوڵاتییانەوە لە رووی هوشارییەوە نییەو بێئاگاییەک هەیە لەسەر ئاستی جەماوەری لەسەر ئەو مەسەلەیەو تێناگەم بۆ ئەو پەلەکردنە لە تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەیە».

> **راپرسی لەسەر دەستوور بە بێ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان مانای دەستشتنی سەرکرایەتی سیاسی کوردە لەگەڕاندەوەی ئەو ناوچانەو پێویستیشە هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان کە چەندین ساڵ خەباتیانکردووە، بەشداری لەدەستووردا بکەنو ناکرێت لەئێستادا بە بێ پرسی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی وەک دەستوور بدرێت**

> **پێویستە خەڵک بزانێت ئەو دەستوورە چی دەوێتو کام سیستمی سیاسی تیایدا پەیڕەودەکرێتو دەستووری هەرێم بە دەنگدانی هاوڵاتییانی ناوچە دبڕاوەکان، تەکمیلە دەبێت**

hewal.rozhnama@gmail.com

# مۆتەکەی کودەتا ئەردۆغان جێناهێڵێت


Taraf
Ordu uslanmıyor...
Yeni Ergenekon iddianamesine girmesi beklenen Nisan 2009 tarihli ordu belgesi
AKP VE GÜLEN'İ BİTİRME PLANI
Genelkurmay Harekât Başkanlığı için hazırlanan plandan: Hükümet ve Gülen grubu şeriat istiyor, desteklerini kıralım, faaliyetlerine son verelim
1 AKP İÇİNDEKİ AJANLAR HAREKETE GEÇİRİLECEK
2 ERGENEKON SANIĞI OLAN SUBAYLAR SAVUNULACAK
3 MİLLİYETÇİ PARTİLERİN TABANI GENİŞLETİLECEK
4 KURTLAR VADİSİ'NİN İMAJI KIRLETİLECEK
Öztürk'ün ofisinde bulundu
FETHULLAHÇILAR'DA SİLAH YAKALANMASI SAĞLANACAK
MEDYADA HER TÜR 'KARA' PROPAGANDA YAPILACAK

**ئارام شێخ وەسانی**

پاش ئەوەی لەماوەی ساڵی ڕابردوودا گرووپێکی گەورەو کارا لە تورکیا بەناوی گرووپی (ئەرگەنەکۆن) ئاشکرابوون کە پلانیان هەبووە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی پارتی دادوگەشەپێدان‌و کودەتاکردن بەسەر ئەردۆغاندا، بەوهۆیەوە پەیوەندی نێوان سوپاو دەسەڵات گومانی تێکەوت، چونکە بەشێکی زۆری ئەندامە سەرەکییەکانی گرووپی ئەرگەنەکۆن بریتیبوون لە ئەفسەری باڵاو ژەنەراڵی سەربازیی، هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتەهەوڵێک لە ڕۆژنامەی میللەتی تورکی جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان سوپاو دەسەڵاتی خستە ئەوپەڕی گرژییەوە، کاتێک هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە ئەفسەرێکی هێزی دەریایی پلانی ڕووخاندنی حکومەتەکەی ئەردۆغانی دارشتووە، ڕۆژنامەی تەرەفی تورکی کە ڕۆژنامەیەکی لیبراڵە، کۆپیەکی پیلانەکەی بڵاوکردەوە کە ئەفسەرێکی هێزی دەریایی نەخشەی کێشاوە، ناوەڕۆکی پلانەکە باس لەوە دەکات کە سوپا دەیەوێت حکومەتەکەی ئەردۆغان بڕوخێنێت بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو حکومەتە کاریکردووە بۆ دوورخستنەوەی سیستمی عەلمانی لە تورکیاو ئاراستەکردنی تورکیا بەرەو پێکهاتەیەکی سیاسی ئیسلامی، هەر لە پلانەکەدا باس لە فەتحوڵڵا گولەن کراوە، کە هۆکاری سەرەکی ئەو پرۆژە ئیسلامییەیە کە ئەردۆغان‌و حیزبەکەی بەنیازن لە سیستمی سیاسی تورکیادا جێگیری بکەن، هەردوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە سەرۆک ئەرکانی سوپا، هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند، دەبێت هەموولایەک ڕێز لە دیموکراسی بگرین، هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو پلانە ئەردۆغان ڕایگەیاند «ئەگەر ئەو پلانە ڕاست بێت ئەوا شتێکی مەترسیدارەو هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان دامودەزگاکانی حکومەتدا»، هەروەها ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاویکردەوە، کە ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا لەگەڵ ئیکەر باشبیوغ کۆبووەتەوەو باسی لەو پلانە کردووە کە نیگەرانی گەورەی دروستکردووە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵێکی کەناڵی بی بی سی، ئەردۆغان باسی لەوەکردووە، کە ئەگەر ئەو بەڵگانە ڕاست بن، ئەوا مەترسییەکی گەورەیەو پێویستە دادگا لێکۆڵینەوە بکات‌و ئەگەر بەڵگەکانیش ڕاست نەبن، ئەوا مانای وایە هەوڵ هەیە بۆ ڕووبەڕووکردنەوەو تێکدانی نێوانی سوپاو دەسەڵات.

ڕۆژنامەی تەرەفی تورکی، کۆپی ئەو بەڵگەنامەیەی بڵاوکردووەتەوە کە لە نووسینگەی ئەفسەرێکی دەریاوانی دەستی بەسەرداگیراوە بەناوی سیدار ئۆزتورک، کە پێشتر ئەو کۆلۆنێلە دەستگیرکرابوو بەتۆمەتی پەیوەندی هەبوون بەگرووپی ئەرگەنەکۆنەوە، ئەو بەڵگەنامەیە لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا نووسراو ئامادەکراوە، هەروەها لە پلانەکەدا بە شێوەیەکی درێژ باس لە ئامانجەکانی پشت ئەم کارە کراوە کە سوپا دەتوانێت هاوکارو فەخری ئەو سەرکەوتنەی دەستبکەوێت‌و نەیەڵێت تورکیای عەلمانی لەناو بچێت، هەروەها ڕێگری تەواوی بزووتنەوە بانگخوازییەکەی فەتحوڵڵا گولەن یەکێکی دیکەیە لە ئامانجە هاوبەش‌و سەرەکییەکانی پرۆژەی پیلانەکە، بۆ ئەوەی چیتر تورکیای ئەتاتورک هەنگاو نەنێت بەرەو دونیایەکی دوور لە عەلمانیەت، بۆئەو مەبەستەش چەندین پیلانی ورد دارێژراوە، بۆئەوەی گرووپی بانگخوازی ئیسلامی فەتحوڵڵا گولەن بخاتە ناو هاوکێشەی کاری قەدەغەکراوەوە بەدروستکردنی تۆمەت بە پەیوەندی هەبوون بە گرووپە تیرۆریستییەکان‌و دەستگیرکردنی چەندین نوێژکەری مزگەوتەکان بەتۆمەتی ڕێکخستنی کاری توندوتیژیی‌و ساغکردنەوەی پیلانەکان بۆ سەر گرووپەکەی گولەن.

هەروەها بەگوێرەی ناوەڕۆکی بەشێکی دیکەی پیلانەکە، پێویستە ماوەیەکی باش کار لەسەر پیلانەکە بکرێت‌و لەکاتی جێبەجێکردنیشدا سوپا هەوڵی ئەوە بدات کە بڕوا بەخەڵک بهێنێت کە هێزی سوپا بەهیچ شێوەیەک دژی ئاین‌و ئیسلام نییە، بۆئەوەی کودەتاکە دەنگی ناڕەزایی لێنەکەوێتەوە. هەروەها ڕۆژنامەی زەمانی تورکی، سەبارەت بەم بابەت ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا هاتووە کە ئەو پیلانە لەلایەن (دورسون چیچەک)ەوە ئامادە کراوە، دواتر ئەو پیلانە براوەتە ئۆفیسی پارێزەرانی گرووپی ئەرگەنەکۆن کە سیدار ئۆزتورک، بەو هۆیەوە چەندین پرسیار تائێستا بەبێ وەڵام ماونەتەوە، بۆنموونە، ئایا بۆ ئەو پیلانە گوازراوەتەوە ئەو نووسینگەیە؟ ئایا چ هۆکارێک وایکردووە کە ئۆزتورک ئەو پیلانە بباتە لای خۆی؟ ئایا پیلانی کۆلۆنێل چ پەیوەندییەکی بە ئۆفیسی ئۆزتورکەوە هەیە؟ چەندین پرسیاری دیکە هەر سەبارەت بەم پیلانە تائێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

# چین دێتە ناو هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە

**جەمال ئیختیار**

حکومەتی ئیسرائیلی ڕایگەیاند: بە شێوەیەکی مەرجدار پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دەکات‌و نێردەی چینیش ئامادەیی دەربڕیوە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە نیگەرانی مەسەلەکەن، بۆ بەرەو پێشچوونی ئاشتی کاربکات.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە، کە بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی ئیسرائیل ئامادەن بە شێوازێکی مەرجدار ڕازی ببن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی، ئاژانسەکە باس لەوەدەکات وەزیری بەرگری ئیسرائیل، پێیوایە، کە دەرفەت‌و چانس بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی لەگەڵ فەلەستینییەکان لەبەردەستدایەو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلیش ئامادەیی پیشانداوە کە بە شێوەیەکی مەرجدار ڕازی ببێت، بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی، بەڵام حکومەتی میسر پێشنیازەکەی ڕەتکردووەتەوەو پێیوایە کە دەوڵەتی فەلەستینی بەوجۆرە دوورە لە ئامانجی ئەو دەوڵەتەی کە عەرەبەکان بیری لێدەکەنەوە.

سەرۆک وەزیری ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆ، هەفتەی ڕابردوو لە میانەی باسکردنی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی، ڕایگەیاند، حکومەتەکەی ئامادەیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە چەک داماڵراو قبوڵبکات لە پێناوی ئەوەی ئیسرائیلی‌و فەلەستینیەکان بتوانن بەیەکەوە بە ئاشتی بژین.

لەدوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ حوسنی موبارەک سەرۆک کۆماری میسر، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئیهود باراک، ئاماژەی بەوەکردووە، کە بنیامین نەتەنیاهۆ، بەوردی ئاکامەکان‌و ئامانجەکانی خستووەتەگەڕ، کە تیایدا هەلومەرجێک دروست ببێت بۆ ئەوەی هەردوو گەلی ئیسرائیلی‌و فەلەستینی لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا لە ئاشتی‌و ئاسایشدا بژین.

ئیهود باراک هەروەها وتویەتی کە ئەوە دەرفەتێکی تایبەتە، لەبەر ئەوەی هەمووان لە بەرژەوەندی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆسەپاندنی ئێران لەناوچەکە تێدەگەن، هەست بە پێویستی پێشگرتن لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەکەن کە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، هەنگاوەکانی نەتەنیاهۆ هەنگاوی سەرەکی‌و گەورەن بۆ بەرەو پێشبردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

چاودێران پێیانوایە، کە بەشێکی هەوڵەکانی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ پەراوێزخستنی ئێرانە لە ناوچەکەدا، کە بەرنامە ئەتۆمیەکەی بووەتە جێگای نیگەرانی خۆرئاوا، وڵاتانی عەرەب‌و لایەنە خۆرئاواییەکان هەستیان بەوە کردووە کە دەکرێت بە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل، ئێران زیاتر گۆشەگیر بکرێت‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو ئاراستەیەدا کاردەکات‌و لە هەوڵی ئەوەدایە کە وڵاتانی ناوچەکە بخاتە پشت سەری خۆی، بۆ ئەوەی وەکو خۆرئاوا بانگەشەی بۆ دەکات، کۆمەڵی نێودەوڵەتی یەکدەنگ‌و بە یەک هەڵوێست ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵانەی خۆرئاوا بەگشتی‌و ویلایەتە یەکگرتووەککانی ئەمریکا بەتایبەتی بۆ گوشارخستنەسەرو پەراوێزخستنی ئێران، واشنتن لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی لەگەڵ تاران گفتوگۆ بکات، ئاسۆی ئەو گفتوگۆیانەش بەهۆی ئاڵوزییەکانی دوای هەڵبژاردن لە ئێران تائێستا دیارنییە.

محەمەد بەرادعی، سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، ڕایگەیاند: «کێشەی سەرەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناعەدالەتییە». هاوکات شارەزایانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێیانوایە، ناکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی دووفاقی لە مەسەلەی ئەتۆمی پەیرەو بکرێت، لەکاتێکدا گوشاری زۆر دەخرێتەسەر ئێران چاوپۆشی لە مەسەلەی ئەتۆمی ئیسرائیل بکرێت کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیەو بەردەوام پەرە بە توانای ئەتۆمی خۆی دەدات، بەڵکو پێویستە کە ناوچەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە چەکی ئەتۆمی پاکبکرێتەوەو هەنگاوی لەو شێوەیەش هەموو وڵاتانی ناوچەکەو ئیسرائیلیش بگرێتەوە.

لە وتەکانی خۆیدا لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چواردەی ئەم مانگەدا، نەتەنیاهۆ باسی لەوەکردبوو، کە پێویستە فەلەستینییەکان دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلیدا بنێن‌و واز لە مافی گەڕانەوەی ئاوارە فەلەستینیەکان بهێنن، بەبێ ئەوەی ئاماژەیەک بدات بە ڕاگرتنی دروستکردنی شارۆچکە جولەکە نشینەکان لە ناوچە فەلەستینییەکان.

حوسنی موبارەک سەرۆک کۆماری میسر، بە ڕاگەیاندنەکانی وتووە، کە لە میانەی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ نەتەنیاهۆ بەوردی ڕایگەیاندووە کە هێنانەپێشی مەسەلەی بەرەسمیی ناسینی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەئێستادا، هەوڵەکانی ئاشتی نەزۆک دەکات، دەبێت گفتوگۆکان لەوێوە دەست پێبکەنەوە کە وەستاون.

سەرکردە فەلەستینییەکان ئامادە نین ئیسرائیل وەکو دەوڵەتێکی جولەکە بناسن، لەبەرئەوەی پێیانوایە (٢٠٪)ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە عەرەبن‌و بە ڕەسمیی ناسینی لەو شێوەیە دەرفەتی هەڵبژاردنەکانی بەردەم ئەوان لاواز دەکات.

هەروەها ئەوان سوورن لەسەر مافی گەڕانەوەی ئاوارە فەلەستینیەکان.

قسەکانی نەتەنیاهۆ دوای ئەوە دێت کە ئۆباما لە وتارێکیدا بۆ جیهانی ئیسلامی، لە قاهیرە کە مەسەلەی ئاشتی عەرەبـئیسرائیلیشی لەخۆ گرتبوو، ڕایگەیاند ئەمریکا دەیەوێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لە پرۆسەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو داوایکرد ئیسرائیل دروستکردنی شارۆچکە جولەکەنشینەکان ڕابگرێت.

ئاژانسەکانی هەواڵ باس لەوەدەکەن، کە زۆربەی لایەنە عەرەبی‌و فەلەستینییەکان‌و لەوانە میسرو بەرپرسە فەلەستینییەکان پێشنیازەکانی نەتەنیاهۆیان ڕەتکردووەتەوە.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ئاشتی کە پێشتر زیاتر لایەنە خۆرئاواییەکانی لەخۆ دەگرت، لە دیدارێکدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی میسر (وسیک)، نێردەی چین، باسی لەوە کردووە، کە پێویستە هەموو ئەو لایەنانەی کە نیگەرانی ناوچەکەن، بەهاوبەشی پرۆسەی ئاشتی بەرەوپێش ببەن.

ئاژانسی هەواڵی (چاینا نیوز) بڵاویکردەوە، نێردەی چین بەوەزیری دەرەوەی میسر ئەحمەد ئەبو غەیسی، وتووە حکومەت‌و خەڵکی چین زۆر نیگەرانی باروذۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن‌و خۆشحاڵن بە پێشکەوتنە تازەکانی ئاشتی لەناوچەکەدا.

چاودێران پێیانوایە، کە ئەوە هەوڵێکی حکومەتی چینە بۆ زیاتر هاتنەناوەوە بەرووی خۆرهەڵاتی ناوەراست‌و هاوکێشەکانی ئەو ناوچەیە، کە گرنگی ستراتیژی زۆری هەیەو بە ئاراستەی ئەرێنی‌و دروستکردنی هاوسەنگی دەیبینن.


ئیسرائیلییەکان دەوڵەتێکی یەهودی بە تاکەمەرج دادەنێن

## پەرلەمان ل کوردستانێ دەستەلاتەکا بجهێنانێ یە نەک یا یاسا دانانێ

# ئەگەر ئەو رژدیا ل سەر بودجێ کری ل سەر ماددێ ١٤٠ کربا نها هاتبا بجهئینان

نیوارێ باشووری- دهۆک

**کەمال سلێڤانەی دەرچوویێ کولیژا یاسایێ ژ زانکۆیا دهۆک و نڤیسەرێ بەرنیاسێ دهۆکێ د دیارەکێ دا دگەل رۆژنامە بەحسێ کێشێن دەستەلاتا کوردی د هەردوو ئیدارێن بەغدا و کوردستانێ دا دکەت و دیارکر کو هەر ل دەست پێکێ چ سیاسەتێن سەرکەفتیانە نەهاتینە پەیرەوکرن و نەخشەیەکێ سەرکەفتیانە نەبوویە و دهێتە سەر بابەتی دەستوری و مافی نادەتە پەرلەمانی دەستوری پەسەندکەت.**

**رۆژنامە: سیاسەتا دەستەلاتا کوردی ل بەغدا چەوان د هەلسنگینی؟**

* خواندنا هەر سیاسەتەکێ گرێدای دەست کەفتانە، کا هەر کەسەکی چەند دەست کەفت ئینانە و بەری وان ژی حەتا چ رادە پشکداری د بریارا سیاسی یا دەستەلاتێ داکریە. ب دویتنا من حەتا نها سیاسەتمەدارێن کورد ل بەغدا نە د سەرکەفتی بووینە و نەشیاینە ب سەنگا خۆ بەژداری بریارا سیاسی ل بەغدا ببن و ژبەر هندێ ژی تا نها چ بریارێن دەرکەفتین پتر ژ خواندنەکێ یا بۆ هەی کو نە د بەرژەوەندا دوزا کورد دا بوویە و ئەڤە ژی لاوازیا سیاسەتا کوردی ل حکومەتا ناڤەندی دیاردکەت و نەشیاینە ب ئەرکێ گوهداریکرنا بەرامبەر رابن و ئەگەرێ ڤێ چەندێ ژی ئەوە هەردەم هەول دایە تشتی بێ بەرامبەر بکەین، گەلەک جاران هەڤرکی دناڤبەرا شیعە و سونا دابوویە ئەو چووینە و خۆ کریە لایەنەک و پێدڤی بوو ئەو نە ببانە لایەنەک تێدا، چونکی مە هند ئاریشە یێن هەین دگەل هەردوو لایەنا کو ئەو دگەل ڤان نەبنە لایەن تێدا. یا ئاشکەرایە هەردوو د ئامادەنینن گوهێ خۆ بدەنە وان یان پرسیارا وان بکەن کا ئەڤ پرسە دێ چەوان هێتە چارەسەرکرن. دیسان ئەگەرێ دوویێ ژی ئەو بوو کەسێ پێدڤی ل جهێ پێدڤی نەهاتیە دانان ئەگەر نە نەیا راستە ژ کومەکا پەلەمانتارا وان چوار پێنجەک نەبن سەنگا خۆ هەبیت د پەرلەمانێ عیراقێ دا بۆ نمونە کوتلا سەدری ب پازدە نوێنەرانە یێ وەزیران دکێشنە پەرلەمانی.

**رۆژنامە: عەرەبان خۆ دابین کر و نها دشێن بێی کوردان ژی خۆ برێڤە ببەن، ئەڤە ئاخفتنا سەردەڤێ گەلەک کەسانە تو چەوان دبینی؟**

* ئەز دشێم ب رەنگەکێ دی ڤێ رستێ لێکدەم و بێژم «یا وان ڤیایی مە بۆ کر، ئێدی یا مە بڤێت ئەو بۆ مە ناکەن» ئاریشە ل ڤێرە دەست پێدکەت. ئەگەر ئەم بێین و ل بەحسێ دەستوری بکەین راستە دەستور یێ هەی بەلێ کی پێگیرە بڤی دەستوری. یا جودایە دەستور نڤیسین بیت و یا جودایە پێگیری پێ بهێتەکرن بۆ نمونە بودجە یان بەری دەمەکی نەفتا هەرێمێ چوو ژ دەرڤەی وەلاتی دەزگەهێن راگەهاندنێ ب بریارەکا مێژووی ل قەلەم دا، بەلێ رۆژا ب دویڤدا وەزیرێ نەفتێ یێ عیراقێ شەهرستانی گۆت ئەڤە پەیوەندی ب مە ڤەنینە و بەری وێ بودجا ماددێ ١٤٠ کو ١٠٠ ملیار ژێ کێم کرن، لێ ئەڤە بۆ نەزانینا سیاسەتمەدارێن کوردە بۆ خواندنێن پێش بین. هندەک کەس مە یێن هەین ل وێرێ نەشێن تشتێ چێدبیت بخوینن ئانکو د پێش بین نینن بۆ پاشە رۆژێ.

**رۆژنامە: ب دویتنا تە چ ئەگەر هەنە نوری مالکی سەرەدانا هەرێما کوردستانێ ناکەت؟**

* ب سەدان شاندێن چووین و دان وستاندن یێن کرین و چ ئەنجام نەبوویە، ژناڤێ وێ یا دیارە «دان» و «ستاندن» ئانکو دێ تشتەکی دەی و دێ ئێکی ستینی، بەلێ ئەو یێ هەمی تشتی د دەن بەلێ و چ ناستینین. ئەڤە ئاریشە تراجیدیا یا مە مەزنتر لێ دکەت. نوری مالکی دێ هێت وەختێ وی کار بمە هەبیت نە وەختێ مە کار پێ هەی ئەوی خواندنەکا پێش وەخت یا هەی بۆ ئەو تشتێ چێ دبیت بۆ ئەوان پرسیارێن دێ روی ب روی وی بن.

**رۆژنامە: دەستەلاتا کوردی ل بەغدا شیایە چ بۆ دەڤەرێن کورد نشین بکەت یێن ب بەر ماددێ ١٤٠ دکەڤن؟**

* ئەگەر کەسەک تشتەکی بکەت دڤێت ئەو تشتێ بەرچاڤ بیت، بەلێ چ هاتیەکرن؟ ئەو دەڤەر هەر دڤە قەتیاینە، ژلاییێ خزمەتگوزارییێ ڤە د وێرانن و ژ هەمی لایێن دی ژی ڤە. وان نەشیاینە ب سەنگەکا باش بچینی، پێدڤی بوو ب چەک ڤە نەچووباینە د وان دەڤەران دا. پێدڤی بوو ب رەنگەکێ نەرم چووبانێ، هندەک خزمەت کربان ئەوی خەلکی ب عەرەب ڤە داخواز کربا کو ئەو دەڤەرە بزڤرن.

**رۆژنامە: دەربارەی دابرینا شازدە یەکێن ئیداری چ پێشبینی دکەی؟**

* دەمێ ئەڤرۆ دابرین دهێتەکرن و ب بریارەکا سیاسی، پێدڤیە ئەو لایەن خۆ ل بەر کێشە و ئاریشێن ڤێ دابرینێ ژی بگریت، بەلێ ئەرێ وان دڤی بودجێ دەست نیشانکری دا شیان هەنە خزمەتا هەرێما کوردستانێ ژی و وان ژی بکەین یان وان چ پێگهور هەنە، پێدڤیە سیاسەتمەدارێن کورد یان دەستەلاتداریا کورد بیر ل هندێ کربیت ئەگەر دابرین ژی پەیدا ببیت ئەو بشێن خزمەتا وان ژی بکەت چونکی نها ئەو دێ هێنە بێبەشکرنێ و پشت گوە ئێخشتنێ و دڤێت ئەو وەنەکەن ئەو پەشیمان ببن چونکی ئەگەر ئەو پەشیمان بوون ئەم دێ وان دەڤەران ب وان ژ دەست دەین کا چەوان وان ب بریارەکا سیاسی دەنگ دا لیستا برایەتی نەینەوا جارا بێت دەنگی نادەنێ چونکێ دێ بۆ وان ب نەرێنی زڤریت.

**رۆژنامە: ماددێ ١٤٠ دێ شێت دەڤەرێن ڤەبری ڤەگەرینیتە سەر هەرێما کوردستانێ دڤان کاودانان دا؟**

* ئەز یێ رەشبینم دڤێ رەوشا ئەڤرۆ ئەم تێدا دژین ماددێ ١٤٠ ب جه بهێت و دڤێت ئەم ژبیر نەکەین کو وان دڤێت هندی رۆژەک هەی ژی ئەڤ ماددە ب جه نەهێت چونکی ئەو دخوازن ئارامی ب دروستی ل دەڤەرێ پەیدا ببیت و پاش و ئەگەر ئەڤە رویدا دێ کارتێکرنەکا نەرێنی ل سەر ماددێ ١٤٠ هەبیت.

**رۆژنامە: کی بەرپرسە ژ گیروکرنا ڤی ماددەی، حکومەتا مەرکەزی یان هەرێما کوردستانێ؟**

* حکومەتا هەرێمێ ب پلا ئێکێ بەرپرسیارە و حکومەتا مەرکەزی ژی تەحەملا بەشەکی دکەت، لێ نەزانینا سیاسەتمەدارێن مە یا وەکری کو ئەڤ ماددە رۆژ بۆ رۆژێ گیرو ببیت و بەرهەم نەبیت، بەلێ ئەز دبێژم بلا کەس خۆ ژێ بێ بار نەکەت هەر لایەکی هندی قەبارێ خۆ بەرپرسایەتی یا هەی د بجه نە ئینانا ماددێ ١٤٠ چونکی ئەو رژدیا ل سەر بودجێ کری ل سەر ماددێ ١٤٠ هاتبا کرن ئەز باوەردکەم دا ماددێ ١٤٠ هێتە بجهئینان.

**رۆژنامە: د دەستوری دا پێدڤیی سەرۆک ژلایێ پەرلەمانی ڤە بهێتە هەلبژارتن کەچی نها سەرۆک دێ ژلایێ پەرلەمانی ڤە هێتە هەلبژارتن، تو ڤێ هاوکێشێ چەوان د هەلسەنگینی؟**

* ل جیهانێ هەمیێ دوو سیستەم یێن هەین؛ سیستەمێ فیدرالی و سیستەمێ سەرۆکایەتی،سیستەمێ پەرلەمانی سەرۆک ژلاییێ پەرلەمانی ڤە دهێتە هەلبژارتن وەک عیراقێ و یێن بەری نها یێن کوردستانێ و ئەڤ سیستەمە بۆ رۆژهەلاتا ناڤین گەلەک یێ گونجایە، دیسان سیستەمێ دوویێ کو سەرۆک ژلایێ خەلکی ڤە دهێتە هەلبژارتن گەلەک نەیێ باشە، چونکی دەستەلاتا بێ سنور د دەتە سەرۆکێ هەرێمێ و ئەڤە ژی سەرۆکێ هەرێمێ بەرەڤ توند رەوییێ دبەت. ئەو دشێت پەرلەمانی و هەر تشتەکی ب هەلوەشینیت. ئەگەر پەرلەمانی بیت پەرلەمان دشێن باوەرییێ ژ سەرۆکێ هەرێمێ ب ستینن، بەلێ ئەگەر ب ڤی رەنگی بیت بتنێ خەلک دشێت باوەرییێ ژێوەرگریت و ئەڤ سیستەمە گەلەک یێ ب مەترسیە و ئەز نە دگەل ڤی سیستەمی مە و دێ کارتێکرنا وێ ب رەنگەکێ نەرێنی ل سەر هەمی لایەنێن ژیانێ هەبیت.

**رۆژنامە: تو نابینی ئەڤ سیستەمە دێ سەرۆکێ کوردستانێ بەرەڤ دیکتاتورییێ بەت؟**

* کی دیکتاتورا چێدکەت؟ هەر خەلکە. ئەڤە بتنێ نەبەسە تە پتر ژ بەربژێرەکی هەبیت بۆ سەرۆکایەتیا هەرێمێ دا بێژن ئەڤە دیموکراسیەتە، دیموکراسیەت ب جڤاکەکێ ڤەکری و هزرا ئازادە و گوتن و کریار هەبن و شەفافیەت د هەر تشتەکی دا هەبیت.

**رۆژنامە: ل عیراقێ سەرۆک ژلایێ پەرلەمانی ڤە دهێتە هەلبژارتن، لێ ل هەرێما کوردستانێ سەرۆکێ هەرێمێ خواست ژلایێ خەلکی ڤە بهێتە هەلبژارتن؟**

* هەر یاسایەکا بهێتەکرن نابیت هەڤدژ بیت دگەل دەستورێ هەرێما کوردستانێ، ئەڤە پێشێلکرنا دەستوری یە، چونکی نابیت دەستورێ هەرێمی یێ پێچەوانەی دەستورێ عیراقێ بیت، راستە دەستورێ عیراقێ گەلەک ماف یێن داینە هەرێمان لێ ئەڤە نە گروڤەیە کو دەستور پێچەوانەی دەستورێ عیراقێ بێت چونکی یا هاتیە دیارکرن کو حکومەتا عیراقێ حکومەتەکا فیدرالی یە. بۆچی ئەم داخواز کەین حکومەتا عیراقێ فیدرالی بیت و یا هەرێمێ نە؟ بۆچی ئەو سیستەمێ فیدرالی بکاربینن و هەرێم نە؟ ئەز دێ ڤان بەرسڤان بۆ خواندەڤانی هێلم بلا ئەو بەرسڤێ ل سەر بدەن.

**رۆژنامە: حکومەتا هەرێما کوردستانێ د ماوێ خۆ یێ کاری دا چ تشتێ باش کریە کو خەلک شانازیێ پێ ببەت؟**

* ئەگەر ئەم بێژین حکومەتا هەرێمێ چ نەکریە ئەم دێ زولمێ کەین، بەلێ ئەگەر بێین و بەحس کەین ل دویڤ ئەو داهاتێ د دەستێ حکومەتێ چ بۆ خەلکی کریە ب گورەی دهاتی و بودجێ کوردستانێ چ بۆ خەلکی نەکریە.

**رۆژنامە: ب دویتنا بۆچی دڤی ماوەی دا هەولدا دەستوری پەسەند کەن کو یا ئاشکەرایە د دوو سالان دا مژویلی یاسایێن وەزارەتان بوو؟**

* مە ئاریشەیەکا مەزن یا هەی دەمێ پەرلەمانێ مللەتی بیت پێدڤی یە خزمەتا مللەتی بکەت، بەری خزمەتا خۆ بکەت چونکی ئەو پەرلەمانە نوێنەریا وی مللەتی دکەت و پێدڤیە ب ئەمانەت وێ نوێنەرییێ راگریت، بەلێ مخابن پەرلەمانێ مە نوێنەرێ پارتێن سیاسی یە و لیستێن گرتی نە و ئەڤە ژی پروبلما لیستا گرتیە، چونکی دا گەلەک کەسێن خودان ئاست چنە د پەرلەمانی دا ژ دویری پارتێن سیاسی و د پەرلەمانی ژی دا بریار بریارا پارتێن سیاسی یە نەک پەرلەمانی. پەرلەمان ل کوردستانێ دەستەلاتەکا بجهئینانێ یە نەک یا یاسا دانانێ. مە ل کوردستانێ چوار دەستەلاتێن هەین یا یاسادانان و بجهئینان دادگا و پارتیێن سیاسی و ئەڤە ل دونیایێ هەمیێ نینە.

**رۆژنامە: جاریا کوردی ژ دەرڤەی وەلاتی و دەڤەرێن د بەر ماددێ ١٤٠ دکەڤن نەشێن بەشداریێ بکەن ل راپرسینا سەر دەستوری، ئەڤێ چ کارتێکرن ل سەر شەرعیەتا ڤی دەستوری بۆ وان هەیە؟**

* پەسەندکرنا دەستوری دڤان کاودانا و دڤێ رەوشێ دا خەلەتیەکا مەزنە ژبەر کۆ هەوا پروپاکندا هەلبژارتنانە مافێ پەرلەمانی نینە پەسەند بکەت و پێدڤیە بۆ خولا بهێت بمینیت، یا دوویێ ئەڤە پەرلەمانێ پارتێن سیاسی یە و دێ پتر راسپاردێن پارتان بجهئینیت و یا دوماهیێ ئەگەر هات و هەلبژارتن هاتنە ئەنجامدان دێ ئوپوزسیونەکا باش چیتە دناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ دا و ئەو دێ شێن گوهرینێن باش دناڤ پەرلەمانی دا پەیدا کەت.

**رۆژنامە: تو دبینی پەرلەمانی ئەو شەرعیەت هەیە دەستوری پەسەند بکەت؟**

* ئەز حەقی نادەمە پەرلەمانی کو دڤی کاودانی دا دەستوری پەسەند بکەت، چونکی هەوا هەلبژارتنان هاتە دەست نیشانکرن و ماوێ یاسایێ یێ پەرلەمانی ب دوماهیک هات و هەر تشتەکێ دڤی ماوەی دا بهێتە پەسەندکرن ئەز نە دگەلم و دڤێت ب خولەکا دی بهێلیت.

**رۆژنامە: ل کوردستانێ حکومەت و خەلکی پتر لێک نێزیکی هەیە یان پارتێن سیاسی و حکومەتێ؟**

* نها دابرینەکا دناڤبەرا حکومەتێ و پارتێن سیاسی دگەل خەلکی دا پەیدا بووی ئانکو وەک سێگوشەکێ یە. خەلکی ئازادی و نانن و ژیار دڤێن ئەڤە هەمی د وەلاتێ مە دا درێژەی نە. ب پێچەوانەی دونیایێ هەمیێ نها خەلک ل کوردستانێ پتر نێزیکی پارتێن سیاسی یە ژ حکومەتێ ژ بەر کو حیزب یێن بووینە ژێدەرێ رزقی کو نها پارتێن سیاسی پتر ژ حکومەتێ کادر یێن هەین و ئەڤە یا خەلەتە دڤێت بهێتە چارەسەرکرن، چونکی حیزب نە کارمەندی.

**رۆژنامە: حیزب و حکومەت دێ ژێک ڤە بن؟**

* ئەڤە شاشیە حیزب و حکومەت ئێک بن و دڤێت بهێتە ژێک جوداکرن و هاتبا ژێک جوداکرن ئەوێ دگەهیتە پلەیەکا حکومی دڤێت دەست کێشانا خۆ ژ حیزبێ بکێشیت و خزمەتا خەلکی بکەت نە حیزبێ، لێ ب پێچەوانە ل کوردستانێ مەزنێن حکومی ل کوردستانێ هەمی ئەندامێن مەکتەب سیاسی یێن پارتێن خۆ نە و ئەڤە رێکێ ل گوهرین و پێشکەفتنێ دگریت. د گۆت پێدڤیە ئەم تەجریبا کوردستانێ بۆ بەغدا ببەین، لێ نها ئەمێ داخوازا تەجریبا بەغدا بۆ کوردستانێ دکەین.

**رۆژنامە: ئانکو ل دویڤ ڤی سیتسەمی ئەم پێدڤی ب گۆرینێ ینە؟**

* گورین دڤی ماوەی دا وەکی ئاڤ و هەوای یا گرنگە بۆ ڤی مللەتی و دڤێت هەمی بیاڤێن ژیانێ بگورین و ئەگەر گورین نەبیت ئەز چ قیمەتێ بۆ ڤێ تەجریبێ نادانم .



کەمال ئەحمەد عەبدولکەریم سلێڤانەیی
ژدایک بوون: ١٩٧١
دەرچوویێ کولیژا یاسایە
ئەندامێ سەندیکایێن ماف پەروەران و رۆژنامەڤان و نڤیسەرانە ل دهۆکێ

## کورتەی ئەم دیدارەی کەمال سلێڤانەیی بە شێوەزاری کرمانجی خواروو

*** تائێستا سیاسەتمەدارانی کورد لە بەغدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە بەسەنگی خۆیان بەشداریی لە بڕیاری سیاسیدا بکەن.**

*** پێش ئێستا راگەیاندنەکان بڕیاری هەناردەکردنی نەوتیان بە بڕیارێکی مێژوویی لەقەڵەمدا، بەڵام رۆژی دوایی شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق، وتی: «ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییەو پێش ئەوەش ١٠٠ ملیاردیان لە بودجەی مادەی ١٤٠ کەمکردەوە، ئەمە بۆ نەزانی سیاسەتمەدارانی کوردو نەخوێندنەوەی ئایندە دەگەڕێتەوە».**

*** لە جیهاندا دوو سیستەم هەیە فیدراڵی و سەرۆکایەتی لە سیستەمی پەرلەمانیدا سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێررێت، سیستەمی دووەم کە سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێررێت باش نییە، چونکە دەسەڵاتێکی بێسنوور دەداتە سەرۆکی هەرێم و بەرەو توندڕەوی دەبات.**

*** هەر یاسایەک دەربچێت نابێت دژی دەستووری هەرێمی کوردستان بێت، ئەم پێشێلکردنی دەستوورە، چونکە دەستووری هەرێم نابێت پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت و پەرلەمانی کوردستان نوێنەری پارتی سیاسییە لە پەرلەمانیش بڕیار بڕیاری پارتی سیاسییە نەک پەرلەمانی، پەرلەمان لە کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردنە نەک یاسادانان، لە کوردستان چوار دەسەڵات هەن، یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگا و پارتی سیاسی ئەمە لە هەموو دونیادا نییە.**

*** هەڵەیە حیزب و حکومەت یەک بن دەبێت لە یەکتر جودا بکرێنەوە ئەوەی پۆستی حکومی وەردەگرێت، دەبێت دەست لە کاری حیزبی هەڵبگرێت و خزمەتی خەڵک بکات نەک حیزب، بەپێچەوانەوە لە کوردستاندا ئەندامی مەکتەبی سیاسی گەورەی حکومەتن و ئەمەش رێگا لە گۆڕان و پێشکەوتن دەگرێت.**



# بەرەو هەڵمەتی، نا بۆ دەستووری بەپەلە!

مافناس: هاوڕێ تۆفیق

وەک ئاشکرایە دەستوور دایکی یاساکانە، دەستوور جۆری مۆدێلی سیاسی حوکمو پەیوەندیو پسپۆڕیی دەسەڵاتەکانو ئازادییە کەسیو گشتییەکان دیاریدەکات، دەستوور ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێستاوە هەیە، دوو ئەوەندە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە، دەستوور ئەگەر دیوێکی شەڕێکی سیاسییە بۆ ئێستا، ئەوا دیوەکەی دیکەی شەڕە بۆ داهاتوو، دانانی دەستوور پرۆسەیەکی سانا نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی ئێجگار ئاڵۆزو سەختە. بێگومان بوونی دەستوور گرنگییەکی ئێجگار گەورەی هەیەو هەموولایەک هاوڕاین بەوەی بەبێ بوونی دەستوور قسەکردن لەسەر دەوڵەتی قانوونو سەروەریی یاساو دیموکراسی کارێکی ئەستەمە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە، چۆن دەکرێت دانانی دەستووری هەرێمێک ئاوا بەپەلە گوزەر بکات؟ ئەوەی پرسیاری جدیە،ئەوەیە کە پرۆسەی دانانی دەستوور دەبێت لە چوارچێوەی شەرعیەتی یاسایدا بڕوات، نەک وەک ئەوەی ئێستای پەرلەمان کە ماوەی یاسایی نەماوە! بەڵام دەیەوێت دەنگی لەسەر بدات. هەربۆیە کە قسە لەسەر رەتکردنەوەی دەستوور دەکرێت بە مانای دژە دەستووری نا، بەڵکو بە مانای نەرێکردن بۆ دەستوورێک کە بە شاراوەیی داڕێژراوەو هاونیشتمانییەکان نەک هەر بەشدارییان تێدا نەکردووە، بەڵکو زانیاری تەواویشیان نییە! ئەوەی دانانی دەستوورێک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا، لە دانانی دەستوورێکی دیکەی نادیموکراتی جیادەکاتەوە. ئەو رێگاو شێوازانەن کە دەستوورەکەی پێدادەنرێت. خەسڵەتی دانانی دەستوورێکی دیموکراتی بنەماکەی بەشداری پێکردنە(Participation) بەو مانایەی زۆرترین چینوتوێژو تاکی کۆمەڵ بە رێگاو شێوازی جیاواز بەشداری دەوڵەمەندکردنو داڕشتنی بکەن، ئەو بەشداریکردنە بەتەنیا رێزگرتن لە ئیرادەو مافی تاک نییە کە بێگومان ئەوە بۆخۆی گرنگە، بەڵکو بەمانای گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی باشترین شێوە لە رێکسختنی ژیانو کێبڕکێی سیاسی، بەمانای گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی باشترین دیزاینو فۆرمات بۆ داهاتوو، بەو مانایەی دەستوور ئاوێنەی رووحی کۆمەڵگایەوپەیمانێکی گرنگی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، هەر بۆیە دەبێت بەرجەستەی هەموو ئەو رەهەندانە بێت. پرۆژەی دەستووری کوردستان جگە لە رەشنووسی یەکەم کە بڵاوکرایەوە، بەڵام رەشنووسی دووەم کە لە پەرمانە هێشتا بڵاونەبووەتەوەو نازانرێت چۆنە. بێگومان دەستووردانان کاری چەند کوتلەیەکی سیاسی ناو پەرلەمان نییە، دەستوور مافی گروپو هێزێکی سیاسی نییە بە تەنیا، بەڵکو مافێکی گشتییە، بۆ ئەوەی لە ستەمکاری دووربکەوینەوە، بۆئەوەی دەستوورێک هەبێت ئایندەیەکی دیموکرات گەرەنتی بکات دەبێت لەو شێوازە نارۆشنەی ئێستای بێتەدەرێ، هیچ کەسو لایەنێک مافی نییە ئێستای ئێمەو داهاتوومان لە دەستووردا رەسم بکات کە بەشداریمان تێیدا نەکردووە، وەک ئاشکرایە بەپێی یاسا پەرلەمانو حکومەتی هەرێم ئێستا پێیاندەوترێت حکومەتی بەرێکردنی مامەڵەکان (تصريف الاعمال)و مافی یاساییان نییە بڕیار لە پرسە ستراتیژییەکان بدەن، هەربۆیە ئەو پەلەکردنە جگە لە ئاماژە خراپە سیاسییەکانی لە رووی یاساییەوە ناشەرعییو نادروستە. لە رووی جەماوەریشەوە ئاشکرایە ئەوەی بیەوێت پەلە لەپەسەندکردنی دەستوور بکات، ئەوا شەڕ لەگەڵ ئیرادەی گەل دەکات، بێگومان کوردستان دەستوورێکی پێشکەوتوخوازی دیموکراتی مۆدێرنی دەوێت، ئەم هەرێمە لەسەرەتای قۆناغی گۆڕانی سیاسیدایە. ئەوەی بیەوێت ئەو هەوڵە بەهەدەر ببات لە رێگای پەلەکردن لەپەسەندکردنی دەستوور ئەوا هەڵەیەکی مێژوویيو ئەخلاقی دەکات. بوونی دەستوورێکی بەهێز کە هەڵقوڵاوی خواستی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان بێت، کۆمەکێکی باش دەکات بە بیناکردنی دیموکراسیو هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێزیی سیاسی کوردستان. دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کوردستان کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەو ئایینو مەزهەبە، هەر یەکێک لەو پێکهاتانە دەبێت بە ئازادانە بەشداری بکەنو خواستە سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانیان پارێزراو بێت، تاوەکو دەستوورێکمان هەبێت کە بە راستی دەستوورێکی دیموکرات بێت، بەهێزیی دەستوور تەنیا لە نووسینەوەو پەسەندکردنیدا نییە، بەڵکو لە بەستنەوەی ئەو پەیوەندیەدایە کە دەستوورو رووحی کۆمەڵگا بەیەک دەگەیەنێتو ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەوە ئەم خاڵەیە وا دەکات پابەندبوون بەدەستوور بکاتە واقیعێکی کۆمەڵایەتیو کۆدەنگی جەماوەری بۆ دابین بکاتو ببێت بە چەترێکی نەتەوەیی بۆ هەمووانو پێوەی پابەند بین، هێزی دەستوور ئەگەر بەشێکی لە پێدانی متمانەی گەلەوە بێت، ئەوا بەشەکەی دیکەی لە بەرجەستەکردنی رووحی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت، لە دەستووری دیموکراتو زیندوودا دەبێت دەمارەکانی خوێنی هاوڵاتیو مادەکانی دەستوورەکە یەکانگیربن، هەتاوەکو هێزی جەماوەری لە پشت دەستوورەوە ئامادەبێتو دەستوور لە بەڵگەنامەیەکی موجەردی قانوونی (بەندی سەرکاغەر) بکاتە واقیعو جێبەجێبکرێت، ئەزموونی زۆرێک لە گەلانی جیهانی سێیەم هەیە کە دەستووریان هەیە، بەڵام لە ناو رەفەو کتێبخانەکاندایە، نەک لە ژیاندا، گرنگی بوونی دەستوور لە نووسینەوەی لە کتێبێکدا نییە، بەڵکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئێجگار گرنگە کە هەموو هاونیشیتمانیان دەیانەوێت لەم هەرێمەدا شەریکی راستەقینەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بنو پێکەوە بژین، هەر بۆیە کوردستان دەستوورێکی دەوێت کە ئیرادەی هەمووان رەنگی کردبێت. بەداخەوە لەگەڵ بوونی دەنگی نارەزاییو هەندێک لێدوانی سەرەتایی کۆمسیۆن سەبارەت بە زەحمەتی ئەگەری ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستووری کوردستان لەهەمان بەرواری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام هەندێک ئاماژەی سیاسی پشتپەردە هەن، کەبەشێوەیەک لەشێوەکان دەیانەوێت، بە پەلە نەخشەی سیاسی ئێستاو داهاتووی ئەم وڵاتە لەدەنگدانێکدا قفڵ بکەن. پێویستە پەرلەمان بە هۆشیاریو هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە مامەڵە بکاتو تەسلیمی ئیرادەی حیزب نەبێتو لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا هەڵەیەکی مێژوویی ترسناک نەکات، ئەگەر هاتوو ویستی پەلەکردن لەدەستوور بوو بە بەرنامەیەکی جدی،ئەواکاریهەموانەهەڵمەتی مەدەنی ئاشتیوان بگرینە بەر بۆ رەتکردنەوەیو بە دەنگی نەخێر سیناریۆی پەلەکردن لە دەستوور هەڵبووەشێنینەوە. ئەم کارەش بە پلەی یەکەم کاری رۆشنبیرو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە، کە لەم رووەوە دەستپێشخەربن. خەونی نەتەوەیەک بە هەموو شوناسەکانییەوە، بە هەموو رەنگو خواستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانو بەهەموو مۆدێلەکانییەوە، دەبێت لە داڕشتنو نووسینی دەستووردا رەچاوبکرێت، نەخشەی داهاتووی ئەم وڵاتە قابیلی مەتەڵکردنو موجازەفە نییە. هەروەها کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لەم رووەوە دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەوە، بەوەی تا چەند دەتوانێت بەپێی رێساو رێنماییەکانی خۆی کار بکاتو تەسلیمی ئیرادەی هیچ هێزو گروپێک نەبێت؟ هەربۆیە نابێت دەستوور بەپەلە پەسەندبکرێت،بەڵکوبەشێوەیەکی سروشتیو ئاسایی خۆی پرسی پەسەندکردنی دەستوور بڕوات بەرێوە، کە بێگومان ئەوەش لە رێگای پەرلەمانی داهاتووەوە دەکرێت.

**بۆ ئەوەی لە ستەمکاریی دووربکەوینەوە، بۆئەوەی دەستوورێک هەبێت ئایندەیەکی دیموکرات گەرەنتی بکات، دەبێت لەو شێوازە نارۆشنەی ئێستای بێتەدەرێ، هیچ کەسو لایەنێک مافی نییە ئێستای ئێمەو داهاتوومان لەدەستووردا رەسم بکات کە بەشداریمان تێیدا نەکردووە**

Hawre_8@yahoo.com

# لیستی گۆڕان بۆچی؟

سالار رەفیق حەسەن



کێبڕکێی (١٨) ساڵەی دوو زلحیزبی دەسەڵاتدار بە شەڕی گەرمو ساردەوە، بە باوەشپیاکردنو راموسینەوە بەیەک ریتم رێدەکات، ئەوەش گەیشتنە بە پارەو دەسەڵات بەشێوازێک پارەو دەسەڵات رێکخراوە، دابەشکردنو بەخشینەوەی دەبێت لە بەرژەوەندیی پیاوانی لوتکەو ئەنجومەنی دەسەڵاتداری، ئەوەی لەم سیستمەشدا بە رەهایی بڕیاردەدات، میزاجو منگەرایەتییە نەک سیستمی حکومڕانێکی تەندروست، بەجۆرێک نەخشەی بۆ داڕێژراوە سەرجەم کۆمەڵگا بە مەرجێک سوودمەند دەبن کە لە ئارەزوو و سوودی لوتکەی دەسەڵات قوتارنەبێت، لە فەرمانبەرێکەوە، لە پۆلیسێکەوە بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت.

بەرژەوەندیخوازەکانیش لەسەر ئەم بنەمایانە کۆکنو هەمەهەنگی دەکەن، واتا تۆ بە هەر جۆرێک بیردەکەیتەوە، دەبێت ئەو هێڵە سوورەی کە بەرژەوەندیی حیزب دایڕێژاوە، نەبەزێت.

(١٨) سالە دەسەڵاتی کوردی نەک چارەسەری کێشەو گرفتە سەرەکییەکانی نەکردووە، بەڵکو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە زۆرکردنی کێشەو سەرهەڵدانی قەیرانی نوێ، وێرانیی گوندەکان، دابەزینی ئاستی خوێندنو زانکۆکانی کوردستان، لەلاتان سەیرنەبێت! جوتیارانی کوردستان هەزاران دۆنم زەوی بەجێدەهێڵنو دەبنە کرێچیو کرێکار لە قەراخ شارەکان، ئەوە خوێندکاری ئەم وڵاتەیە دکتۆرای هەیە لە قانووندا و زمانی عەرەبی نازانێت.

زۆرو زەوەندی دابەشکردنی زەوی بەشێوازێک نەوەی نوێ لە ئەمڕۆدا لەسەر شاخو گردۆلکەکانیش مەترێک زەوی دەستناکەوێت، بێ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو دەستگرتن بەسەر بازاڕدا تەنانەت عەربانچییەکانی ئەم وڵاتەش دەڵێن دەسەڵات شەریکمان بوایە، پۆلیس کوناوکونی شاری پێنەدەکردین.

دواتر دەسەڵاتی خۆماڵی ئەوەندە کارەساتئامێزە نەک رەخنە لە رابردووی خۆی ناگرێت، بەڵکو پرۆژەی خزمەتگوزاریمان پێ دەفرۆشێت، لە شاشەی (٤٧) چوارتای ساڵی ١٩٩١ پایزی پیشاندەدات، ئەوەش چوارتای بەهاری ساڵی ٢٠٠٩، ئەمە چەند پرسیارگەلێک بەشوێن خۆیدا دەهێنێت:

١- حکومەت ئەرکی خزمەتگوزارییە، ئێوە دیوتانە خاوەن ماڵێک چرایەک، موبەریدەیەک بۆ ماڵەکە خۆی بکڕێتو گەرەک کۆبکاتەوە بڵێت دیوتانە چی دەکەم بۆ ماڵەکەم.

٢- ئەوجۆرە خزمەتگوزارییە رووکەشانەو ئەو کۆڵانە ماکیاژکراوانە لەگەڵ لادێکانی ساڵی ١٩٩١، ڤێللاو باخەکانی خۆشتان پیشانبدەن.

٣- بێکاریی تێکچوونی پردی متمانەی نێوان ئێوەو جەماوەرو بەرزبوونەوەی کێرڤی نارەزایی نەتانپرسیوە لەبەرچی؟ لەم سۆنگەوە دەستکورتیو هەژاریی حکومەتو حیزب لە وەڵامدانەوەی کێشە ناخۆییو دەرەکییەکان، مەترسیی ئەزموونەکە لە لەناوچوونی لەبەردەم هەرەشەی گەندەڵیو پاشاگەردانیدا، لیستی گۆڕانی هێنایە بوون.

دیارە پرۆژەی چاکسازییو هەوڵدان هەبووە بۆ گۆڕانکاریی لە ناوخۆی حیزبدا، بەڵام گەیشتوونەتە بنبەستو بەشێوەیەک نەوشیروان مستەفا، هەڤاڵانی مەکتەبو سەرکردایەتیو کادیرانی رێکخستنو پێشمەرگەی دێرین بەشێوەیەکی مۆدێرن حیزبیان جێهێشت، جێگای خۆیەتی لەم ساتەدا وتەیەکی جەنابی د.بەرهەم ئەحمەد سالح شرۆڤە بکەم، کە لەسەرەتاکانی ٢٠٠٩دا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجومەنی مەڵبەندەکانی حیزبدا کردو یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، وتی: «ئەگەر خۆمان نەگۆڕین، ئەوا دەمانگۆڕن»، لێرەوە دەپرسم کامەیە پرۆژەو هەنگاوی گۆڕانکاریی، تەخشانو پەخشانی پارەی میللەت بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆتانو مانەوەی دەسەڵاتتان، نانبڕینو دەستخستنە گەرووی بیروڕای ئازاد، گۆڕانکاریی لە دەنگکڕیندا، ئەمانەن بە دامەزراوەکردنی کایەکانی حیزبو حوکمڕانی، گۆڕانکاریی لە فڵان پۆستی حکومییەوە بۆ فڵان پۆست، هەڕەشەکردن لە فەرمانبەرانی حکومیی، ئەمەیە گۆڕانکاریی؟ لێرەدا دەپرسین ئەم دۆخە پێویست نییە بیگۆڕێت، ئەمجۆرە سیاسەتکردنە بەرەو کوێمان دەبات؟ ئیتر کاتی ئەوەیە بڵێین بەڵێ لیستی گۆڕان چەندە گرنگو بایەخدارە بۆ ئەم ساتە مێژووییەی کوردو ئەزموونو حکومەتەکەی پێدا گوزەردەکات..

# پەرلەمانی کوردستان‌و یاریی تۆپێن

**نامۆ شەریف**

ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوە خوێنەر بخاتە ئەندێشەی ئەوەی کە دەبێت چ جۆرە جیاوازی‌و لێکچوونێک لەنێوان پەرلەمان‌و تیپێکی یاریی گۆلگۆلێندا هەبێت کە بەمشێوەیە خراونەتە پاڵ یەکتری؟! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەمدواییانە چەند لێکچوونێکی سەیر لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا دەرکەوتن، کە گرنگترینیان پێدانی (وەقتی زایع)ە بەپەرلەمان لەلایەن پەرلەمان خۆیەوە، ئەمەش هەروەک درێژکردنەوەی ماوەی یاریکردنە لەگۆلگۆلێندا بۆ قەرەبووکردنەوەی کاتی بەفیڕۆچوو لەکاتی یاریکردنەکەدا.

لێکچوونێکی دیکەی نێوان پەرلەمان‌و گۆلگۆلێن هەوڵ‌و خستنەگەڕی ئەوپەڕی توانایانە بۆ تۆمارکردنی گۆڵی کۆتایی. بەڵام جیاوازییەک لێرەدا دەردەکەوێت، ئەویش ئەو لایەنەیە کە گۆڵەکەی لێدەکرێت. بەداخەوە لەگەمەی سیاسی هەرێمەکەی ئێمەدا، خەڵکی کوردستان گۆڵی لێدەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە کە بەحیساب نوێنەری خەڵکەکەن‌و بە دەنگی ئەوان بوون بەیاریزانی گۆڕەپانی سیاسەت.

ڕەنگە ئەم قسانە هەندێک لەئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان قەڵس‌و نیگەران بکات، بەڵام ئێوە خۆتان حوکم بدەن، ئەگەر دەستوور بۆ خەڵکی کوردستانە خۆ هەرهیچ نەبێت پێویستە دەستوورەکە بڵاوبکرێتەوەو خەڵک شتێکی لەبارەوە بزانێت پێش ئەوەی کاغەزی سپییان پێ ئیمزابکرێت، هەرچەندە ئەوەندەی من بیزانم لە وڵاتە نادیموکراسییەکاندا دەسەڵات خۆی لەسەرووی خەڵکەوە دادەنێت‌و لەباتی خەڵک بیردەکاتەوەو بڕیاریش دەدات. ئەم بەزمی داڕشتنی دەستوورەی لای ئێمەش نموونەیەکی زیندووی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە.

ئەگەر ئەمانە لێکچوون بووبن، بێگومان جیاوازی زۆریش لەنێوان هەردوولادا هەن. لەیاریی گۆلگۆلێندا هێز لەفیکەو زریکەی جەماوەرو هاندەرانەوە وەردەگیرێت‌و هەموو شتێکیش بە بەرچاوی هاندرانەوە دەکرێت، بەڵام بۆ نەگبەتی ئێمە پەرلەمانەکەمان لەمەیاندا لەتیپی گۆلگۆلێن ناچێت‌و هێزو گوڕ لەحیزبەکانەوە وەردەگرێت‌و لەئاست هاوارو ناڵەو فیغانی خەڵک‌و میدیاو کۆمەڵی مەدەنیدا کەڕەی شەربەتەو مێش میوانی نییە، ئەمە بێجگە لەوەی کەدەستوورەکە لەمەتبەخی حیزبەکاندا دەپێچنەوەو بەپێی ئیشتیهای ئەوان بەهارات‌و بۆن‌و بەرامەی بەسەردا دەکەن هەروەک ئەندام پەرلەمانێک فەرمووی سوودیان لەبەهاراتی سوودانی‌و بۆن‌و بەرامەی لوبنانی‌و ترشەسماقی دەستووری تورکی وەرگرتووە بۆ داڕشتنی (دۆڵمە دەستوور)ی کوردستان. جادەستوورێک لەو وڵاتە پڕ ئاشووب‌و فەرتەنانەوە وەرگیرابێت، دەبێت چۆن مەعیدەو ریخۆڵەی خەڵکی کوردستان داغان بکات..!!

ئەو جیاوازی‌و لێکچوونانەی سەرەوە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا تا ڕادەیەک ئاسایین، بەڵام ئەوەی زۆر نائاساییەو خەڵک بەئاسانی هەستی پێدەکات، ئەوەیە ئێستا گۆلگۆلێن‌و کێبڕکێکە کەوتووەتە نێوان خەڵک‌و پەرلەمانەوە کەدەیەوێت لەوەقتی زایعدا گۆڵێکی جوانی لێبکات، هەر بۆیە لەم گەمەیەدا خەڵک پێویستی بەدادوەرو لاینمانی بەئینساف‌و بێلایەنە بۆ ئەوەی نوێنەرەکانیان گۆڵیان لێنەکەن‌و کڵاوێکی مێژوویان نەکەنەسەر کە دوایی وەک گۆڵەکانی دیکە بەئاسانی لێیان نەبێتەوە.

namo.sm@gmail.com

# مەکۆی گۆڕان‌و بێڕێزیی دامەزراوەکان

**ئاوات عەبدولڕەحمان**

> **باشکردنی سیستمی تەواوی دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگا لەڕووی پاراستن‌و کەرامەتی تاکی کورد، ئەرکی سەرەکی ئەم سیستمە تازەیەیە کە بووەتە جێی باس‌و هەڵوەستە لەسەرکردن**

ئەم بۆچوونە دراوە بە کاندیدێکی نوێی پەرلەمان، بەڵام بە هەندی‌وەرنەگرت.

گۆڕان یان جیاوازبوون لە سیستمی سیاسی پێشتر، کەواتە گۆڕان لە سیستمی بێڕێزیی دامەزراوەکانە بەرامبەر کۆمەڵگا لەپێناو ئاشتی‌و گەڕانەوەی بەها ئەخلاقی‌و مرۆڤایەتییەکان بۆ کۆمەڵگا. پێویستە ئەرکی سیستمی سیاسی تازە سەرەڕای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ژیارییەکان‌وەک شوێنی نیشتەجێ‌و ڕێگاوبان و دامەزراوە خزمەتییەکان‌و شوێنی گەشتیاری کە هۆی پێدانی ئارامی‌و عەقڵی تەندروستە بە تاکی کورد، بەڵام بێ هەستکردن بە بوونی ڕێزگرتنی کەرامەتی خودو خۆخواردنەوەی ناخی خۆو سوکایەتی‌و شێواندنی دەروونی ئەو خزمەتانە سوودێکیان نابێت. پاراستنی کەرامەتی ئینسانی کوردو پیرۆزکردنی بەهاکانی‌وەک مرۆڤ‌و هەست بە بوونی خۆکردن‌وەک مرۆڤ سەرەتای سوودوەرگرتنی خۆشییەکانی ژیانن. بۆیە باشکردنی سیستمی تەواوی دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگا لەڕووی پاراستن‌و کەرامەتی تاکی کورد، ئەرکی سەرەکی ئەم سیستمە تازەیەیە کە بووەتە جێی باس‌و هەڵوەستە لەسەرکردن.

بۆ نموونە دامەزراوەی هێزەکانی ناوخۆ بەگشتی‌وەک ئەرکێکی بۆ ماوەیی‌و پێشینەیەکی مێژوویی لەسەرەتای دروستبوونیان‌و بەتایبەت کۆتایی حەفتاکان مامەڵەی ئەم هێزانە لەناو کۆمەڵگادا دوای گۆڕانی چەندین ڕژێمی سیاسی‌وڵات‌و بە حیزبیکردنی‌و بە لاڕێدابردنی ئەرکی سەرەکی ئەم هێزە بووەتە بێزراو کردن‌و ناشرینکردنی ئەرکی سەرەکی ئەم هێزە سەرەڕای پێشکەوتنی ئاستی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هۆشیاری‌و بواری تەکنەلۆژی لە کۆمەڵگا لە بەرامبەردا سیستمی کارگێری‌و بەڕێوەبردن‌و مامەڵەی ئەم دەزگایەو تەنانەت جل‌و بەرگە تۆقێنەرەکانیان هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە. جگە لە یاساکانی سەربازی کە هێزەکانی ناوخۆش دەگرێتەوە، کە ئەگەر بە ئەرکی حکومەتی ناوەندیش بزانرێت پێویستە لە بەرنامەدا بێت، کاری بۆ بکرێت‌و برگەی تایبەت بە هەرێمەکانی تیا بچەسپێنرێت، بەڵام هونەری جێبەجێکردنی ئەرک‌و مامەڵەی ئەم دەزگایە لەگەڵ هاوڵاتییان دەتوانرێت گۆڕانکاری گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت، تەنانەت لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرێتییەکانی، بەڵام پاڵپشت بە دەقی دەستووری‌و یاسا کار بکرێت بۆ گۆڕینی جل‌و بەرگی پۆلیسی ناوخۆیی‌و سەرەتای تۆمارکردنی داوای یاسایی‌و چۆنێتی بەڕێوەچوونی داواکەو سزادان یان سەلماندنی بێ تاوانی‌و سەردانکردنی ئەم دەزگایە کارێکی سروشتی‌و ئاسایی بێت‌و سومعەی ئینسانی پێ لەکەدار نەبێت، یان لەکاتی بانگکردن بۆ بەردەم یاسا هەستنەکرێت بەند دەکرێیت یان سوکایەتیت پێدەکرێت، بەڵکو ڕەنگە بۆ پێدانی ڕێنماییەکی یاسایی بێت، ڕێگەگرتن لە ئیهانەکردنی کەرامەت‌و تاوانبارکردنی بێ تاوان‌و بەندکردنی بێ هۆو ئازادکردنی پاش چەندین ڕۆژ لە شکاندنی ناوبانگ‌و برینی ڕۆژانەی ژیانی خێزانێک‌و بوونە هۆی دەرکردنی لە کارو ئیهانەکردنی دەروونی‌و ئازادکردنی. ناکرێت بە ئازادکردنی بێ تاوانی بسەلمێنرێت، چونکە ڕێگا خۆشدەکات بۆ گەندەڵی یاسایی‌و ئیداریی لایەنی جێبەجێکار، کە کارێکی سروشتییەو ئەوانیش ئەندامی کۆمەڵگان‌و بێ کەموکوڕیی نین، لە زۆر کۆمەڵگا ئەم ڕەفتارە بوونی هەیە، بۆ ڕێگاگرتن لەم گەندەڵییە پێویستە بە پێبژاردنی مادی‌و مەعنەوی ژەند بەرامبەر بەپێی ڕۆژانەی کار بۆ کەسی زیانلێکەتوو بگەڕێنرێتەوەو دامەزراندن‌و کارکردن لەم دەزگایە لەسەر بنەمای خۆشویستنی کارو پیشەیی‌و هەڵسەنگاندنی دەروونی‌و تایبەتمەندبوون، تاقیکردنەوەی پێشوەختی مۆدێرن بێت.

پۆلیسی هاتوچۆیی‌و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هاتوچۆ سەرەڕای ئەرکێکی پیرۆزو خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵگا، بەڵام ئەمانیش لە جێبەجێکردنی یاساکانیان‌و ڕێگری لە سەرپێچییەکان لەپێناو ژیان‌و پاراستنی نەزمی گشتی ماف‌و کەرامەتی لایەنی بەرامبەرو کەسی سەرپێچی کار ئیهانە دەکەن، لە ئەنجامی لێپێچینەوە یاساییەکانیان کەواتە ئەرکی سیستمی تازەیە نەک ئەم دامەزراوانە بگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسایی لە پێشکەشکردنی خزمەتەکانیان، بەڵکو لەگەڵ پێشچوونەکان بیانگونجێنێت لە چۆنێتی داواکردنی بەڵگەنامە یاساییەکان‌و بەکارهێنانی سیستمی وێنەیی‌و لێپرسینەوەکان لەو ڕووبەڕووبوونەوە تەقلیدییە ڕزگاربکرێت‌و بەشێوەی ناردنی پسوڵەو داواکاری بۆ ئامادەبوون بە نووسراو کەسی سەرپێچیکار ئامادە بکرێت، لە بەشی یاسای پەیوەندیدار بەو کارەوە نەک هەڵکوتانە سەر سەرپێچییەکان بە هێزو بە کۆمەڵ‌و شێوەی سەربازیانەو شکاندنی کەرامەت‌و لاوازیی دەروونی‌و لاوازکردنی ئینتمای کەسانی تێوەگلاو لەم سەرپێچیانە، چونکە سزا بەرامبەر سەرپێچی بۆ چاککردن‌و دووبارە نەبوونەوەی سەرپێچییە نەک ئیهانەی کەرامەت‌و تێکدانی باری دەروونی‌و دروستکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی دەروونی تاکی کۆمەڵگا بەرامبەر بە سیستم، بە هەمانشێوە لەکاتی دامەزراندن‌و کارکردن لەم بەڕێوەبەرێتییە ئاستی هۆشیاریی‌و دەروونی‌و بواری خوێندن لەبەرچاو بگیرێت نەک ڕازیکردن‌و مووچە بەخشینەوەو خوێندنگای تایبەت بەم بوارە دابمەزرێنرێت بۆ زیاتر بە مەدەنیکردنی خزمەتگوزارییەکانی‌و دوورخستنەوەی لە شێوە سەربازیی‌و داماڵینی لە چەک‌و ئۆتومبێلی سەربازیی.

دامەزراوە ئیداریی‌و کارگێڕیی‌و مەدەنییەکان بەهەمانشێوە سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سیستمی ئەلیکترونی تائێستا لەگەڵ سی ساڵی ڕابردوو گۆڕانکاری دیارو بەرچاوی تێدا نەکراوە، دەتوانرێت لە ڕێگای سندوقی ئەلیکترۆنی‌و داتایی‌و زانیارییە کەسییەکان بەوێنەوەو بەئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکان لە ڕێگاتی تەلەفونات‌و نامە ئەلیکترۆنییەکان کارەکانی هاوڵاتی لە فەرمانگەکان ڕاپەڕێنرێت، یان ئاسانکاریی تەواوی بۆ بکرێت لەم ڕێگایەوە لەجیاتی چەندینجار سەردانکردنی فەرمانگەو ئامادەکردنی چەندین بەڵگەنامەی جۆراوجۆرو پشتگیری کە پێویستە هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە یەکجار هەموو زانیارییە کەسییەکانی کۆبکرێتەوەو لەکاتی گۆڕانکاری بنەڕەتی زانیارییەکان نوێ بکرێتەوەو بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆرو نەبوونی شوێنی حەوانەوەو چاوەڕوانی بە شێوەیەکی گونجاوو مۆدێرن لە فەرمانگەکان بە کاتێکی کەمو یەک سەردان کارەکان ئەنجامبدرێن، بەمەش کەرامەتی ئینسان دەپارێزرێت لە بەپێوەڕاگرتنی بێسوودو ڕیزکردنی‌و بە یاساییکردنی سزادانێکی جەستەیی‌و دەروونی بێ هۆو سەپاندنی گەورەیی کەسانی دەسەڵات‌و پلەدار بەسەر هاوڵاتییانی پلەدوو.

# دەستوور بۆ خەڵکە..دەبێت جێگای ئومێدی خەڵکیش بێت

**گۆران عوسمان**

دیارە دەستوور لە هەموووڵاتێکدا بۆخەڵکەو یەکێکە لە گەورەترین ئەو نەخشە گەورەییەی کەوڵاتی لەسەر بەڕێوەدەچێت، لەبەر ئەوە دەبێت دەستوور بۆ خەڵک بێت‌و خەڵکیش بڕیاری لەسەر بدەن، کە ئایا ئەو دەستوورە جێگای ئومێدی ئەوانە یاخود نا، لەئێستادا ئەوەی جێگای نائومێدیی لەلای خەڵکی‌و لایەن سیاسی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دروستکردووە، ئەوەیە کە پەرلەمانە ناشەرعییە هەڵوەشاوەکەی هەرێمی کوردستان تەنیا دەسەڵاتە، ئەو دەستوورە پەسەند دەکات‌و پێی باشە وەک خۆی بمێنێتەوەو هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکرێت، ئەوەش دیارە کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، دەنا ئەوان ئەوەندە دڵسۆز نین، ئەوەی جێگای سەرنجە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی یەکێک لە ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە لە گۆڤاری جیهاندا بڵاوکراوەتەوەو لە جوابی یەکێک لە پرسیارەکانی گۆڤارەکەدا بە ئاشکرا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە لە حکومەتی داهاتوودا وەزارەتەکان کەمدەبێتەوە، دیارە مەبەستەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەنییە کە پێمان ناخۆش بێت وەزارەت کەمبکرێتەوە، بەڵکو کارە نەگونجاوەکە ئەوەیە کە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی لەئێستاوە بڕیار لەسەر دەستوورو دەرکردنی یاساکانی پەرلەمانی داهاتوودەدات، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو خەڵکە بکات کە تاچەند ئەو دەستوورە بۆ ئێستا قبوڵە، چەوەشاکردنی خەڵک بە بۆنەی کاتی ناسک‌و بارودۆخی نا ئاساییەوە یەکێکە لە مەقاشەکانی دەسەڵات لە هەموو ئانوساتێکی پەلەقاژێکاندا بەکاریدەهێنن.

خۆدزینەوە لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان پیشەی هەمیشەیی دەسەڵات بووە، کەسیش نەیتوانیەوە پێیان بڵێت پێتان لار داناوە، مەسەلەی مادەی (١٤٠)، ناوچە دابڕاوەکان، کەسوکاری ئەنفال، دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجە، فڕۆکەوانەکە، تاریق ڕەمەزان، ئەمانە شتگەلێکی مەزهەلەبوو کە پیشانی ئەو خەڵکەتان داوە، بەڵام ئەوەی ئێستا بۆ خەڵکی هەرێم هاتووەتە پێشەوە مەسەلەی دەستوورەو نابێت خەڵک پشتگوێی بخەن، نابێت لە دەسەڵاتی قبوڵ بکەن کە بە ئارەزووی خۆیان یاریی بە دەستوورو یاساکانی هەرێمەوە بکرێت، خۆ ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوەش بدرێت کە سەرۆکی هەرێم ئەو یاسایە پەسەندبکات کە ئایا دەستوور هەڵبووەشێنرێتەوە ئەوەش دیسانەوە جێگای مەترسییە، چونکە تا باوەڕ بەوە دەکەین کە ئایا سەرۆکی هەرێم لەکوێندەرە ئەوە زۆری پێدەچێت، خۆ بڕیاردانیش لەسەر دەستوور لای سەرۆک ئەوە هەر باس نەکرێت باشترە!

یارییپێکردنێکی دیکە بە شعوری ئەو خەڵکەو ئەندام پەرلەمانەکانیش ئەوەیەکە زۆربەی زۆریان نازانن ناوەڕۆک‌و نووسراوە دروستکراوەکانی ئەو دەستوورە چی تێدایە، چ خاڵێکی پەیوەندی بە سەرۆکەوە هەیە، چ خاڵێکی پەیوەندی بە مافەکانی خەڵک‌و دەسەڵاتەوە هەیە، تا چەند مافی مرۆڤ لەو دەستوورەدا چەسپێنراوەو مافەکان شمولی کێ دەکات‌و شمولی کێ ناکات! لەبەر ئەوە دەبێت خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە تێبگەن کە چی لە بەرژەوەندی خەڵکدایە ئەوە بکرێت، دەستوورو یاسا، نابێت خەڵکی ئەوە قبوڵ بکەن کە بە بێ ئاگاداری ئەوان ئەو دەستوورە پەسەندبکرێت‌و تازەنەکرێتەوە.

Goran_Penws@yahoo.com

# مەنسول ..حیمایە، خەڵک!

**ئەردەڵان هەڵەبجەیی**

ئینجا عەرزی برای خۆم بکەم هەر لە زەمانی زوو زووە دیـواری زۆر گەورەو پانوپۆڕ هەروەک ئەو دیوارەی پێی ئێژن شواری چین، لە مابەینی خەڵکو مەنسولدا هەس، ئیتر برا ئەو دیوارە گەورەو زەبەلاحە وایکردگە کە مەنسولەکان هەرگیزاو هەرگیز نەتوانن ئەودیوو ئەو دیوارە، کە موجتەمەعو کۆمەڵگە داماگەکەس ببینن‌و لێی حاڵی بن، بەلێ‌ئەو موجتەمەعەی کە ڕۆژگاری زوو، جاری جاران (دوربێ لە ئێستا)، ئەوانیش هەر لەوێدا بوون‌و دیوارەکان وەقەیەر ئێستا قایم‌و ئەستوور نەوو.

ئیتر قوربان قەیەری ئیلاهی‌و لالۆ ئەمریکا گیان، قەراریاندا ئەو دنیا بگۆڕێت..ئەمە هەژدەساڵ بەر لە ئێستا، هەروەک مامۆستای ماتماتیک دەیوت؛ ئەوهاوکێشە وە نۆعێکی دیکە حەلبکرێت.. ئیتر بەسە با دارا هەر دوو دار نەوینێ، ئەوێ چی دیکە بووینێ.

ئیتر قوربان هەر لەو ڕۆژەوە دیواری زەبـەلاح، مەنسولی زەبـەلاح، دیکتاتۆری زەبـەلاح، کۆشکو کۆمپانیای زەبـەلاح، دروووسـت بـوون، دێـوی زەبـەلاح کە لە تواناياندا هەس هەموو ئەم شارە لوش بیەن، هێشتا نەیەژن ئۆخەی!!.

ئیتر بم وەسیاقەو لەو ڕۆژەوە شتەکان گۆڕیان .. مەعنای هەموو شتەکان گۆڕیان.. ئیتر لەو ڕۆژەوە قەت دارا دوو داری نەبینی..

ئیتر... حەقیقەتی دوو دار زەرورەتی نەما!!!.

ئینجا برا لەمابەین ئەم گۆڕانکایانەدا شتێک هەبوو جاری جاران پڕ لە ئەدەب‌و ئیحترام بوو، پێیانەوتن حیمایە قەتاو قەت سەیری زەعیفەیان نەئەکرد.. ئەترسیان لە حەیای خۆیان‌و مەنسولەکەیان .. دوور لەئێستا ئەو زەمانە حەیا ماوو!!!.

ئێستا ئەوانیش لەتەک ئەم گۆڕانەدا گۆڕیان‌و گەورە بوون!!! هەروەک میزەڵان فوو دریان.. ئەم حیمایانە جاران مەنسولەکان شەرمیان دەکرد وەدوای خۆیانیان خەن، ئێستا زۆری ژمارەیان، باڵای بەرزو کەتەیان، ناوچاوانی چرچ‌ومۆنیان .. حیساب نەکردن بۆ خەڵکو قانوونەکان، بەتایبەت مروروو ڕێنماییە هاتوچۆییەکان .. جامی ڕەش‌و زیکزاک‌و تەقلەلێیان ... پێوانەن نەک گەورەیی خۆیان دەیسەلمێنێت گەورەیی مەنسولەکانیان!!.

ئـەی چـۆن بـرا ئێستا مەنسولەکان حیمایەیان گەرەکە، حیمایە لە حەموو چت لە خەڵک لە موجتەمەع ئەو موجتەمەعەی کە ئەوانی دروستکردووە..و سوبحانەالله خەباتیان بۆ کرد!!!.

بەڵا ئەوان پێویسیان وەحیمایە هەس، ئینجا حیمایەیچ مۆدێلی هەس، قوربان تۆش کە بووی وەحیمایە لەبیرتە چێتۆ ڕۆژێک لـەڕۆژان هەر کوڕی ئەو میللەتە بووگی‌و ئەوانیش هاوڵاتین هــەروەک تـۆ، ئیتر مەنسولەکەت لوتکەس کاریزماس هەموو شتێکەو هەموو شتێک بکە لە پێناویا!!!.

هەموو نۆعەکانی موخالەفە، هەموو ئەوانەی نارەواو نەشیاوە هەموو ئەوانەی ناکرێت‌و نەکریاوە، دڵنیابە بۆ تۆی عەزیز قەتاو قەت ئەستەغفیرەڵلا موخالەفە نییە نەشیاو نییە!!! نەکریاو نییە!!!!.

مـادام مەوزوعەکە هاتە سەر حیمایە من بەسەرهاتێکتان بۆ ئەگێڕمۆ کەوەسەر بەندەی حازریا هات:

ئێوارەی پێنج شەمەس ٢٠٠٩/٦/١١، چونکە بەیانی عوتلە بو لەگەڵ خاوخێزانا چوینە دەرۆ جەوێک بگۆڕین‌و ڕدەوردەووە هێمنی‌و لەسەرخۆ ماشێنەکەم لێ ئەخوڕی.. لەنزیک پردەکەی سەرچنار، ئەو پردەی دوو سەعات دوای تەسلیمکردنەوەی دەسمانکردۆوە تەعمیرکردنەوەی، بەڵا شتێکی زل.. قەبە .. گــەورە.. جام ڕەش‌و تاریک.. هــەروە هــەوەس‌و بۆ خۆشی یان هەر بۆ ئەوەی گەورەیی‌و پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت، یان هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە چەند گەورەو موهیمە یان هەر بۆ ئەوەی ماشێنە ئاخر مۆدێلی مەنسولەکەی تاقیکاتۆو بزانێت، ئەگەر بیکێشێ وە ماشینی هاوڵاتیەکدا چی پێ تێت.. شوختی تێ ئەکەوێت... یان ڕەنگە ئەو حیمایەی مەنسولە هەر نەخۆش بێت‌و حەز بکات ئازاری ڕۆحی خەڵکی بدات... خۆی کێشاوە ماشێنەکەی منا..

ئینجا بـرا زۆر سـەرتـان نەیەشێنم، نەوێساو تێی تەقاند، منیش گەرەکم بوو بزانم ئەم پیاوە بەرزە کێس ..گەرەکم بوو بزانم ئەو جام ڕەش‌و ناخ ڕەش‌و بینین ڕەشە حیمایەی کێس؟؟؟ هەر گەرەکمە بزانم حیمایەی کێیس... ئینجا منیش بەردەوام دەسم لەسەر هۆڕن‌و فوڵ دانیاو دوای کەوتم.

ئەم موتارەدە وەک فلیمە ئەمریکیەکان بــەردەوام بوو تا پاترۆڵی مۆدێل بەرزی جام تاریکی ژمارە (٧٤٦٥) خۆی کردووە بەنزینخانەی بینایبا ...دیارە کۆمەڵێکی دیکە پیاوو حیمایەی وەک خۆی لەوێ‌بوون.

بێ عاوی نەوێ لە ڕووتانا هەر لەگەڵ وێسانا دوو جنێوی تەڕم پیدا، ئینجا قوربان حیمایەکان لـەدەورم کۆوەبوون شۆفێری بەڕێزو موحتەرەم هاتە پێشێ (کاکە چی بوە چ زەرێکت کردووە لۆت ئەبژێرم)).

تورەتر بووم(( هیچم ناوێت بۆم ببژێریت... بەس یەک تۆز ئەدەب‌و ئیحترامم گەرەکە.. ئەوە ئەدەبە خۆت بکێشی وە سەیارەیە کاو وەجێی هێڵی؟؟؟)).

کاکە گیان وابزانم زۆرم گوت... سەرتان نەیەشێنم یەکێکیان هات دەستیکردە ملم‌وگوتی (( بەناوی هەموومانەوە داوای لێبووردنەکەم چیشت پێویستە بەسەر چاو سبەینێ وەرە فلان شوێن، ئێمە حیمایەی (ع.ر)ین.. بەسەر چاو چ دەلێی لۆت جێبەجێ دەکەم)).

ئەمە سەیر بوو وەلامەوە نەمزانی هەر خۆی موحتەرەم بـوو، یان ئەو ئیحترامە پەیوەندی وە مەسەلەی هەڵبژاردنەوە بوو..

منیش وتم .. کاکە من هیچم نەگەرەکە لە یەک تۆز ئەدەب‌و ئیحترام زیاتر....

بــەڵا ئەم ئێوارە بوو لەگەڵ خێزان‌و منداڵەکانمدا چوینە دەرۆ جەوێک بگۆڕین.. ئەیچۆن گۆڕیمان ...

گوتم: ژنەکە باشترە بڕۆینۆ ماڵەکەی خۆمان ... لەوێ جەو بگۆڕین .. لەوێ نە مەنسوول نە حیمایەی کێیە!!.

ئینجا قوربان هەر لەگەڵ گۆڕانەکەی لالۆ ئەمریکا لە هەژدە ساڵ بەر لە ئێستاوە مەعنای شتەکان لەم موجتەمەعدا گۆڕیان...

بۆ نموونە مەعنای ئەخلاق .. خۆشەویستی .. ڕێز یاسا ... ئەمانە لە کەسێکۆ بۆ کەسێکی دیکە فەرقەکەن .. ئەم تەعریفاتانە بۆ مەنسول‌و حیمایە مەعنایەکیان هــەس بۆ خەڵکو کۆمەڵگایش مەعنایەکی دیکەیان هەس..

دەی برا وەڵا وابزانم پێویسمان وە گۆڕانێکی دیکەیە ،وابزانم وادەو زەمانی نزیک بووگەسۆ... گۆڕانێک هەموو شتەکان بگۆڕێت ... گۆڕانێک دیوارە ئەستوورترەکەی لە دیواری چین هەرەس پێ بێرێت گۆڕانێک مەنسول پێویسی‌وە حیمایە نەوێت ... گۆڕانێک یاسا بۆ حەمگمان وەک یەک وابێت، وەسەر گشتمان تەنفیز بێت .. گۆڕانێک کە هاتمەدەرۆ نەترسم حیمایەی مەنسولێک خۆیم پیاکێشێت...

گۆڕانێک ئینسان لەسەر حساوی ئینسانی بوون ئیحترامی لێ بگیرێت..گۆڕانێک کەس پێویسی وەپەتپەتێن‌و بازبازێن نەبێت... گۆڕانێک ئەم حەمگە سامانەی ئەم وڵاتە وەتونی بابا نەچێت، بۆ خەڵک بێت.

**هەلی کارکردن**

ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی ئاگاداری سەرجەم پارێزەران دەکات کە ژوورەکەمان پێویستی بە پارێزەرێک هەیە کە بە شێوەی گرێبەست کاربکات بۆ ژوورەکەمان بەم مەرجانەی خوارەوە:

١ ـ هەڵگری پێناسەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بێت.

٢ ـ ئەزموونی ٢ ساڵ لە پارێزەرایەتیدا هەبێت.

٣ ـ پابەند بێت بە دەوام کردنی ڕۆژانە لە ژوور.

هەر پارێزەرێک لە خۆی رادەبینێ با سەردانی ژوورەکەمان بکات بۆ پێشکەش کردنی داواکاری‌و هێنانی (CV) دوامۆڵەت بۆ وەرگرتنی داواکاری بەرواری (٢٠٠٩/٧/١).

**خاوەرزکی احمد**
**بەڕێوەبەری گشتی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٢ – R٥

پـرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندەکانی (گەرمکان + بەردەشان + سۆفیا + هەنجیرە) لە ناحیەی بنگرد.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧١ – R١

پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گوندی داری زاین لە قەرەداغ.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دواڕۆژی گـەڕانـەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٢٨٤٨/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٢٢

ئاگاداری
بڕیار
بۆ داوالێکراوان: فهمی‌و قمریەو لیمۆو فوئادو احمد، کوڕان‌و کچانی محمود محمد امین

ئەم دادگایە بە بڕیاری ژمارە (٢٨٤٨/ب/٢٠٠٨) لە بــەرواری (٢٠٠٩/٦/١٤) بڕیاری دا بە مولک کردن (تملیک) کردنی مولکی ژمارە ١٧٩/٣ کەرتی ٨ ئابلاخ وە لە ئەستۆگراتنی ڕەسمی داواو کرێی پارێزەری، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی پاش تێپەربوونی ماوەی یاسایی پلەی کۆتایی وەردەگرێت و لەو ماوەیدا مافی خۆتە تانەو تمییزی بەکار بێنیت.

دادوەر
شکر سلطان عدۆ شاهین

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤
ژمارە/ ١٣٥٢/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٢

ئاگاداری
داواکار/ علی حسین فرج
بۆ داوا لەسەرکراو/ الله کرم میرزائی بەڕێوەبەری کۆمپانیای (دنا) وێرای کارەکەی

داواکار داوای ژمارە ١٣٥٢/ب/٢٠٠٩ی تۆمار کردووە لە دادگاکەمان بەوەی کە بڕی ١٣٣٧٥٢٦٨٥ سەدو سی‌و سێ ملیۆن‌و حەزت سەدو پەنجاو دوو هەزارو شەش سەدو هەشتاو پێنج دیناری پارەی داواکار (علی حسین فرج)ت لە ئەستۆدایە، بەڵام وێرای چەندین جار ئاگادارکردنەوەت و دواتر لە ڕێگەی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانییەوە، ئاگادار کراوینەتەوە بە گێڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەی ئاماژەمان پێدا، بەڵام تۆ ئامادەییت تێدا نەبووە بۆیە داواکارە لە دادگا بانگهێشتت بکات بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە سەرەتدا بە گێڕانەوەی بڕی پارەی ئاماژە بۆکراو لە سەەرەوە لەگەڵ لە ئەستۆ گرتنی تێچوونی داواکە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت لەکاتی ئێستادا نادیارە دادگا بڕیاری دا ب ئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ ئامادەبوونت لەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٢ کاتژمێر ٩ وە یان بریکار بنێرە بەپێچەوانەوە بە نائامادەیی دادبینی دەکرێیت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سالار رئوف محمود

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی کۆیە ژمارە: ٢٠٠٩/٣١
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٢٣
٢/پوشپەڕ/٢٧٠٩

«ئاگاداری»
بۆ/ قەرزدار: أحمد جابر صعب ـ زانکۆی کۆیە/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان (مامۆستای زانکۆ)، بەڵام ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

پاش ئەوەی وەک قەرزدار ئاگادار کرایەتەوە بە گوێرەی یاداشتنامەی ئاگادارکردنەوەی جێبەجێ کردن، بەڵام دەرکەوتووە کە تۆ شوێنی دانیشتنت نادیارە ئێستا بە گوێرەی نووسراوی بنکەی پۆلیسی کۆیە ژمارە (٢٠٧٢) لە ٢٠٠٩/٦/١٦ جا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە کەوتۆتە ئەستۆت کە بڕەکەی (١٦٢٠٩٨٥٠) شانزدە ملیۆن‌و دوو سەدو نۆ هەزارو هەشت سەدو پەنجا دینارە، بۆیە بڕیارماندا بە گوێرەی ئەحکامی مادە (٢٧) لە یاسای جێبەجێ کردن ئاگادارت بکەینەوە بەم ئاگادارییە کە ئەبێ لە دوو ڕۆژنامەی ناو هەرێم بڵاو بکرێتەوە بۆ ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەیەوە بە پێچەوانەوە ڕێکارە یاساییەکان پەیڕەو دەکرێت بە سەرەتا بە گوێرەی یاسا.

جێبەجێ کاری داد
أراس عبدالخالق عبدالحمید

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤
ژمارە/ ٢٤٨/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٣

ئاگاداری
داواکار/ بهیە سعید علی
بۆ کەسی سێیەم لەپاڵ داوا لەسەر کراو (بەرزان انور صادق)و جمال صالح فتح الله

ئەم دادگایە لە بــەرواری ٢٠٠٩/٦/١١ بڕیاری لە داوای ژمارە ٢٤٨/ب/٢٠٠٩ دەرکردووە بە نائامادەیی بەرامبەرت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو تصرفاتانەی لەسەر مولکی ژمارە ١/٢٨٠ م١م دەباشان کراوە بەپێی قیدی ژمارە ٧/تموز/٢٠٠٤/ بەرگی ١٣٧٤و قیدەکانی دوایی‌و ئەوانەی پەیوەندی بە بەشی داواکار (بهیە سعید علی)یەوە هەیەو تۆمارکردنەوەی لەگەڵ پابەندکردنی بەپێی قیدی ژمارە ٧/تموز/٢٠٠٠/ بەرگی ١٠٤٦

تۆو داوا لەسەرکراوانی تر بە منعی معارەزەی داواکار لەم ڕووەوە ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دادگای خانوبەرە بۆ جێبەجێ کردن و لە ئەستۆگرتنی مەسرەف داواو ماندووبوونی پارێزەرێتی بڕیارێک بە نائامادەیی دەرچووە بەرامبەرت شیاوی نارەزایی لێگرتن تێ هەڵچونەوەو پیاچوونەوەیە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت لەکاتی ئێستادا نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بڕیاری ئامادە پێکراو لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ تانەدانت لە بڕیارەکە لە ماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەرامبەرت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سالار رئوف مەحمود

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پارەو هەڵبژاردن

برِوا نەجم


ئـەگـەر پـارە هـەبـوو بـا بە عەدالەتی بۆ هـەمـووان بێت، ئەگەر نەیشبوو با پێکەوە برسی ببین، بەڵام لەم هەرێمەدا چونکە هیچ بەهایەکی عەدالەت بوونی نییە، ئەم پێوەرە جێبەجێناکرێت، ئەوە بۆ ماوەی (١٨) ساڵ دەچێت لە کوردستاندا پارە بۆ رۆژی رەشی دەسەڵات دانراوە، نەک بۆ خزمەتکردنی خەڵک.. ئەگەر لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین کەس هەیە لە فەرمانبەرو مامۆستاو خوێندکارو تاکەکانی دیکەی میللەت بتوانێت بە وەرگرتنی پارە لەنزیک وادەی هەڵبژاردنەکاندا، ئایندەی خۆیانو نەوەکانیان بە خۆشبەختی بسپێرن.. ئایا ئەو برە پارەیەی کە ئێستا لە خەزێنەکانی حیزبەوە کە ساڵانێکە لەدەمی منداڵانو ژنانی شەهیدو ئەنفالو هەژارانو جوتیارانی ئەم میللەتە دەگیرێتەوەو دەبرێت، لەئێستادا بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتو بۆ برەودان بە حوکمی ناعەدالەتی دابەشدەکرێت بەسەر خەڵکدا، بێگومان هەموومان دەزانین کە ئەو پارەیەی بۆرووسپیکردنەوەی حیزب بەکاردێت، ئەمرۆو ئایندەیش هیچ لە ژیانو گوزەرانی خەڵک ناگۆڕێت، بۆیە دەکرێت فەرمانبەرانی بەئەمەکو مامۆستایانی دڵسۆزو پێشمەرگە دێرینەکانو کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالەکان، لە بەرامبەر ئەم پارە بەخشینەوەیەدا بێنەدەنگو دەنگی خۆیان نەکەنە قوربانی ئەو برە پارە کەمەو خۆیان نەکەنە سووتەمەنی رفتارەکانی کەسانی ناعەدالەتخواز، رێگانەدەن بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە یاریی بە ژیانو موقەدەراتیان بکرێت.. هەچ هەوڵێک بۆ کڕینی دەنگ ئاوا بدرێت، سەرئەنجام میللەت تاکە زەرەرمەندی یەکەمەو دەسەڵات ئەوەندی دیکە ئیرادەیان زەوتدەکاتو دەیانکاتە کۆیلەی چوار ساڵی دیکە لە ناعەدالەتی.. بۆیە پارە لە ئێستادا ناکاتە موژدەبەخشو خۆشگوزەرانیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ.. کۆمەڵ ئەگەر نەبنە کۆمەڵێکی بەئاگاو خاوەن دەنگی خۆیانو لەم هەڵبژاردنەدا کۆدەنگییەک بۆ رزگاربوونی خۆیان لە ناعەدالەتی پێک نەهێننو پشت بە برێک پارە ببەستن، ئەوا ئەو میللەتە دەبێت میللەتێک کە بۆخۆیان مەرگی خۆیان رادەگەیەننو کەسانی ناو دەسەڵاتیش هەمیشە بەو مەرگە پێدەکەنن.. بۆیە دەبێت میللەت بپرسنو بێدەنگ نەبن لەوەی ئەو پارانە لەکوێوە دەهێنرێتو دابەش دەکرێت بەسەر فەرمانبەرو کەسانی دیکەدا، هەچ بێدەنگیەکیش لەلایەن میللەتەوە بۆ پارەبەخشینەوە، دەکاتە حوکمی گەندەڵیو برەودان بە بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانی ئەم میللەت خێر لەخۆ نەدیوە..

ئیتر دەبێت میللەت پارە بۆ دەنگکڕین بەلاوەبنێنو بێنەدەنگ لەسەر ویستو مافی خۆیان، ئەمەش بە دەنگدانیان دەبێت بۆ گۆڕانو ئایندەیان، نەک بە فرۆشتنی دەنگیان.. ئەو میللەتەشی بووە خاوەنی دەنگی خۆی، هەمیشە زیندووە..

# دەستوورو زەمینەی راپرسی

جەبار عەزیز – حاجیاوا

دەستوور قورساییو گرنگی خۆی هەیە، مەرج نییە دەستوور چەند ماددەیەکی نووسراو بێت، بەڵکو زۆر جار عورفو دابی گشتی دەبێتە دەستوورو هاوڵاتییان پەیڕەوی لێدەکەن، وەلێ بەداخەوە لەم هەرێمەدا نە دابێکی گشتی هەیەو نە دەستوورێکی نووسراو، بەڵام ئێستا دوای ١٨ساڵ لەدەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمو بۆشایی دەستووریی، یەکێتیو پارتی دەیانەوێت بەم دوا تەمەنەی پەرلەمان دەستوور تێپەڕێنن، ١٨ساڵ لەسایەی نەبوونی دەستووردا چیتان پێخۆش بوو کردتان، شەڕی ناوخۆو تەخشانو پەخشانکردنی سەروەتی گشتی، چیتان هێشت، سوکایەتی نەما بەکەرامەتی مرۆڤی کوردی نەکەنو هیچ دەستوورو یاسایەکیش نەبوو لەو هەموو کارە دزێوانەتان بپێچێتەوە، ئێستا چ خێرە وا پەلەتانە؟ ئێمە دەستوورێکمان ناوێت کە ئێوە هێڵەگشتییەکانی دیاریبکەن، چونکە هەرهێڵێک ئێوە بیکێشن بە رەنگی حیزبەکانتان دەیکێشن، ئێوە ناتوانن دەستوورێک بنووسن بۆخەڵک دەتانەوێت دەستوورێک بنووسن بۆخۆتان، چونکە راپرسی لەسەردەستوور زەمینەسازیی گەرەکە، خاڵە هەرە جەوهەرییەکانی کە پێویستە پێش راپرسی «فەزایەکی دیموکراسی بخولقێنرێتو گوشارو دەستتێوەردان نەبێت، هەروەها گرنگە هۆشیاریی سیاسی بەرفراوان هەبێتو بوار بدرێتە خەڵک تا لە پرۆژەی دەستوور تێبگەنو رای لەسەر بگۆڕنەوە»، بەڵام تائێستا لەکوردستان ئەو زەمینەسازییە نییە یەکێتیو پارتی یان بابڵێین حکومەتو پەرلەمان نەیانتوانیوە ئەو فەزاگشتییە دروستبکەن تاکو بتوانن دەستوورێکی بێخەوش پێشکەش بەخەڵک بکەن، خاڵی خەتەر لەم پرۆژەیەدا تەنیا ئەوە نییە کە ئەوان دەیانەوێت دەستوور تێپەڕێنن، بەڵکو بریندارکردنی هەستی خەڵکە کە وەک هاونیشتمانییەک لێی ناڕوانرێت، بۆیە ئێمە هاوڵاتییانی کوردستان لەبەردەم بەرپرسیارێتیی مێژووییداینو نابێت بەئاسانی ئەم لۆژیکی حیساب نەکردنە بۆ فەزای گشتیمان بەسەردا تێپەڕێت، ناشێت چیتر هێزە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە بە گەمژەمان تێبگەن، دەبێت تێبگەن ئەوە ئێمەی هاوڵاتیین خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێین.




# ئەدیبانو هونەرمەندان لە پرۆسەی گۆڕاندا

عەبدوڵڵا ئەحمەد

ئەدیبانو هونەرمەندان بەشێکی گرنگو بەرچاون لەهەموو پرۆسەیەکی گۆڕاندا، بێگومان ئەرکی بەرپرسیارێتیشیان دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر مەسەلە هەستیارەکانی وەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو چاکسازییو چاودێریکردنی بەڕێوبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە، سیاسەتێکی دۆگمایی پیادەدەکرێت کە لە هەموو وڵاتانی دیموکراسیدا مۆدێلی بەسەرچووەو باوی نەماوە، ئەو سیاسەتەش سیاسەتی بەحیزبیکردنی هونەرمەندانو ئەدیبانە لەڕێگای ئەو رێکخراوو دەزگا جۆربەجۆرانەی کەحیزب بۆ راوکردنی ئەم دوو توێژە گرنگەی کۆمەڵگا دروستیکردوون.

لە رابردوودا ئەدیبانو هونەرمەندان لە بەگژاچوونەوەی دیکتاتۆریەتدا، نەک تەنیا کاریگەریی بەرچاویان هەبووە، بەڵکو ئامرازێک بوون بۆهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو لە رێگای گوتارەکانیانەوە بەردەوام هەوڵیانداوە کۆمەڵگایەکی هۆشیار ئامادەیی هەبێت، ئەمرۆش شێوازی ململانێکان لەپێناو چاکردنی ژیانی خەڵکو رێگرتنە لەو ناعەدالەتیو بێحورمەتییەی بەرامبەر هاوڵاتییانی کوردستان دەکرێت، کەبێگومان هونەرمەندانو ئەدیبانیش بێبەش نەبوون لەو غەدرە زۆرەی کە کراوە، روونتر بڵێم زۆرێک لە هونەرمەندانو ئەدیبان پشکی شێری ئەو غەدرەیان بەرکەوتووە، ئەویش بەهۆی باڵادەستی حیزبو بەرپرسانی حیزبەوە کە هەمیشە هونەرو ئەدەبیان وەک پاشکۆ بینیوەو کاریان لەسەربچووکردنەوەی وێنەی ئەم دوو توێژە کردووەو نەیانهێشتووە وەک دووکایەی سەربەخۆو ئازاد ئەکتیڤ بێت، کە ئەمەش گەورەترین گورزی کوشندە بووە لە هەژدە ساڵی رابردوودا بەرهونەرمەندانو ئەدیبان کەوتووە، کایە ئەدەبیو هونەرییەکان تا ئەم ساتەش حیزب ویستوویەتی مەرامەکانی خۆی تیابەرجەستە بکاتو هەوڵدەدەن بەهەرشێوەیەک بووە ئەدیبانو هونەرمەندان بێدەنگ بکەنو چەندین هەوڵی داهێنەرانە پەراوێزبخەن، ئەم دەستوەردانە نامەشروعەی حیزب وەک زۆربەی کایەکانی دیکە جێگای هەڵوێستەکردنەو کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ پرۆسەی گۆڕان و نوێکردنەوەی ژیانی مرۆڤی کورددا، ئەم کایانەش بچنەوە دۆخی ئاسایی خۆیانو چیترحیزبو بەرپرسەکانی حیزب نەبنە دەمراستیانو ئەوان ببنە سەرچاوەی پارەو داهاتی کارە هونەرییو چالاکییە ئەدەبییەکان، بەڵکو سیستمێکی چالاک دروستبێت کە توانای دروستکردنی فەزایەکی ئازادو شەفافی هەبێتو سەرچاوەی داهات لەبندەستی حیزبەوە بگوازێتەوە بۆ حکومەتێکی دامەزراوەیی کە لەسەربنەمای داهێنانو چالاکی بێت، نەک ناسیاویو نزیکیو ناوچەگەرێتی، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، هونەرمەندانو ئەدیبان ئەوبەشە زیندووەی کۆمەڵگان کە دەبێت لەم پرۆسەی گۆڕانو نوێکردنەوەیەدا ببنە داینەمۆی هۆشیاری خەڵک، هەروەکو چۆن لە رۆژئاوادا بۆهێنانەکایەی مۆدێلی دیموکراسی، ئەوان لە پێشەوەی کۆمەڵگابوون بەهەمانشێوەش لە کوردستاندا ئەرکێکی هەستیارو چارەنووسسازیان لە سەرشانەو دڵنیاشم لەوەی کە هونەرمەندانو ئەدیبان چیتر رازینابن بەوەی کە بەوشێوەیەی کە لەرابردوودا هەبووە، حیزبو دەسەڵاتدارانی حیزبی بە ویستی خۆیان تەحەکوم بەژیانو گوزارانو داهاتی تاکو کۆی کۆمەڵگای کوردییەوە بکەن، گومانیشم لەوە نییە کە ئەدیبانو هونەرمەندان وەک چۆن دەستپێشخەری دونیایەکی جوانن کە تیایدا رێز لە ئیرادەی مرۆڤی کورد بگیرێت، بەهەمانشێوەش دەبێت رێنوێنی کۆمەڵگا بکەن، بۆهێنانەکایەی سیستمێکی سیاسی کە رێز لە تەواوی ئیردەی کۆمەڵگا بگرێت.

# لەنێوان سەرکردەی سۆسیال دیموکراتەکانی کوردستانو هۆڵەندەدا



پێشڕەو جەمال – هۆڵەندە

ئەنجامێکی ناکام، یەکەم لێدوانی (Thijs Berman) سەرۆکی فراکسیۆنی (PvDa) بوو لەپاش هەڵبژاردنەکانی هۆڵەندە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، لەکاتێکدا حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی چەند رۆژێک لەمەوبەردا بۆ پەرلەمانی ئەوروپا شکستێکی گەورەی هێناو رێژەی ئەو کورسییانەی کە لە پەرلەمانی ئەوروپادا هەیانبوو، لە (٧) کورسییەوە دابەزی بۆ (٣) کورسی، لەپاش ئەوەی (Thijs Berman) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی زۆر بەناکامی وەسفکرد بۆ (Pvda)، لە هەمانکاتیشدا رەخنەی توندی ئاراستەی خۆیان کردو داوای لە هەموو ئەندامانی حیزبەکەی کرد کە لەئێستاوە بە گوڕوتینێکی دیکەوە کاربکەنو خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئامادەبکەن، لەهەمانکاتدا پیرۆزبایی گەرمی ئاراستەی ئەو حیزبانە کرد کە سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمارکرد، هەریەک لەو حیزبانەش یەکێک بوون لە رکابەرەکانی (Pvda)، بەڵام (Thijs Berman) ئاماژەی بەوەدا بەڵێ ئەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەو ئێمەش پێویستە پابەندبین بە ئەنجامەکانی ئەم پرۆسە دیموکراسییەو کار لەسەر شێوازێکی نوێی بکەین بۆ داهاتوومان.

کاتێک نامەکەی (Thijs Berman)م خوێندەوە کە بۆ هەموو ئەندامانی (Pvda) ناردبوو، منیش لەلایەن خۆمەوە چەند تێبینییەکم بۆدەستەی بەڕێوەبەری حیزبەکەم بەرزکردەوەو دڵنیاشبووم لەوەی کە گوێ لە تێبینییەکانم دەگیرێتو لە هەمانکاتیشدا کاری لەسەر دەکرێت، لەبەرئەوە حیزبێکی سۆشیال دیموکراتەو هەموو ئەو حیزبە سۆشیال دیموکراتانە لە دنیای خۆرئاوادا کار لەسەر رەخنەو پێشنیازی کادیرەکانیان دەکەن، هانی ئەندامانیان دەدەن کە بێدەنگ نەبن لەئاستی هەموو ئەو کەموکووڕییانەی کە لەناو حیزبو حکومەتدا روودەدەن، بەڵێ ئەمە شێوازی کارکردنە لە دنیای خۆرئاوادا، ئەمە شێوازی حیزب بەڕێوەبردنە لە وڵاتێکدا کە پرۆسەی دیموکراسی دەبێتە تاکە فاکتەری بەڕێوەبردنی وڵات، ئەمە شێوازی راستەقینەی دیموکراسییە کە لەپاش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رێز لە بۆچوونی یەکتر دەگرنو دان بە هەڵەکانی رابردوویاندا دەنێن.

دیموکراسی واتە هێزی جەماوەر، یاخود جەماوەر بڕیار لە دروستکردنی حکومەت دەدات، وشەی دیموکراسی لە هەموو دنیادا یەک مانای هەیە، ماناکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وشە یۆنانییەی کە گوزارشت لە هێزی جەماوەر دەکات، بەڵام بەداخەوە شێوازی کارکردن لەسەر پرۆسەی دیموکراسی لە زۆربەی وڵاتاندا جیاوازەو پێویستی بە گۆڕانە، ئەو جیاوازییەش لەکاتێکدا دەبینم کە من ئەندامم لە (Pvda) کە حیزبێکی سۆشیال دیموکراتی هۆڵەندییەو لە هەمانکاتیشدا ئەندامم لە (PUK) کە حیزبێکی سۆشیال دیموکراتی کوردییە، هەردوو حیزب بڕوای تەواویان بە پرۆسەی دیموکراسی هەیە، ئەگەر بەپێی پرەنسیپەکانی سۆشیال دیموکرات بێت، نابێت هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ هەبێت لەنێوان ئەو حیزبانەدا کە ئەندامن لە سۆشیال ئەنتەرناسیۆنالدا، بەڵام بەداخەوە سۆشیال دیموکراتەکانی هۆڵەندە کار لەسەر رەخنەو پێشنیازی ئەندامەکانیان دەکەنو لە هەمانکاتدا سۆشیال دیموکراتەکانی کوردستان بەسەدان کادیر لە ریزەکانی حیزبدا دەردەکەن لەسەر بیرورای جیاواز.

وا دیسانەوە ئێمەش رووبەڕووی پرۆسەیەکی دیموکراسی دەبینەوە، پرۆسەیەک کە بڕیار لەسەر داهاتوومان دەدات، پرۆسەیەک کە دەبێت بە هەموو لایەکمانەوە کاری بۆ بکەین بۆئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەنجامبدرێت، لەکاتێکدا کە بەدەیان لیستی جیاواز لەم پرۆسەیەدا بەشداریی دەکەن، میدیاکانی جیهان چاودێریمان دەکەنو رۆژنامە چاودێرەکانیان رەوانەی کوردستان دەکەن، ئەم پرۆسەیەمان جیاوازە، زۆر جیاوازتر لە پرۆسەکانی رابردوو کە هیچ ئەلتەرناتیڤێک نەبوو بۆ دەنگی جیاواز، هەڵبژاردنی ئەمجارەمان هاواری گۆڕان دەکات، گۆڕانێک کە هەڵقوڵاوی نێو جەماوەر بێت، گۆڕانێک کە خۆی لەناو بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا ببینێتەوە، گۆڕانێک کە دەنگی میللەتێک بێت، دەشێ لەئێستاوە بیرێک لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەینەوە، لەکاتێکدا کە هەموومان دەزانین پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا لەچ ئاستێکدایەو قبوڵکردنی شکستهێنان کارێکی ئاسان نییە، یاخود تۆ بڵێی سۆشیال دیموکراتەکانی ئێمەش هەمان هەڵوێستی سۆشیال دیموکراتەکانی خۆرئاوایان هەبێتو پابەندبن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو لەئاستی شکستهێناندا جگە لە وشەی ناکامی، هیچ رێگایەکی دیکە نەگرنەبەر؟

(Pvda) پارتێکی سۆشیال دیموکراتی هۆڵەندییە لەساڵی ١٩٤٦دا دامەزراوەو خاوەنی (٣٣) کورسییە لە پەرلەمانی هۆڵەندە.

Peshraw@hotmail.com

SAMSUNG




00964 770 152 0089
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com

Bayad Company
BAYADGROUP
B
کۆمپانیای بەیاد

سلێمانی – شەقامی سالم – تەلاری جەمال حاجی عەلی – هەولێر – شەقامی پیرمام – تەنیشت بەزێنخانەی شۆڕش – بەغداد – کەرادە – شەقامی سەددە

ASHTI CITY

کۆمپانیای جێبەجێکار
گروپی کۆمپانیاکانی گەلالە .کە بە سەرپەرشتی دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی نیشتەجێبوون دەیگرێتەوە .

پڕۆژەی ئاشتی بۆ نیشتە جێبوون
مشروع مدينة أشتي الأسكاني
ناونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان

هەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویەک کە ڕووبەری زەویەکەی (250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر لەسەر ڕێگای نێوان کەســنەزان وبنەسلاوە .
ببە خاوەن خانوویەک بە قیستی مانگــانەی گونجاو.

نرخی خانوو بە 50000 $ :
* پیدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن .
* قیستی 410 دولار ، بەشێوەی مانگــانە .
* قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون ، بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون .
* قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو .

سعر البيت 50000 $ :
* دفعة مقدمة 10% عند التسجيل .
* أقساط 410 دولار شهرياً .
* قرض 50% من قيمة الدار بدون فوائد من صندوق الأسكـان.
* دفعة 10% عند أستلام الدار .



پرۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێر خانەکان :
شەقامی سەردکی وناسوردکی / تۆری ئاوی خواردنەوە /تۆری دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆری ئاوەڕۆی ئاوی باران
بنکەی بـــازرگانـــی و بازارگـــا / قــوتابخانــه /بنکه تەندروســـتـــی / یاریگـــای وەرزشـــی / باخچــە

ناونیشانی نووسینگەی بە بازارکردن :
شەقامی (100) مەتری /بالە خانەی پێشانگای گەلالە ،
بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ .
کۆرک : 0750 7225858
ئاسیا : 0770 9185858

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

www.netewe.com

گۆڕان التغيير CHANGE

# بەرەو گۆڕان

٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 2 Date. 2009 - 6 - 24 | ٢٠٠٩-٦-٢٤ | ژمارە: (٢)




## لیستی گۆڕان زۆرینەی دەنگەکانی بتوێن بەدەستدێنێت

**دلێر عەبدولخالق**

لە راپرسییەکی (سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتیو تاوان) لە سنووری بتوێن، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان، ٩٢٪ی بەشداربووانی راپرسییەکە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، لەبارەی دەنگدانیش بە لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکە، لیستی گۆڕان ٤٨٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە زۆرینەی دەنگدانی راپرسییەکە.

لە راپرسییەکەدا (٤٥٠) فۆرم بەسەر ناوچەکانی رانیەو حاجیاواو چوارقوڕنەو سەرکەپکاندا دابەشکراوە، (٤٤٠) فۆرم گەڕاوەتەوە، بەشداربووانی راپرسییەکە زۆرینەیان بێلایەنن کە دەکاتە ٣٧٪و لایەنگریش (٣٤٪)ەو ٢٩٪شی دیارینەکراوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا دەکەیت؟ لەکۆی (٤٤٠) کەس (٤٠٢)یان بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، کە دەکاتە ٩٢٪ی دەنگەکان، (١٥) لە بەشداربووان بە نەخێر کە دەکاتە ٣٪، (٢٣) کەسیش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، واتە ٥٪ی بەشداربووان.

بۆ دەنگدانیش بە لیستە بەشداربووەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەناو راپرسییەکەدا تەنیا لیستەکانی گۆڕانو کوردستانیو خزمەتگوزارییو چاکسازیی هاتووە، (١٩٠) لە بەشداربووان واتە رێژەی ٤٨٪ی دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن، (١٢٣) لە بەشداربووان کە دەکاتە ٣١٪ دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەن، (٢٩) کەسیش دەنگ بە لیستی خزمەتگوزاری چاکسازیی دەدەن واتە ٧٪، هەروەک ١١٪ی بەشداربووان تا ئەوکاتە یەکلانەبوونەتەوە دەنگ بە کام لیست بدەنو ٣٪شی دەنگ بە هیچ لیستێک نادەن.

هاوژین جەلیل، ئامادەکاری راپرسییەکە، پێی راگەیاندین: لە راپرسییەکەدا هەوڵمانداوە شێوازی زانستی لەبەرچاو بگرین.

سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتیو تاوان کە راپرسییەکەی کردووە، بارەگاکەی لە رانیەیەو سەر بە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییە.

## لە هەڵەبجە پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان دەدڕێندرێن

**ئارام نەجیم**

پاش ئەوەی بنکەی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە هەڵەبجەی شەهید کرایەوە، جەماوەرێکی بەرفراوانی ناوچەکە لە گەنجو پیر تێیدا ئامادەبوون. هەر لە کردنەوەی بنکەکەوەو بەپەرۆشیی گەنجەکان بۆ لیستەکە، دەستکرا بە دانانی پۆستەرو دابەشکردنی چەندین نامیلکە، ئەمەش بووە هۆی دەنگدانەوەیەکی بەهێز لە ناوچەکەدا، بەڵام چەند لایەنێکی کۆنەپەرست بە دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین، درەنگانێکی شەوی دووشەممە سەرجەم ئەو پۆستەرانەی کە لەلایەن ئەو گەنجانەوە هەڵواسرابوون دڕێنران.

پشکۆ حەمە فەرەج، ئەندامی سەرپەرشتیاری بنکەی لیستی گۆڕان، هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «ئەو پۆستەرانەی کە هەڵواسرابوون سەرجەمیان دڕێنراونو ئێمەش داوای یاسایی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تۆمار دەکەین، ئەوە بە پێشێلکارییەکی هەڵبژاردن دەزانین».

## چڕنوکی پۆستەردڕەکان

**عەدنان عوسمان**

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن، لێرەو لەوێ پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان لە چەند شوێنێک دڕێندراون. ئەم هەواڵە بۆ زۆرێکمان شتێکی تازە نییە، بەڵکو چاوەڕوانکراوەو هەر لە سەرەتاوەش هاوکارانی خۆمان لەوبارەوە وشیارکردۆتەوە، ئەوەی کە لێرەدا بەکورتی قسەی لەسەر دەکەین دوو خاڵە:

یەکەم، ساڵانێکی دووردرێژە ئێمە تەحەمولی هەموو ئەو نەهامەتیو دەردەسەرییەمان کردووە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە دەرخواردمان دراوە، پێدەچێت هەندێک تەنانەت بەرگەی بینینی دروشمو وێنەکانی ئێمەش نەگرن. پەنابردن بۆ پۆستەرو دروشم دڕین شێوازێکی ناشارستانیو نەزۆکی ئەو کەسانەیە کە بەتاڵن لەهەر جۆرە عەقلییەتێکی گفتوگۆکردنو وتووێژکردنو تەنانەت بینینی پەیامێکی جیاوازیشی نییە. پۆستەردڕەکان پێمان دەڵێن ئێمە نە وتارێکی لەوەی ئێوە جیاوازترو جوانترمان پێیەو نە دەشتوانین بەرگەی ئەو دروشمانەی ئێوەش بگرین.

دووەم: بەرامبەر بەم حاڵەتە هاوکارانو لایەنگرانی لیستی گۆڕان دەبێت چ کاردانەوەیەکیان هەبێت؟ هاوکارانی ئێمە بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێک ئەوە پیشان بدەن کە لیستی گۆڕان بە راستی دەیەوێت نەک تەنها گۆڕان لە سیستەمی حوکمڕانی کوردستاندا بکات، بەڵکو هاوکات کار بۆ ئەوەش دەکات عەقلییەتو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکو دژەکاندا بگۆڕێتو بیباتە ئاستێکی شارستانیو مەدەنی مۆدێرنەوە، پێویستە بە هێمنانەو لە چوارچێوەی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو دادگاکانەوە ئەو مەسەلانە چارەسەربکرێتو بە هیچ شێوەیەک بوار بە کاردانەوەی هاوشێوە نەدرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لایەنگرانی ئێمە پێویستە بەوپەڕی سنگفراوانیو هەستکردن بە لێپرسراوێتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کارە نایاساییو قێزەونانەدا بکەن.

www.netewe.com

# لیستەکان چۆن بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن؟

فەلاح نەجم

بانگەشەکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان دەستپێکردو تا ٤٨ کاتژمێر پێش دەسپێکردنی هەڵبژاردن دەتوانن بانگەشە بۆ لیستەکانیان بکەن، بەشێکی لیستەکان باسکردنی کەموکوڕیی ساڵانی رابردووی حکومەت دەخەنە ئەولەویەتی بانگەشەکانیان.

هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٧/٢٥ی ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت، (٢٤) هاوپەیمانیو قەوارەی سیاسی بەشداریی تێدا دەکەن، چاوەڕوان دەکرێت ململانێیەکی توند لەنێوان لیستە بەشداربووەکاندا دروستبێت، چونکە چەندین لیستی بەهێز رکابەری یەکترن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمان.

بەختیار مستەفا، ئەندامی لیژنەی باڵای راگەیاندنی لیستی عەدالەتو ئازادی (چەپەکان)، وتی: «لەکاتی بانگەشە بۆ لیستەکەمان کە لەلایەن (٧) حیزبی کوردستانەوە دروستکراوە، ئەو کەموکوڕییانە باسدەکەین کە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا چارەسەریان بکات، سەرەڕای ئەمەش هەر لیستێک بانگەشەیەک بکات دووربێت لە واقیع، لەپێناو بەئاگاهێنانەوەی خەڵکدا باسی دەکەین، لەگەڵ ئەمانەشدا نامانەوێت سنووری ئازادییەکانمان ببەزێنین».

بەختیار مستەفا وتیشی: «ئازادی لە کوردستان سنوورێکی بەرتەسکی هەیەو وەک وڵاتێکی دیموکراسی نییە بتوانین ئەوەی کەموکوڕبێت باسی بکەین، چونکە هیچ پێوەرێک یان گرەنتییەک نییە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا رێگا لە دروستبوونی توندوتیژی بگرێت لەنێوان لیستەکاندا».

هەرچەندە لە کوردستاندا هیچ پێوەرێک نییە کە رێگا لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بگرێت کە حکومەت لە بەرژەوەندیی حیزبەکانیاندا بەکارنەهێنن، ئەوە نەبێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرپرسو ئەندامانی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، رایگەیاند: رێگانادەین کە هیچ کەسو لایەنێک، پارەو دەزگا حکومییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.

سەمیر سەلیم، پاڵێوراوی لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاریی لە لێدوانێکی تایبەتیدا وتی: «لیستی چوار حیزبەکە بودجەیەکی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە تا بتوانێت وەک لیستی کوردستانی بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، بەتایبەت گرنگیمان داوە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش خولی تایبەتمان بۆ چەندین کەس لە ناوچە جیاجیاکاندا کردووەتەوە بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانن قەناعەت بە خەڵک بکەن بۆئەوەی دەنگ بە لیستی چوار حیزبەکە بدەن».

بەوپێیەی هەرێمی کوردستان سیستمێکی دیموکراسی راستەقینەی نییە، پێناچێت هەندێک هێزی سیاسی وەک پێویست پابەندبن بە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کۆمسیۆنیش یاسا دەسەڵاتی ئەوەی پێداوە لێپێچینەوە لەگەڵ هەر لیستێکدا بکات کە پێشێلکاریی بکات.

کۆمسیۆن بڕی (٢٥) ملیۆن دیناری وەک گرەنتیەک لە هەر لیستێک وەرگرتووە کە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، تا لەسەر ئەو پارەیە سزای دارایی لیستەکان بدرێت لەکاتی پێشێلکاریدا، بە وتەی سەمیر سەلیم «ئەو بڕە پارەیە بۆ لیستی کوردستانی هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە ئەوان بودجەیەکی خەیاڵیان لەبەردەستدایە».

هەروەها ئەو پاڵێوراوەی لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاریی وتیشی: «ئەوەی ئێمە گرنگی پێدەدەین، قسەکردنە لەسەر ئەو ناعەدالەتیانەی لە کوردستاندا هەیە، کە حکومەتو حیزبە گەورەکان بوونەتە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی، بەوهیوایەی بتوانین چارەسەری بکەین».

ئەوەی لیستەکان دەیانەوێت گورزی توند لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بدەن، ئەوە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا نەیانتوانیوە «پێداویستییە سەرەتاییەکان» بۆ هاوڵاتییان دابین بکەن، لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەدا راگەیاندنی لیستەکان کەوتنە بانگەشە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە لە کوردستاندا دروستبووە.

بەپێی وتەی جەعفەر مستەفا، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیو ئەندامی لیژنەی راگەیاندنی لیستی کوردستانی دیموکراتی کوردستان، «لیستی کوردستانی بۆ بانگەشە ئەولەویەتی زیاتر دەدەن بە بانگەشە لە رێگای دەزگا راگەیاندنەکانەوە، پابەندیش دەبین بە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان».

لیستەکان رەخنەی ئەوە لە لیستی کوردستانی دەگرن کە پابەند نابن بە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە، بەڵام بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی وتی: «لە بەغدا پێشێلکارییەکان تۆماردەکرێت نەک لە کوردستان، هەر لە بەغداشەوە لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت».



# کۆمیتەی پشتیوانیی لیستی گۆڕان لە سوید-یۆتۆبۆری دامەزرا

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**

لە هەستکردن بە ئەرکی مرۆییو ئەخلاقیمانەوەو لە خەمخۆریمانەوە بۆ کوردستانو ئایندەی خەڵکەکەی، بۆ پشتگیریی لە داواکانی خەڵکی ستەملێکراوو قوتبڕاوی کوردستان... ئێمە کۆمەڵێک هاوڵاتییانی کوردستانی نیشتەجێی خۆرئاوای وڵاتی سوید کە پێکهاتەیەکین لە خەڵکانی بێلایەنو ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستانو کەسانی رۆشنبیر... بۆ پشتیوانیکردن لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو بێگەرد، بۆ پشتیوانیی لە لیستی گۆڕان... لە کۆبوونەوەیەکی کراوەو فراواندا، بە بەشداریی ژمارەیەک لە کوردستانیانی دانیشتووی خۆرئاوای سوید، بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی پشتیوانیمان دا بۆ لیستی گۆڕان.

ئێمە بەو راستییە گەیشتووین کە لەکاتی ئێستادا سەرچاوەی مەترسییەکان لەناو خودی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن، لە رابردوودا دەرەوەمان بە سەرچاوەی ئەم هەڕەشانە بینیوە.

ئێمە لامانوایە گۆڕان لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، تەنیا رێگای چارەسەرە بۆ دەرهێنانی وڵات لە قەیرانە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی، لە هەمانکاتدا مانەوەی دامەزراوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی وڵات وەک دەمڕاستو چاوساغ، مانای درێژەدان بە هەژاری، گەندەڵی، گومڕایی، بێئایندەییو لەباربردنی هەلومەرجێکی مێژوویی کە ساڵانێکی زۆرە قوربانیی بۆ دەدرێت.

> **مانەوەی دامەزراوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی وڵات وەک دەمڕاستو چاوساغ، مانای درێژەدان بە هەژاری، گەندەڵی، گومڕایی، بێئایندەییو لەباربردنی هەلومەرجێکی مێژوویی کە ساڵانێکی زۆرە قوربانیی بۆ دەدرێت**

لە کەسمان شاراوە نییە کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی وڵات، شکستیانهێناوە لە:

– دابینکردنی سادەترین خزمەتگوزاریی بۆ خەڵکی کوردستان لە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری.

– گۆڕینی کۆمەڵگا بە ئاراستەی کۆمەڵگایەکی شارستانیو پێشکەوتوو کە تێیدا یاسا سەروەربێت.

– گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان.

– دارشتنی هەڵوێستێکی ئازایانە لەئاست بزووتنەوەی سیاسیی کوردی پارچەکانی کوردستان، بگرە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ داگیرکەراندا.

– پاککردنەوەی دامەزراوەکان لە گەندەڵیو ئاخنینی ئەم دامەزراوانە بە خزمو دەستو پێوەندەکانیان، لەپێناو خزمەتی خۆیاندا.

– جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت.

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەم هەموو پێشێلکاریانە، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە توانای خۆمان بخەینەپاڵ ئەو جوڵانەوە جەماوەرییەی کە کار بۆ چاککردنو گۆڕینی بارودۆخەکە دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو ئاشتیخوازانەو دوور لە توندوتیژی، لەپێناوی هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی چالاکدا، کە پەرلەمانی میللەت بێت نەک پەرلەمانی حیزب، پەرلەمانێک کە بتوانێت چارەسەری ئەم هەموو قەیرانە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریانە بکاتو گوزەرانێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات.

کۆمیتەکەمان لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاریدا کە کار بۆ ئەم خاڵانە بکات:

– کۆکردنەوەی پشتیوانیی بۆ لیستی گۆڕان لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات.

– بەرگریکردن لەو کەسانەی کە بەهۆی هەڵوێستیانەوە زیانی مادییو مەعنەویان لەلایەن دەسەڵاتەوە پێدەگات.

– کارکردن بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکانی ناو گروپو پارتەکان بە ئاشتیانەو بەڕێگای دیالۆگ، بەگەڕخستنی جوڵانەوەی نارەزایی بەرامبەر هەر هەوڵێک کە رێگا لە بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسە دیموکراسییە بگرێت.

کۆمیتەکەمان پشتیوانیی لە هەموو ئەوانە دەکات کە بەم بارودۆخەی ئەمڕۆی وڵات رازی نینو کار بۆ ئایندەیەکی درەوشاوەو دادوەرییو ژیانی شایستە بۆ هەموو خەڵک دەکەن.

با هەموو تواناکان ئاراستەی سەرکەوتنی لیستی گۆڕان بکەین، با بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی ئازادو گوزەرانێکی باش بۆ گەلەکەمان، بجولێین.

**کۆمیتەی پشتیوانیی لیستی گۆڕان/ یۆتەبۆری، سوید**

**تێبینی:** هەرکەسو لایەنێک دەیەوێت کار لەگەڵ کۆمیتەی پشتیوانیی لیستی گۆڕاندا بکات، دەتوانێت لەڕێگای ئەم ئیمەیلەوە پەیوەندیمان پێوەبکات:

listygorran@gmail.com

# گۆڕان بۆ؟



(١)

**نەژاد جەلال**

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستی پێکرد، بەڵام جیاواز لە هەموو پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنەکانی دیکە، ئەمجارە پڕاوپڕ بەمانا هەڵبژاردنە، کێبڕکێکان بەهێزن، لیستی گەل (لیستی گۆڕان) کێبڕکێ دەکات، هەرچۆن بوونی ئەو لیستە مانایەکی گەورەی بە هەڵبژاردنەکان داوە، ئاواش هەموو چاوەکان لەو گۆشەیەوە گۆڕانکاری دەبینن، بۆیە لیستێکی بەهێزە.

ئەوەی ئێستا دەیبینین، بڵێسەو تینی خەڵکە، خرۆشانێکە بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی گەل، لیستی گۆڕانە کە جیاوازە لە لیستو قەوارەکانی دیکە، چونکە لیستێکە گەل بە هەموو رەنگو دەنگو بیرکردنەوە جیاوازەکان پێکیهێناوە، لیستێکە پێویستی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان هێناویەتە مەیدانەوە، لیستێکە بەرنامە سیاسییەکەی زەروریەتی ئەمڕۆی هەرێمەکەمانە، لیستێکە بەرنامەی خزمەتگوزاریو چاکسازییەکەی لە ئازارەکانی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە، هەربۆیەش رۆژانێک دێت گەلی کورد شانازی بەو بیرە نوێیەوە دەکات، کە رێبەرانێکی بیرمەندی هەیەو داوای دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات، بەرگری لە مافخوراوان دەکات، داوای سەروەری یاسا دەکات.

ئێمە لەم هەرێمە بچوکەدا (١٨) ساڵە دنیایەک ئازارمان بە هەموو ماناکانی چەشتووە، چەندین ساڵە خۆمانو خاکو تەنانەت ئاسمانەکەشمان باجی ناکۆکییە شەخسییەکانی سەرکردەکان دەدات، خەڵک بێئیرادە کرا، گەندەڵی جەستەی هەموو ئەو یەکە ئیداریانەی گرتەوە کە دەبوو دامودەزگای دامەزراوەیی بوونایە، (١٨) ساڵە نەتوانرا لە داهاتوو دڵنیا بکرێینەوە، نەتوانرا دوو حکومەت لە سێ شاردا یەکبخرێتە، (١٨) ساڵە بودجەی ئەم وڵاتە لە ژوورە تاریکەکاندا دابەشو تەخشانو پەخشان دەکرێت، کەس نازانێت داهاتی ئەم وڵاتە چەندەو چۆن خەرج دەکرێت، (١٨) ساڵ هێزە چەکدارەکان نەکرا بە سوپایەکی نیزامی... هتد، ئێستا گۆڕان لە پێناو راستکردنەوەی هەریەکە لەوانەیە، کاری لیستی گۆڕانیش بۆ لادانی هەموو ئەو پەردە رەشانەیە کە دراوە بەسەر راستییەکاندا، بۆ شکاندنی ئەو کەلەپچەیە کە لە دەستو پێی تاکەکاندا کلۆم دراوە، لیستی گۆڕان مۆمێکە کە هەموو کونو قوژبنە تاریکراوەکان ڕوناک دەکاتەوە.

لەم ستونەدا کە تایبەتە بە هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەوڵدەدەین (پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕان) بۆ خوێنەران شیبکەینەوە، ئەو بەرنامە وردو گشتگیرەی کە لە دوارۆژێکی نزیکدا پێڕەوی کارکردنی نوێنەرانو کاربەدەستانی لیستی گۆڕان دەبێت، بەرنامەیەکە کە ئەم هەرێمەی پێدەکرێتە هەرێمی دادپەروەریو یاسا.

## کاردۆ محەمەد، کاندیدی لیستی گۆڕان:

# لیستی گۆڕان هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەیەو نوێنەرایەتی ئەو ئیرادەیەی خەڵکی دەکات کە دەمێکە دەیانەوێت تاقیبکەنەوە

سازدانی ڕێبین فەتاح

**کاردۆ محەمەد، یەکێکە لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیاوازی لیستی گۆڕان و لیستەکانی دیکە جیاوازییە لە پەیام و بەرنامەکانیانداو ئەوەش دەخاتەڕوو کە لیستی گۆڕان هەلقولاوی هەناوی کۆمەلگای کوردییە، دەیەوێت نوێنەرایەتی ئەو ئیرادەیەی خەلک بکات کە دەمێکە خەلک دەیانەوێت تاقیبکەنەوە.**



**بەرەوگۆڕان: بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای کوردستان بەگشتی، پێویستی پێکهێنانی لیستی گۆڕان لەچیدا دەبیننەوە؟**

کاردۆ محەمەد: دوای گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، دەمێکە خەلک لە سایەی ئەم سیستمە سیاسییەی کوردستان، چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئیرادەی خۆی تاقیبکاتەوە. دەرفەتێکی دیموکراتی شارستانی هاتووەتە پێش، لیستی گۆڕانیش دەیەوێت نمایندەی ئەو ئیرادەیە بکات.

**بەرەوگۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان لەهەناوی خەلکە ناڕازییەکەی کوردستان هاتووەتە دەرەوە یان جوڵانەوەیەکی سیاسییەو لە دەرەوە هاتووەو دەیەوێت ڕێبەرایەتی ئەو نارەزاییە بکات؟**

کاردۆ محەمەد: کاریگەرییەکان فرە لایەنن، دەمێکە خەڵکی کوردستان نارەزاییەکانی خۆی بە شێوەی جیاجیا دەربڕیوە، دەمێکیشە ڕووناکبیران و نوخبەی سیاسی قسە لە زەرورەتی گۆڕان دەکەن، ئەگەر بابەتیانە سەیری بکەین، لیستی گۆڕان هەلقولاوی ئەو جولەیەیە کە لەهەناوی کۆمەلگای کوردیدا دەرکەوتووە، دەیەوێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو گوزارشتی لێبکات و هەلگری پەیامێک بێت کە ڕەنگدانەوەی خواستی خەلکەکەیە.

**بەرەوگۆڕان: سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە بەدەستهێنانی ژمارەیەک کورسی لە هەلبژاردنی داهاتوودا دەبیننەوە یان ئەمە جوڵانەوەیەکی سیاسییەو ئامانجەکانی دوورتر دەڕۆن؟**

کاردۆ محەمەد: لیستی گۆڕان سەرکەوتنی خۆی لە گۆڕانکاریدا دەبینێتەوە، گۆڕانکاری لە شوێنێک کە دەسەلاتی دارشتنی یاسایی هەیە کە پەرلەمانە. ئێمە سەرکەوتن لە باشترکردنی ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستاندا دەبینینەوە، لەوەدا دەیبینینەوە کە متمانەی نێوان خەلک و دەسەلات بگێڕینەوە.

**بەرەوگۆڕان: ئەگەر لە هەلبژاردنەکەدا لیستی گۆڕان ژمارەیەکی باش کورسی بەدەست بهێنێت یان ئەگەر لە حالەتێکدا ئەوە بەدەست نەهێنێت، ستراتیژیەتی کاری ئێوە چی بەسەر دێت؟**

کاردۆ محەمەد: ئێمە چ لە ئۆپۆزسیۆن بین چ لە دەسەلاتدا بین، پابەندی خۆمان بەو پەیام و بەرنامەیەی رامانگەیاندووە رادەگەیەنین، پارێزگاری لەو پرەنسیپە دەکەن کە ئێستا لیستی گۆڕان پێداگیری لەسەر دەکات، کەواتە چ ئۆپۆزسیۆن بین و چ لە دەسەلاتدابین، ئامانجێکی دیاریکراومان هەیە.

**بەرەوگۆڕان: هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان دەرفەت بە پراکتیزەکردنی ئەو بەرنامەیە دەدات کە لیستی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکات؟**

کاردۆ محەمەد: ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی یاسایی بەرنامەکەی خۆمان کردەیی بکەینەوە. پێشمانوایە بەرپرسیارێتی گەورە لە ئەستۆی دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستاندایە.

**بەرەوگۆڕان: ئێوە چ جیاوازییەک لەنێوان لیستی گۆڕان و لیستەکانی دیکەدا دەبینن، ئەگەر لە ئاستی کاندیدەکانیشدا بێت؟**

کاردۆ محەمەد: جیاوازی نێوان ئێمەو لیستەکانی دیکە لە پەیام و بەرنامەکەماندایە. پەیامی لیستی گۆڕان پەیامی میللەتە لەسەر بنەمای هاولاتیبوونی خەلکی کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و ئاشکرایی لە بڕیارو هەلوێستەکانمان و... هتد جیاوازی لەوانەدا دەبینین.

**بەرەوگۆڕان: لە بەرنامەی لیستی گۆڕاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان جەخت لەسەر مافی نەتەوەو ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانی کوردستان کراوەتەوە، لیستی گۆڕان دەیەوێت نوێنەرایەتی هەموو ئەمانە بکات؟**

کاردۆ محەمەد: ئێمە خوازیاری یاسایەکین کە مافی هاولاتیبوون دەپارێزێت، بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان نەتەوەو ئایین و ڕەگەزو..هتد، ئەم ڕوانگەیە مافی هاولاتیبوون و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە دەرەخسێنێت، لەبەشداریکردنیان لە پرۆسەکانداو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دەرفەتی زیاتر بەوانە بدرێت کە تا ئێستا پەراوێزخراون و مافەکانیان پێنەدراوە. ئێمە هەولی جدی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی مافەکانی هەر یەک لەو نەتەوەو ئایینانەی لە کوردستاندا هەن لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا جێگیر بکرێت.

**بەرەوگۆڕان: بەشێکی بەرنامەی لیستی گۆڕان، پێداگیرییە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکان، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە دەسەلاتی دادوەری و دادگاکانەوە هەبێت، ئێوە کە لە بواری یاسادا شارەزایتان هەیە، دەتوانن ڕوونی بکەنەوە، چارەسەر بۆ ئەم پرسانە چییە؟**

کاردۆ محەمەد: پرەنسیپێک هەیە ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەو پرەنسیپەش جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە لە یەکتری. پێویستە ئەو پرەنسیپە تۆخ بکرێتەوەو لەوێشەوە دەتوانرێت سەربەخۆیی دادگاکان بپارێزرێت، لەکاتێکدا کە تا ئێستا تێکەلاوییەکی زۆر لەنێوان دەسەلاتەکاندا هەیەو لە پشت ئەو دامودەزگا یاساییانەوە هێزێکی دیکە هەیە تەدەخول دەکات و هەیمەنەی بەسەر دادگاکاندا هەیە، ڕێگە نادات سەربەخۆبن. ئێمە پێمانوایە لەڕێگای ئەکتیڤکردنی پەرلەمانەوە دەتوانرێت سەربەخۆیی بۆ دادگاکان و دەسەلاتی دادوەریی بگێڕدرێتەوە. دیارە بەپێی ئەو یاسایەی پەرلەمان دەریکردووە دادگاو دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆیە، بەلام هەر یاسا بەس نییەو دەبێت پەرلەمان توانای چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکەش لە ئەستۆ بگرێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، با هەر یاسا دەربکرێت، چ گرنگییەکی هەیە، ئێمە دەمانەوێت پەرلەمانێکی کارا پێکبهێنین کە توانای چاودێریکردنی حکومەت و جێبەجێکردنی یاساکانی هەبێت. پەرلەمانێک کە توانای لێپرسینەوەی هەبێت، بەلام تا ئێستا چ کەسێک لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوەو چ بەرپرسێک متمانەی لێوەرگیراوەتەوە، ئەمانە هیچی نەکراون. ئێمە دەمانەوێت پەرلەمان کارا بکەین ئەمەش سەرەتای گۆڕانێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی کوردستان لە حوکمی تاکەکەسی و حیزبی دەرباز بکەین و ئیرادە بۆ خەلک بگێڕینەوە.

**بەرەوگۆڕان: ئێستا کە زۆرینەی دادوەرەکانی دادگاکانی کوردستان بە پالپشتی هەر دوو هێزە بالادەستەکە دامەزرێنراون و ئەوانیش دادگاکان بەڕێوەدەبەن، چ میکانیزمێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە؟**

کاردۆ محەمەد: دەبێت دیاریکردنی دادوەرەکان لەسەر بنەمای توانایی و شارەزاییان بێت، نەک لەسەر بنەمای حیزبی، ئێستا کە دۆخێکی وا هاتووەتە ئاراوە، باشترین میکانزیم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ئەوەیە یاسایەکی گونجاو هەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری جێبەجێکردنی یاساکە بکرێت، جگە لەوەی لێپرسینەوەی جدی لەگەڵ بەرپرسەکان هەبێت، ئەگەر ئەوە بکرێت، بێگومان کێشەکان چارەسەردەبن.

**بەرەوگۆڕان: پێشتر باست لەوە کرد پەرلەمانی کوردستان تائێستا نە توانیویەتی لێپرسینەوە بکات، نە متمانەی لە بەرپرسێکیش وەرگرتووەتەوە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرپرسەکان نەهاتوونەتە شوێنێک کە شیاوی ئەوە بن متمانەیان لێوەربگیرێتەوە یان پەرلەمان دەسەلاتی ئەوەی نەبووە؟**

کاردۆ محەمەد: متمانەدان و متمانە وەرگرتن لە دەسەلاتی پەرلەماندا نەبووەو لە دەرەوەی پەرلەماندا بووە. لەبەرئەوە پەرلەمان دەسەلاتی ئەوەی نەبووە. ئەگەرنا زۆر نائاساییە لە وەزیرێک کە وەزیری داراییە بپرسرێت ئەوەندە پارەیە چی لێهات، ئەویش بلێت نازانم! چۆن دەبێت ئەمە بەسەر پەرلەماندا بڕوات. مەبەستم ئەوەیە کە بلێم پەرلەمان ئەو دەسەلاتەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەرلەمانتارانی خولی داهاتوو چارەسەری لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن، ئەگەرنا هەر لە سەرەتاوە متمانەیان لێوەربگیرێتەوە.

**بەرەوگۆڕان: لە ماوەی چوار سالی تەمەنی پەرلەماندا نارەزاییەکی زۆر لەلایەن خەلکەوە هەبوو، بەوەی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان هاولاتییان و نوێنەرەکانیان لەپەرلەمان هەیە، ئەگەر تۆ لە هەلبژاردنی داهاتوو دەنگی تەواو بەدەست بهێنیت، وەک پەرلەمانتارێک بۆشاپی نێوان خۆت و هاولاتییان دەهێلیت؟**

کاردۆ محەمەد: هەموو بەلێنێک لە کردەوەدا ساغ دەبێتەوە. من گۆڕانی گەورە لەوەدا دەبینم کە هەر هەموومان ئەگەر پابەندی بەلێنەکانمان نەبین پێمخۆشە خەلک لە کاتێکی زووتردا هەلبژاردن بکاتەوەو متمانەمان لێوەربگیرێتەوە.

**بەرەوگۆڕان: دەمەوێت ئەو پێوەرەم بۆ دەستنیشان بکەی کە لە کاندیدکردنی جەنابتدا وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان ڕەچاوکراوە؟**

کاردۆ محەمەد: چەند بنەمایەک لەبەرچاوگیراوە، کەسایەتی ئینسانەکەو بنەمای جوگرافی و هاوبۆچوونی لێکدانەوەی بۆ کراوە، بەوەی کە لیستەکە لە کۆمەلێک کاندید پێکهاتووە کە بۆچوونێکی هاوبەشیان هەیە. ئەمە ڕۆلی بینیوە لەوەی یەکێک لە کاندیدەکان بم.

**بەرەوگۆڕان: مەبەستم لە پێوەرە سەرەکییەکەیە لە کاندیکردنی جەنابتدا؟**

کاردۆ محەمەد: بەشداری خۆم لە پرۆسەی سیاسی و هەلوێستەکانم لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیستمەکەو هەلگرتنی پەیامێک کە پەیوەندی بە چاکسازییەوە هەیە.

**بەرەوگۆڕان: با پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەم، تۆ پێتوایە نوێنەرایەتی کێ دەکەیت، بۆ نموونە چینێک یان توێژێکی دیاریکراو هەیە بتوانیت باشتر نوێنەرایەتی بکەیت؟**

کاردۆ محەمەد: وەک خۆم دەمێکە پەیوەندیم لەگەڵ نەوەی نوێدا هەیە، واتە لەگەڵ گەنجاندا. تەمەننا دەکەم بتوانم نوێنەرایەتی خەون و خولیاکانی گەنجان بم، داکۆکی لە ماف و خواستەکانی گەنجان بکەم. لە ڕابردووشدا یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی ئازادی لاوان بووم، پێموایە دەبێت کاری جدی لەپێناو گەنجاندا بکرێت.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە ئەگەر بەیانی ژمارەیەک گەنج لەسەر مافێکی ڕەوای خۆیان خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست و تۆش پەرلەمانتاربوویت، گریمانەی ئەوە بکە لە خۆپیشاندانەکەدا گەنجێک لەلایەن دەسەلاتەوە دەکوژرێت، چ هەلوێستێکت دەبێت؟**

کاردۆ محەمەد: دژایەتی هەر کارێک دەکەم توندوتیژی لێبکەوێتەوە. لە بوونی هەر ڕووداوێکی لەم شێوەیەدا ڕێگای یاسایی دەگرمەبەرو ڕووبەڕووی دەبمەوە بۆ بە دادگایی گەیاندنی هەموو ئەوانەی دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە.

**بەرەوگۆڕان: ئەی ئەگەر هەلوێست وەرگرتنەکەت بە زیانی بەرژەوەندییەکانت تەواوبوو، یان لەسەر پۆستەکەت کەوت، ئەوکات چی؟**

کاردۆ محەمەد: هەلبژاردنی لیستی گۆڕان خۆی لە خۆیدا لەسەر بەرژەوەندیمان کەوتووە، ئێمە هەموو پۆستەکانمان جێهێشتووە، لەپێناو سەرخستنی بەرنامەیەکدا کە دەربڕی خواستی میللەتەکەمانە. بە ئاسایی دەبینم لەپێناو بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانیاندا دەستبەرداری پۆستەکەم بم.

**کاردۆ محەمەد پیرداود**
- **خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا**
- **لە سالی ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە**
- **ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی بووە**
- **بەرپرسی دەزگای هەلبژاردنی یەکێتی نیشتمانی بووە**
- **ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی بووە**
- **کاندیدی لیستی گۆڕانە بۆ هەلبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان.**

**لەڕێگای ئەکتیڤکردنی پەرلەمانەوە دەتوانرێت سەربەخۆیی بۆ دادگاکان و دەسەلاتی دادوەریی بگێڕدرێتەوە. دیارە بەپێی ئەو یاسایەی پەرلەمان دەریکردووە دادگاو دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆیە، بەلام هەر یاسا بەس نییەو دەبێت پەرلەمان توانای چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکەش لە ئەستۆ بگرێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، با هەر یاسا دەربکرێت**

گۆڕان التغيير CHANGE
٥٧

# خەڵك و گۆڕان


ئامادەكردنی
فاخیر تەلانی
دیار ئەحمەد مەجید

## تەها ئەحمەد، مامۆستای زانكۆ



من هەمیشە لەگەڵ گۆڕانداەم و بە رای من پێویستە گەنج دەنگ بدات بە لیستی گۆڕان، چونكە ١٨ ساڵە ئێمە نەگۆڕین. بۆیە پێویستە بگۆڕێین، لە ١٨ ساڵی رابردوودا شتێك نەبینراوە كە پێی بوترێت گۆڕان. داوا دەكەم دەنگ بدەن بەلیستی گۆڕان، چونكە كەسانی ئەزموونداروو پاك و چاك ئەم لیستە دەبەن بەڕێوە

## حەسەن حەمە عەبدولڕەحمان، پێشمەرگەی دێرین



لەبەرئەوەی لەدوای (١٨)ساڵ نەتوانراوە خزمەت بە هاوڵاتییانی كوردستان بكەن، دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەم و بە هەموو تواناشمەوە كار بۆ سەركەوتنی دەكەم

## بەهادین ئەحمەد فەتاح قەرەچەتانی. فەرمانبەر




بەرنامەی لیستی گۆڕان لە خزمەتی هاوڵاتییاندایەو خزمەت بەهەموو چینو توێژەكان دەكات، بۆیە بڕیاردەدەم دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەم.

## كەمال محەمەد ئەحمەد




بۆیە دەنگدەدەم بەلیستی گۆڕان، چونكە لیستێكی گۆڕانكارەو ئومێدەوارم گەندڵی لەبن دەربهێنێت و دەسەڵاتی حكومەت لەدەست حیزب رزگار بكات.

## خەڵات قادر سەمین، كاسبكار



دەنگم لەگەڵ دەنگی گۆڕانە. بە گەنجان دەڵێم دەنگ بدەن بەلیستی گۆڕان، بۆ ئەوەی مافی گەنجان لەژێر دەستی دەسەڵاتە خۆسەپێنەكانی كوردستان دەربهێنێتو وەك خۆبەخشێك تا دوا هەناسەم كار بۆ لیستی گۆڕان دەكەم

## ئەمیر محەمەد ئەمین، ڕۆژنامەنووس



بەو مەفهومەی لە وشەی گۆڕان تێگەیشتووم، لیستی گۆڕان، گۆڕان بكات، منیش لەگەڵ گۆڕانـداەو دەنگی خۆشمی دەدەمێو بیروراشم لەگەڵ بیروڕایەتیو داواش دەكەم كە بەهەموومان گۆڕانكاریی بكەین لە ئەزموونی پڕ لە كەموكورتیی ١٨ ساڵەی ڕابردوودا


## سابیر ڕەسوڵ نەجیم تەلانی، كاسبكار



دانیشتووی شارۆچكەی پیرەمەگروون

من وەك خاوەنی (١٠) ئەنفالكراو، لەبەر ئەوەی وەك پێویست كار بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەكراوە، بەڵێن دەدەم دەنگ بدەم بەلیستی گۆڕان.

## عەبدوڵا قادر، كاسبكار



من وەك كاسبكارێك دەنگدەدەم بەلیستی گۆڕانو بیروڕای جیاواز، چونكە لە بەرژەوەندی هەموو تاكێكی كورددایە. داواشم لە لیستی گۆڕان ئەوەیە كە ڕێبازێكی نوێ بۆ بنبڕكردنی گەندڵی دابنێت كە ١٨ ساڵە ڕەگی داكوتاوە



## بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان:

# کۆمسیۆن ڕێوشوێنی توندی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر بەشەفافی بەڕێوە بچێت

سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێیوایە تەزویرکردن بووە بە خوویەک لەلای خەڵک، هەرکاتێک باسی هەڵبژاردن دەکرێت یەکسەر باسی تەزویرات دەکەن، بەبێ ئەوەی هەست بکات بەوەی سیستمێکی کۆمسیۆن هەیە ڕێگە نادات هەڵبژاردنەکان بە خراپی بڕوات بەڕێوە.

تایەر محەمەد ئەمین لەم چاوپێکەوتنەی بەرەوگۆڕاندا باس لە کارەکانی ئەوە لیژنەیە دەکات، کە تایبەتە بە چاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن و دەڵێت: «چاوپۆشی لە هیچ کەسێک ناکەین کە پێشێلکاریی بکات».

**بەرەوگۆڕان: کۆمسیۆن چ ئامادەباشییەکی تازەی کردووە بۆ سەروبەندی هەڵبژاردنەکان؟**

_ کارەکانی ئێستامان پێکدێت لە خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی دەنگدان، بۆ ئەمەش پێویستە ئۆفیسەکان دابەشکاری خۆیان بکەن و ناوەندەکانی دەنگدان و سندوق ئامادە بکەن، ئەمانەش پێویستی بە چاودێر هەیە کە ئەوانیش پێکدێن لە مامۆستاو یاساناس و مافپەروەران و هتد، ئێستا نزیکەی زیاتر لە (٤٥) هەزار فۆرممان دابەشکردووە.

**بەرەوگۆڕان: ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لەو کەسانەدا هەبن، یاخود چۆن دڵنیادەبن لەو کەسانە کە بێلایەنانە چاودێریی سەر سندوقەکان دەکەن؟**

_ بێگومان ئەوانەی کە دێنە لای ئێمە دەبێت بێ لایەنانە ئیش بکەن، مەسەلەی بێلایەنیش واتای کارکردنی بێلایەنانەیە، خۆی پرۆسەکە لەلایەن ئەو کەسانەوە چاودێریی دەکرێت کە بەشداری پرۆسەکە دەکەن، (٢٤) قەوارەی سیاسی کە چواریان ئیئتیلافن، کێبڕکێ لەسەر کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن، ئەوانەش چاودێریی خۆیان هەیە.

**بەرەوگۆڕان: هەندێ حیزبی سیاسی ڕێکخراویان هەیە لەژێر ناوی ڕێکخراوی مەدەنیدا، بێ گومان ئەمانەش نوێنەریان هەیە، ئایا چۆن لەمانە دڵنیا دەبن کە کار بۆ حیزبەکەیان ناکەن و تەزویرات و خروقات ناکەن؟**

گریمان ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەر بە حیزبێکەو تەزویر دەکات، چواردە هەزار کەس لەسەر سندوقەکانە، ئایا ئێمە هیچ ئامێرێکی وامان هەیە کە بۆمان دەربخات کە ئەو کەسانە سەر بە چ قەوارەیەکی سیاسین؟ بێ گومان شتی وانییە، تەزویرکردن بووە بەخوویەک لەلای خەڵک، هەرکاتێک باسی هەڵبژاردن دەکرێت یەکسەر باسی تەزویرات دەکەن، بەبێ ئەوەی هەست بکەن بەوەی سیستمێکی کۆمسیۆن هەیە ڕێگە نادات هەڵبژاردنەکان بەخراپی بڕوات بەڕێوە، گەورەترین گرەنتیش ئەوەیە کە نوێنەری قەوارە سیاسییەکان خۆیان بوونیان هەیە، ئیتر چۆن ڕێگە بەیەکتری دەدەن فەرمانبەرێک تەزویریان بۆ بکات.

**بەرەوگۆڕان: ئەی کۆمسیۆن چاودێرێکی سەرەکی دانەناوە بەسەر سەرجەم چاودێرەکانەوە؟**

نەخێر بەڵام لەژوورێکدا وێستگەیەکی دەنگدان هەیەو خەڵک ڕووی تێدەکات و پێنج تا شەش فەرمانبەری تێدایەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکانیش هەیە، ئیتر دەبێت ڕەوشی ژوورەکە چۆن بێت، کۆمسیۆن ڕێوشوێنی زۆر توندی گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر بەشەفافی بەڕێوە بچێت.

چاودێرانی نێودەوڵەتیش لە مەیدانەکەدان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش بانگهێشتنامەی ناردووە بۆ هەر ڕێکخراوێکی دەرەوەی عێراق کە دەیانەوێت بێن و چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن.

**بەرەوگۆڕان: ئێمە باسمان لە بێلایەنی هەندێ لە چاودێرەکانی سەر سندوقەکانی دەنگدان کرد، بەڵام هەندێ لایەن گومان لەسەر بێ لایەنی بەرپرسەکانی خودی کۆمسیۆن دەکەن، ئایا وەڵامی کۆمسیۆن چییە لەو ڕووەوە؟**

هەرکەس ئازادە چۆن دەربارەی کۆمسیۆن بیردەکاتەوە، بەڵام ئەگەر کارەکە بگاتە ئەوەی کە تەشهیر بە کۆمسیۆن بکرێت و تاوانبار بکرێت، ئەوا کۆمسیۆنیش بەپێی یاسا ڕێوشوێن دەگرێتە بەرو ئەگەر ئەو لایەنەی کە تەشهیرەکە دەکات نەتوانێت بیسەلمێنێت دەکەونە بەردەم یاسای پەرلەمانەوە.

**بەرەوگۆڕان: لیستی هیوا خۆپیشاندانیان کردو هاتنە بەردەم ئۆفیسی سلێمانی، ئایا گومان دەکەیت مافیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

کۆمسیۆن خۆی یاسا دەرناکات لە بەردەم ڕۆشنایی یاساکاندا کار دەکات، هەر قەوارەیەکیش لەگەڵ ئەو یاسایانەدا یەک نەگرێتەوە ڕەت دەکرێتەوە، کاتێکیش ڕەتی دەکاتەوە مافی تانە لێدانیشی پێ دەدات، دەتوانێت بچێتە بەردەم دادگاو داوای مافی خۆی بکات، لیستی هیوا بەڕێپێوانێک هاتنە بەردەم ئۆفیسی سلێمانی و ئێمەش چووینە پێشوازی کردنیان، بەڵام ئەوان لەبەرامبەر ئەو پێشوازیی و بەدەمەوە چوونەدا چەپکە گوڵێکی ڕەشیان پێشکەشی کۆمسیۆن کرد.

**بەرەوگۆڕان: ئەو شتانە چین کە سزادانی قەوارەیەکی سیاسی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێ قەوارەی سیاسی پێش وادەی یاسایی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان کرد، کەچی کۆمسیۆن سزای نەدان، بۆچی؟**

بنەمای سلوک هەیە، یەکەم دەبێت ئەو قەوارەیە ئیمزای لەسەر بکات و ئەو کارانە ئەنجام نەدات، واتە خۆی خۆی پابەندکردووە بەوەی کە خروقات ئەنجام نەدات، دووەمیش یاسای پەرلەمان هەیە، ئەمیش لە مادەی (٥٧) کە یاسای تاوانی هەڵبژاردنە، ئەویش خروقاتەکانی دیاری کردووەو سزای بۆ داناوە، هەر لە سزای مادییەوە بۆ بەندکردن و متمانە لێسەندنەوەو سووتاندنی دەنگەکانی لە ناوەندێکی دەنگداندا کە ئەگەر خروقاتی لەوێدا کردبێت.

شتێکی دیکەیش هەیە کە ئێمە سیستمێکمان هەیە بانگەشەی قەوارە سیاسییەکان ڕێکدەخات، بۆ نموونە ئەو شوێنانەی کە شارەوانی ڕێگەی پێنادات، دەبێت قەوارە سیاسییەکان پابەندبن پێوەی، جگە لەمانەش بەپێی بنەماکانی سلوک لە لای ئێمە هەندێ شوێن هەر لە بنەڕەتەوە قەدەغەیە کە بانگەشەی لێوە بکرێت، وەکو دامەزراوەکانی حکومەت.

**بەرەوگۆڕان: بەڵام ئەمانەمان لە هەندێ شوێن بینی، کەچی کۆمسیۆن سزای ئەو لایەنانەی نەدا؟**

ئاخر خۆت دەزانیت کۆمسیۆن لە چ کاتێکدا کارەکانی زۆر خەست دەبێتەوە، بەڵام ئێستا لیژنەیەکمان هەیەو دەگەڕێت تاکو بزانین لە چ شوێنێکدا نایاسایی کراوە، ئێمە دەقیقەو سەعاتەکەی تۆمار دەکەین و ڕەسمی دەگرین و پەیوەندی پێوە دەکەین و دەڵێین هێشتا وادەی هەڵبژاردن نەهاتووەو ئەو کارەی ئێوە نایاساییەو بڕۆ ئەو دیوارە ڕەش بکەرەوە، بەڵام ئەگەر نەیکات ئەوە دەیسەلمێنێت کە ئەو قەوارە سیاسییە خۆی هەستاوە بەو کارە، ئەوکاتەش ئێمە دووبارە دەچین ئاگاداری دەکەینەوەو لەگەڵ نووسراوێکدا دەینێرین بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەغدا.

**بەرەوگۆڕان: تا ئێستا چەند کاری لەو جۆرەتان کردووەو کێ بوون؟**

ئێمە ناتوانین بڵێین چەندو چۆن و کێن، بەڵام ئەو لیژنەیەی ئێمە بە بەردەوامی دەگەڕێن هەتاوەکو کۆتایی هەڵبژاردنەکان، بەپێی توانای خۆشمان لە هەرشوێنێک سەرپێچی بکرێت لیژنەکەی ئێمە دەچێت.

**بەرەوگۆڕان: بڕیارە دەستووری هەرێمی کوردستان تێپەڕێنرێت و هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، ڕاپرسی لەسەر ئەو دەستوورەش بکرێت، ئایا ئەمە دەگونجێت و یاساییشە؟**

ئێمە بەشێوەیەکی فەرمی هیچ شتێکمان بۆ نەهاتووە، بەڵام ئەگەر پەرلەمان نیازی شتێکی وای هەبێت، دەبێت داواکارییەک پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکات و کۆمسیۆنیش پێداچوونەوە دەکات کە ئایا لە ڕووی پراکتیکییەوە دەکرێت یان نا.

بەڵام کە چەند پرۆسەیەک دەخرێتە یەک ڕێکەوتەوە، بۆ نموونە بۆ ئەو دوو هەڵبژاردنە پێویستت بە دوو دەقیقە هەیە بۆ نەفەرێک، ئەوکاتە بۆ سێ دەنگدان پێویستت بەسێ دەقیقە هەیە، دەبێت بزانرێت ئایا ئەم شێوەیە دەکرێت یان نا.

**بەرەوگۆڕان: سەبارەت بە تازەکردنەوەی وادەی بەسەرچووی پەرلەمان و درێژکردنەوەی تەمەنەکەی تاکو هەڵبژاردنەکان، پەرلەمان پاساوی ئەوەی هەیە، کە کۆمسیۆن نەیتوانی لەو وادەیەدا هەڵبژاردنەکان بکات کە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لێ کردبوو، ئایا ئەم پاساوەی ئەوان دروستە؟**

کۆمسیۆن پێویستی بەکات هەبوو، کاتێک چێکی خۆی کرد بینی کە پێویستی بە (٩٠) ڕۆژ هەبوو، ئەوەشمان لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوکردەوە، کە ئێمە ناتوانین لە (٥/١٩)دا هەڵبژاردنەکان بکەین.

**بەرەوگۆڕان: ئایا کۆمسیۆن پێشبینی هیچ گیروگرفت و پێکهەڵپڕژانێک دەکات لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا؟**

ئەوەی ئێمە پێشبینی دەکەین ئەوەیە، کە جۆرەوشیارییەک لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، چونکە کاتێک هەڵبژاردن لە هەرێمدا کراوە ئەسڵەن لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا نەکراوە، بۆیە من زیاتر پێشبینی باشەی هەڵبژاردنەکە دەکەم و پێموایە بە شێوەیەکی باش بە ڕێوە دەچێت.

**بەرەوگۆڕان: ئایا ئێوە هیچ تێبینییەکتان لەسەر لایەنێکی دیاریکراو هەیە کە پێتانوابێت خروقات دەکات؟**

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت شتێکی وانەبووە کە خروقاتی گەورە کرابێت، ئەگەر لە شوێنێکیش شتێک کرابێت وەکو هەڵواسینی لافیتەیەک یان شتێکی لەو جۆرە، ئێمە ئاگاداری لایەنە سیاسییەکەیمان کردووەتەوە، بەڵام شتێکی وانەبووە کە لەبەردەم کارەکانی ئێمە ئاستەنگ دروست بکەن.



> **لە لای ئێمە بەپێی بنەماکانی سلوک هەندێ شوێن هەر لە بنەڕەتەوە قەدەغەیە کە بانگەشەی لێوە بکرێت، وەکو دامەزراوەکانی حکومەت**

> **هەرکاتێک باسی هەڵبژاردن دەکرێت یەکسەر باسی تەزویرات دەکەن، بەبێ ئەوەی هەست بکەن بەوەی سیستمێکی کۆمسیۆن هەیە ڕێگە نادات هەڵبژاردنەکان بەخراپی بڕوات بەڕێوە، گەورەترین گرەنتیش ئەوەیە کە نوێنەری قەوارە سیاسییەکان خۆیان بوونیان هەیە، ئیتر چۆن ڕێگە بەیەکتری دەدەن فەرمانبەرێک تەزویریان بۆ بکات**

# وا خۆرهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە (گۆڕان)ی من رووبارێکەو خەمی گەورەی وڵاتەکەم دەشواتەوە

خەندان محەمەد جەزا سەرپاچ*



من دوور لە فیکرو دوور لە نووسین، بەدەر لە توێژینەوەو زانست.. لە خەمێکی منالیمەوە، زۆر دەمێکە لە یادمە.. یەکەم ساتو یەکەم چرکەی راپەڕینم بیرە، زۆرباش دەزانم کە ژمارەی پێشمەرگە پلنگ ئاساو ماندونەناسەکان چەند بوون، لە گۆیژەوە هاتنە خوارێ وەک خۆری بەیانیان شاریان بە جۆرێکی دیکە رووناککردەوە.. چەپلەو شەرە پەڕۆو دەنگدانو پەرلەمانو پەنجا بە پەنجاو شەڕی ناوخۆو یەکگرتنەوەو چلو نۆ بە پەنجاشم باش باش بیرە.. یەک لەدوای یەکی هەڵبژاردنەکانیشم بیرە.. پڕوپاگەندەی درۆو دەمانچە دابەشکردنو دەرئەنجامەکانیش روونن.. لە دوو هەڵبژاردنیشدا چاودێربوومو دەیان بنکەی دەنگدانم بەسەرکردووەتەوە.

کەسێک نییە لە ئێمە بە کەسانی لایەنداروبێلایەنەوە بەدەست گەندەڵیەوە نەمان نالاندبێت، تەنانەت بەرپرسەکان کاتێک خۆشیان گەندەڵییان دەکرد بە دەست گەندەڵێکی گەورەترەوە دەیانناڵاند.. کەسمان نییە لە خەمساردی ئەم دوو حیزبەی مارەبڕاو لە یەکدیو لە حکومەت بێزار نەبێت.. هەر لە رۆژی ناوکبڕینیەوە کە راپەڕین بوو تا گرۆگاڵو سەرپێکەوتنو دارەدارەوئەمڕۆشی لەسەر بێت (١٨) ساڵە ئەوان رەنجمان بەبا دەدەنو سیخوڕمەمان تێوە دەژەنن، ئێمەش (١٨) ساڵە دەبۆڵێنین، هاوارمانە، مان دەگرین، مۆنۆمێنت دەسووتێنین، بازاڕو دوکان دادەخەین، بەرەو هەندەران هەڵدێین، خۆمان دەسووتێنین، گلەیی لای دۆستو دراوسێ دەکەین.. کەچی نە دوو حیزبە هەوێکەو نە حیزبە بەسیغە مارەبڕاوەکانیش بۆ یەک جاریش هەنگاوێکی جدییان نەنا.

من ئاسۆیەکی گەورە لە لیستی گۆڕان بەدی دەکەمو دڵنیام سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەو دەلیلەی: لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا جگە لە بەڵێنو بەسەرچاو هیچی دیکەمان نەدی.. یەکێک دەیوت: شار دەکەم بە دوبەی، ئەویتر شەقامی دەکردە ئۆتۆبانو بێکاری قەلاچۆ دەکرد.. وڵاتیان دەکردە چراخانو بۆری غازو نەوتیش وەک ئێرانی دراوسێمان لە پاڵ بۆری ئاوی گەرمو ساردا هەر بە مەرکەزی دەهاتو دەچوو.. باڵیان بۆ بێبال درووست دەکردو پاسیان بەقیتار کرد.. هەر مەپرسە لەو ئەوروپاو رۆژئاوایە خەڵک بەلێشاو دەگەڕانەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان. بەڵام ئەمجارە بە تەنیا بە دروستبوونی لیستێکی جیاواز، بەس بە تەنیا بە دروست بوونی، هەمووومان جیاوازییەکان دەبینین.. خەریکە لە ترساندا بەڵێنەکانیان پێ دەگرێت.. خەریکە لەترساندا دەکەونە هەڵەی یەک لەدوا یەکو دژ بە ستراتیژی خۆیان کاردەکەن.. هۆ خەڵکی کوردستان ئاگاتان لێیە رۆژانە بەلێشاو خەڵک دادەمەزرێنن، لە پرێکدا بەیانی هەڵدەستینو شەقامەکان قیرکراون، پڕۆژەکان بە مەبدەئی فاست فوود جێبەجێ دەکرێن.. گەرمیانی بەدبەختی زەرد هەڵگەڕاو لە وشکایی بەسەر دەکرێتەوە، بەڵام بەرپرسەکانی ئاگایان لە کۆمپانیاکانی نەوت نییە.. هەڵەبجە سەرو ریشی بۆیاخ دەکرێتو سلێمانی سەنتەری ژنپارێزی بۆ دروست دەکرێت، ئەوە لە هەولێر هەر مەپرسە چ باسە شەقامە سەرەکیەکانی بەردەم هاتوچۆی میوانەکان بۆتە دوبەیو یەک کۆڵان ئەودیوتری ژیانی شەستەکان زۆر باشتر بوو. کارەبا زیادیکردووە چراو فانۆس کەمبوونەوە، خوێندنگە دروست دەکرێت، سەیارە دابەش دەکرێت.. بکوژی ژنان هەڵدەواسن، لێپرسینەوە لە کۆمپانیا گەندەڵەکان دەکەن.. ئێستا دادگا هەیەو هەر لەسەرۆکی حکومەتەوە تا وەزارەتی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بۆ راپۆرتەکەی ئەمنستی دەکەن، سەرۆکو وەزیرو دەستو پێوەند هەمووی دەوام دەکاتو لەمەش خۆشتر شەوانیش هەر خەریکی ئیشن... هەی هوو هەی هوو جا چی ناکرێت..

لە راستیدا دەبێت خەڵکی کوردستان بە ئەندامانی هەموو حیزبەکانیشەوە تا ماون دوعای خێر بۆ لیستی گۆڕان بکەن، ئەگەر ئەو لیستە جیاوازە نەخولقایە دەبوو هەر بەتەمابین لیستە کۆنەکان لە گرۆگاڵ دەرچنو پێ بگرن خەڵکیش چاوەڕوانی بەڵێنە ناڕاستەکان بێت..لیستی گۆڕان بۆ مێژوو سەلماندی میللەتی هۆشیار نابێت هەر چاوەڕوان بێتو دەبێت هەنگاو بنێتو خۆی رێکبخات لە دەوری کەسانێکی خاوەن بیروڕاو خاوەن هەڵوێست بۆ ئەوەی کۆتایی بە قۆناغێکی دیکەی تاریکی چەوساندنەوە بهێنێت.

سەرکەوتن هەر ئەوەندە نییە گۆڕان چەند کورسی بەدەست دەهێنێت، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم لیستە لە ئێستاوە وەک رووناکی بەرەبەیان دیارە.. گۆڕانێک لەو دوو مانگەدا ناخی پیرولاوی هەژاندووە، سەرهەڵدانێکی دیکە بەدی دەکەین، خزمەتگوزاری زیادی کردووە.. هاوکاری خەڵکو ئاوڕدانەوە لە کێشەی هاوڵاتی باشتر بووە. ئەمەش گەورەترین سەروەریە بۆ لیستی گۆڕان، خۆ ئەگەر بێتو بەر لە چوار ساڵی پێشوودا گۆڕان لەدایک ببوایە، ئێستا بستێ خاکی کوردستان بە خاپووری نەدەما، گوندەکان ئاوەدانترو هەزاران گەنج وڵاتیان جێ نەدەهێشتو قوتابخانەی نێوتەویلەکانیش دەبوونە نموونەیی، بە هەزاران ماڵ نەدەکرایە خانەی لەشفرۆشیو مەگەر زۆر کەم ئەگەر نا، نا ئاسوودەیی دەگمەن دەبوو. ئێستاش لیستی گۆڕان نەبێت هەر دەبێت لەگەڵ هاوزمانو هاوماڵو هاو خەمەکانمان بڵێین برامان برایيو کیسەکەی یەکێتیو پارتیش بەجیایی.

*

**- نوسەری کتێبی ئۆقیانوسێک لە تاوان**

**- پسپۆر لە بواری کۆمەڵایەتیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

## زانیاریو ناونیشانی بنکەو نوێنەرەکانی لیستی گۆڕان لە هەرێمی کوردستان




پیشەوەرەکانیش دەنگیان بۆ گۆڕانە

فۆتۆ: ناسێح عەلی خەیات

| ژ. مۆبایل | سنووری گەڕەکەکان | |
| --- | --- | --- |
| ٠٧٧٠١٥٢١٦٠١<br>٠٧٧٠١٥٢٨٥٥٠ | سەرچنار + گردی سەرچنار + شەکرەکە + قلیاسان شەهیدانی سەرچنار | بنکەی ١ی سەرچنار<br>پشت تەجنیدی کۆن |
| ٠٧٧٠٣٦٧٠٩٢٤ | سەرووەری + فەرمانبەران + کانی کوردە + کانی سپیکە تاڤگە + زەرگەتەی کۆن + هەواری شار | بنکەی ٢ی سەرووەری<br>پشتی ئاڵتون |
| ٠٧٧٠١٥٢٢٤٠٣ | کوردسات + ڕازاوە + کەڵکن + دۆڵەڕوت | بنکەی ٢<br>نزیك مزگەوتی فیردەوس |
| ٠٧٧٠١٥٣١٧٠٨ | شێروانە + بەختیاری کۆنو بەختیاری تازە ڕزگاری ١ = ٢ | بنکەی ٣ بەختیاری<br>بەڕامبەر ڕۆژنامەی ڕۆژنامە |
| ٠٧٧٠١٥٤٧٨٣٩ | زەرگەتە + بادینان + بێسارانی | بنکەی ٣<br>شەقامی سەرەکی شەهیدان |
| ٠٧٧٠١٥١٤٠٥١<br>٠٧٧٠١٥٣٤٩٦١ | کارێزەوشك ١و٢ + سورێن + شێخان + دەباشان مامۆستایان | بنکەی ٤ی کارێزەوشك<br>نزیك بازاڕەکە |
| ٠٧٧٠١٩١٤٧٤٠<br>٠٧٧٠٣٦٤٠٢٨٥ | مەجیدبەگ ١و٢ + ئەزمڕ + هەواری تازە + سلێمانی تازە گردی جۆگە | بنکەی ٥ی مەجیدبەگ<br>نزیك شوێنی وەستانی پاسەکان |
| ٠٧٧٠١٥٣٥٢١٢ | هەوارە بەرزە + توی مەلیك ١و٢ + غەلی کەمال | بنکەی ٥<br>خوار ئامادەیی جەمال تاهیر |
| ٠٧٧٠١٥٧٠٦٢٠ | ئازادی + شەهیدان + ئیسلاح + گۆیژەی تازە ئیبراهیم ئەحمەد | بنکەی ٥<br>نزیك بازاڕی ئازادی |
| ٠٧٧٠١٣٩٠٩٩٧ | دارۆغا + گۆیژە + مەڵکەندی | بنکەی ٦<br>ئیبراهیم پاشا نزیك مزگەوتی سەلاحەدین |
| ٠٧٧٠١٤٧٢٩٢٦<br>٠٧٧٠١٥٣٣٤٧٣ | مامەیارە + سەیوان + ڕۆژهەڵاتی ١و٢ + هۆمەرە کوێر | بنکەی ٧ی مامەیارە<br>تەنیشت ئامادەیی سلێمانی کچان |
| ٠٧٧٠١٥٨٣٦٦٧ | ئیبراهیم ئەحمەد + زێڕنۆك + قرگە | بنکەی ٧<br>بەرامبەر نەخۆشخانەی هیوا |
| ٠٧٧٠١٥٢٧١٣٧ | وەیس + چوارباخ + شارەوانی + جولەکان سەرشەقام دەرگەزێن | بنکەی ٨ی چوارباخ<br>بەرامبەر یاریگای سلێمانی |
| ٠٧٧٠١٤٦٩٠٩٧ | خەبات ١و٢ + زمناکۆ + تانجەرۆ + وڵوبە + حاجیاوا | بنکەی ٨<br>بەرامبەر ناوەندی خەبات |
| ٠٧٧٠١٥٢٥٦٦٠<br>٠٧٧٠١٥٣٢٩٦١ | شێخ محێدین + ئابلاخ + قالاوا + موشیر ئاوا شێخ فەتاح + کارەباکە | بنکەی ٩ی شێخ محێدین<br>نزیك مزگەوتی ڕەشید |
| ٠٧٧٠١٥٣٥٨٢٨ | چوارچرا + کەنەسوورە + ئاوبارە + کانی گۆمە | بنکەی ٩<br>بەرامبەر کۆلێژی تەکنیکی |
| ٠٧٧٠١٥٢٠٣٤٥<br>٠٧٧٠١٥٨٤٤٨٩ | شۆڕش + ئاشتی ١و٢ + بەرانان + رعایە + گردی ئەندازیاران | بنکەی ١٠ی ئاشتی<br>بەرامبەر ناوەندی گزنگ |
| ٠٧٧٠١٩٦٣٧٧٧ | سابونکەران+ سورێن + پیرمەسور + مەڵکەندی | بنکەی ناوبازاڕ |

بەرەو گۆڕان

پاشکۆیەکی رۆژانەیە

لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان

سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە

٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩

هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی

# لیستی گۆڕان

ئەڵقەی دووەم

## ٢. تەوەری سیاسیی:

### ٢.١. ئامانجە نیشتمانییەکان:

پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز، کە بەرگەی هەڕەشە دەرەکییەکان بگرێت، بە ئازادکردنی تاکو چەسپاندنی سیستمی دیموکراتی لە ناوخۆدا دەستپێدەکات. نەتەوەی ئازاد بەرهەمی مرۆڤە ئازادەکانە، ئەوانەی ئازادانە بیردەکەنەوەو ئازادانە بڕیار دەدەن. تا بڕی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازادییو دادپەروەریی لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتربێت، پەیکەری کۆمەڵایەتیو قەوارەی نیشتمانی بەهێزترەو توانای بەرەنگاربوونەوەی زیاترە.

دەمێکە لە جیهانی شارستانیدا، جادووی ئەو تیۆریا فاشیستە بەتاڵبووەتەوە کە دەڵێت بنیاتنانی قەوارەی نیشتمانی پێویستی بە دواخستنی دیموکراسیو لەقاڵبدانی ئازادییەکانە. ئەو ئەفسانە کلاسیکییەش لە بنەوە هەڵتەکیوە کە پێیوایە بڕیاری چارەنووسساز دەرهاویشتەی ژوورە داخراوو ڕێککەوتنە نارۆشنو ژێر بەژێرەکانە. مێژووی جیهانی شارستانی وانەیەکی بەهادارمان فێردەکات، کاتێک دەڵێت تەنیا ئەو نەتەوەو قەوارانە سەرکەوتنی گەورە بەدەستدەهێنن کە لە ساتەوەختی قەیرانیشدا، هەروەک ساتەوەختی ئارامیی، ژیانی دیموکراتیو پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا دەپارێزنو گواستنەوەی بەرپرسیارێتیی نێوان نەوەکان دەستەبەر دەکەن.

وەفاداریی بۆ رەنجو قوربانیدانو گیانبەخشینی گەلەکەمان لە مێژووی دوورو نزیکدا، ئەوە دەخوازێت کە بەری ئەو رەنجو قوربانیدان وگیانبەخشینە، بەیەکسانی، بەسەر هەموو هاوڵاتییانی کوردستاندا دابەش بکرێتو هیچ کەسو لایەنێک بۆی نەبێت بەتەنیا خۆی بکاتە خاوەنیان. پاوانکردنی بەرهەمی سەروەرییەکانی رابردوو، پاوانکردنی پیرۆزییەکانی گەلەکەمان، لەلایەن هەر هێزو کەسو خێزانو بنەماڵەیەکەوە بێت، دژی سەرەتاکانی دیموکراسیو ئەلفبێی هاوڵاتیبوونو نیشتمانپەروەرییە. ئەم لیستە، لەڕێگەی گوشاری پەرلەمانیو یاساییو مەدەنییەوە، بەرپەرچی هەر جۆرە پاوانکارییەکی لەوجۆرە دەداتەوە، لەسەر بنەمای ئەو راستییەی کە هەموو هاوڵاتییان، هەموو نەوەکان، بڕێک لە پریشکی سەروەرییەکانو بڕێک لە بەرپرسیارێتیی هەڵەکانی رابردوویان بەردەکەوێت.

کۆمەڵگەی کوردی مێژوویەکی تاڵی هەیە لەگەڵ نەریتی پاوانکردنی نیشتمانپەروەرییو بەشینەوەی خیانەتو تۆمەت لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا، ئەم نەریتە هۆکاری سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بووە، هۆکاری پێکدادانی نێوان ئەو پارتو هێزانە بووە کە ئاسایشی نەتەوەییو ئاسایشی حزبییان تێکەڵکردووە، هۆکاری لێکترازانی پەیکەری کۆمەڵایەتیو لاوازبوونی هوشیاریی نیشتمانیی بووە. لیستی گۆڕان پێشنیازی چارەسەرێکی دیموکراتیانە دەکات بۆ ئەم گرفتەو بۆ بەرگرتنی پێشوەخت لە پاشهاتە ترسناکەکانی، پێشنیاز دەکات گوتاری پاوانکردنی نیشتمانپەروەرییو بەشینەوەی تۆمەتی خیانەت، لەلایەن هەر کەسو هێزو لایەنەکەوە بێت، بەیاسا تەحریم بکرێت. دەبێت پەرلەمان تاکە مەرجەعی نیشتمانییو یاسایی بێت بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە گشتییە هەستیارەکان، لە بابەتی چارەنووسی سیاسیی، ئاسایشی نەتەوەیی، پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا، پەیوەندیی نێوان هەرێمو وڵاتانی دراوسێو جیهانی دەرەوە بەگشتی. لیستی گۆڕان بڕوای وایە جگە لە پەرلەمان، دەبێت هاوڵاتییانو رای گشتییو هێزە نەیارەکانیش لە پرسە هەستیارەکان ئاگادار بکرێنەوەو بەشدارییان پێبکرێت لە هەڵبژاردنی دروستترینو شیاوترین ڕێگەدا، کە ئینتمایەکی هاوبەشی هەمووان بۆ نیشتمانەکەیان دروستبکات.

لیستی گۆڕان هوشیارە لەئاست ئەو پەیوەندییە تێکڕژاوو ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە وڵاتانی دراوسێوە، لەئاست ئەو واقیعە جیۆپۆلەتیکییەی کە هەرێمی کوردستانی خستووەتە بەردەم دوو ئەرکی جیاواز، لەلایەکەوە دەبێت پابەندی خزمایەتییو هاوسۆزی نەتەوەیی بێت لەگەڵ گەلی کوردی دابەشبوو بەسەر ئەو وڵاتانەدا، لەلایەکیشەوە دەبێت وەک هەرێمێکی سەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ، پابەندی یاسا نێودەولەتییەکان بێتو ڕێز لە سنوورو سەروەریی ئەو وڵاتانە بگرێت. بۆ دەربازبوون لەم کێشەیە، لیستی گۆڕان بڕوای وایە گەشەدان بە دامودەزگا دیموکراتو سیاسییو کولتوورییو نیشتمانییەکانی ناوخۆی هەرێم، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای هاوسێیەتی هاوبەشو بەرژەوەندیی هاوبەش، دوور لە بەکارهێنانی زمانی رووپامایی ساختە یان هەڕەشەو دروستکردنی گوشاری وەهمیی، زەمانەتێکی سیاسییو یاساییە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ئاشتیخوازیی قەوارەی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا ئیلهام دەبەخشێتە کوردانی ئەو وڵاتانە تا خەباتی دیموکراتی، دوور لە توندوتیژییو زمانی چەک، لەپێناو هاتنەدیی ئامانجەکانیاندا پێڕەوبکەن بەوجۆرەی خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەنو لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکانیاندا لەسەری ڕێکدەکەون، بێئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی دەستێوەردانو بڕیاردانی لەوبارەیەوە هەبێت.

٢. ١. ١. ناونانی ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندییە باڵاکان بەشێوەیەکی رۆشن (شەفاف) لە پەرلەمانو دەزگا فەرمییەکاندا، دوور لە زمانی موزایەدەو پاوانکردنی بەها نیشتمانییەکان، دوور لە گوێڕایەڵیی بەرتەسک بۆ تاکە سەرکردە، تاکە حزب، تاکە گروپو تاکە بیروباوەڕ.

٢. ١. ٢. کوردستانیبوون پێناسێکە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دامەزراوە، هەموو دانیشتووان دەگرێتەوە، سەر بە هەر نەتەوە ئاینو مەزهەبو بیروباوەڕێکی سیاسییو ناسیاسیی بن.

٢. ١. ٣. بەرپەرچدانەوەی هەر گوتارو رەفتارو ئاکارێکی شۆڤێنیو ناشارستانیی دەرهەق بە تورکمان، عەرەب، کلدۆئاشووریو هاوڵاتییانی سەر بە نەتەوەو ئاینەکانی دیکە لە کوردستاندا.

٢. ١. ٤. سەلماندنی مافە سیاسییو کارگێڕییو کولتوورییو پەروەردەییەکانی تورکمان، عەرەبو کلدۆئاشوورییەکان، دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بە زمانی دایک بۆ منداڵو نەوە نوێیەکانیان.

٢. ١. ٥. پەرەدان بە فەرهەنگی لێبووردەیی، پێکەوەژیانو گفتوگۆی ئاشتیانە لەنێوان هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، لەنێوان ناسیۆنالیستو چەپو ئیسلامیو لیبراڵو دیموکراتەکاندا، لەنێوان کوردو تورکمانو عەرەبو کلدۆئاشووریدا، لەنێوان مسولمانو مەسیحییو ئێزدیو شەبەکدا، لەنێوان شیعەو سوننەدا، لەنێوان گروپە مەدەنیو رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا، لەنێوان خاوەن بیروباوەڕە بەکۆمەڵەکانو خاوەن بیروباوەڕە فیکریو دنیاییو شەخسییە تایبەتەکاندا.

٢. ١. ٦. بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو بڕیارو دیاردەو ئاکارانەی کە رۆحی نیشتمانپەروەریی لاوازدەکەن، وەک تاکڕەویی لە دەسەڵاتدا، نارۆشنی لە وەرگرتنی بڕیاری چارەنوسسازدا، ناوچەگەریی، خێڵگەریی، گەندەڵی، بێدادیی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانیو پۆستو بەرکەوتی هاوڵاتییاندا، لەنێوان بەرکەوتی شارو شارۆچکەو گوندو ناوچە جیاوازەکاندا.

٢. ١. ٧. بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو بڕیارو دیاردەو ئاکارانەی کە جیاکاریی لەنێوان هاوڵاتییانی کوردستاندا دروستدەکەن، وەک جیاکاری لەسەر بنەمای سیاسیی، حزبی، پێشینی شۆڕشگێڕیی، ناوچەیی، ئایینی، مەزهەبی، دەولەمەندو هەژار، گوندییو شاریی، نێرو مێ، هاوڵاتییانی ناخۆو رەوەندی هەندەران، نەوەی کۆنو نەوەی نوێ.

٢. ١. ٨. پابەندبوون بە هەر بڕیارێکی نیشتمانییەوە کە کۆی هێزە کوردستانییەکانو نوێنەرانی گەل لەسەری ڕێکدەکەون لەئاست کێشە چارەنووسسازەکاندا.

٢. ١. ٩. دەستوەرنەدان لەو ڕێککەوتنو لێکگەیشتنانەی کە لەنێوان هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندا پێشتر، بەدوو قۆڵی یان چەند قۆڵی، هەبوون، یان پاشتر دێنە ئاراوە.

٢. ١. ١٠. ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنو گرێبەستەکانی پێشووتری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا. پێداچوونەوەبەو ڕێککەوتنو گرێبەستانەدا کاتێک بەرژەوەندیی گشتیی دەیخوازێت، لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراقو یاسا پەیوەندیدارەکانو رەزامەندیی زۆرینەی نوێنەرانی گەل.

٢. ١. ١١. پەیوەندییەکانی هەرێم بە دەرەوە لەسەر بنەمای رۆشنیی، لەڕێی کەناڵە یاساییو دەستوورییەکانەوە، بە رەزامەندیی پەرلەمانو ئاگاداریی رای گشتیی بنیات دەنرێن. یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا، جیاکردنەوەی گوتاری حزبیو دیدی شەخسیی سەرکردەکان لە گوتاری فەرمیی حکومەتی هەرێم.



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

کاسبکاران بە ئومێدی ئەوەن ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری لە ژیانیاندا دروست بکات

# دەنگم ویژدانمە نایفرۆشم

**مام ڕۆستەم:**

## دەنگم بۆ لیستی گۆڕانە، ئەو لیستەش وەک کەشتییەکەی نوح وایە هەرکەسێ دەستی پێوەبگرێت، غەرق نابێت






فۆتۆ: سامان بەشارەتی

گەنجانی هەولێر بە حەماسێکی زۆرەوە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەن